# هێنریك ئیبسن

## وەستا سوڵنێسی بیناساز

شانۆنامەیەك لە سێ دیمەندا

وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە:

هاودەم ساڵح جاف

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

**BYGMESTER SOLNESS**

**AF HENRIK IBSEN**

**KØBENHAVN**

**GYLDENDALSKE BOGHANDELS FORLAG (F.HEGEL & SØN)**

**GRÆBES BOG TRYKKERI**

**1892**

**This translation has been published with financial support of**

**NORLA**

**Henrik Ibsen dikt**

**De sat der, de to**

**هێنریک ئیبسن**

**ئەو دووانە لەوێدا دادەنیشتن.**

**هۆنینەوەی بەکوردی**

**هاودەم سالح جاف**

**De sad der, de to, i så lunt et hus**

**ved høst og i vinterdage.**

**Så brændte huset. Alt ligger i grus.**

**De to får i asken rage.**

**لەماڵێکی گەرم و خۆشا دادەنیشتن پیاو و ژنێ**

**ڕۆژانی پایز و زستان**

**پاشان ماڵە سووتا و بووە خاکەڕێ**

**لەو خاک و خۆڵەدا ئەو دووانە هەستان**

**For nede i den er et smykke gemt, –**

**et smykke, som aldrig kan brænde.**

**Og leder de trofast, hænder det nemt,**

**at det findes af ham eller hende.**

**لە قووڵای ناخدا گەوهەریک پەنهانە**

**گەوهەرێک، کە مەحاڵە ناسووتێ**

**بەگەڕانی دڵسۆزانە، دۆزینەوەی ئاسانە**

**جا چ ئەوی نێر بێ یان ئەوی مێ**

**Men finder de end, de brandlidte to,**

**det dyre, ildfaste smykke, –**

**aldrig hun finder sin brændte tro,**

**han aldrig sin brændte lykke.**

**بەڵام ئاخۆ ئەو ژن و پیاوە ماڵ سووتاوە**

**– دەی دۆزنەوە ئەو گەوهەرە بەهادارە لەئاگرا نەسووتاوە**

**مەحاڵە ئەو ژنە بڕوای سووتاوی ببینێتەوە**

**بەختەوەری ئەو پیاوەش سووتاوە هەرگیز نایدۆزێتەوە**

**پێشەکی**

**هاودەم ساڵح جاف**

ئیبسن لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا چەند درامایەکی گرنگ دەنووسێت. قارەمانی ئەم درامایانە بریتین لە کەسانی جێکەوتوو خاوەن ئەزموون و سەرکەوتوو لە ژیان و کار و پیشەیاندا. هاوکات ئەم کەسانە خاوەنی کەسایەتی و ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانن. بەڵام پاشان دەردەکەوێت ئەم کاراکتەرانە لە ڕاستیدا کەسانی تەنیا و خەمبار و لە هەموو ئەزموون و ڕەفتار و شێوەی ژیانی ئێستا و ڕابردوویان پەشیمانن. ئەم بەناو مرۆڤە سەرکەوتووانە پێیانوایە ئەوەی بە درێژایی ماوەی ژیانیان تا کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان لە دراماکەدا خەریکی بوون، هەمووی کارهایەکی بێ بنەما و لەسەر هیچ هەڵنراو بوون و ئەوە نەبووە ئەوان خۆیان ویستویانە.

یەکێک لەو درامایانە درامای "ڕوسمارشهۆڵم"ە، **ڕوسماری** قەشەی بە ناوبانگ و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی، دەست لەکاری قەشەیەتی هەڵدەگرێت پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێت ئەو خۆی باوەڕی بەوە نییە، کە بانگەشەی بۆ دەکات. لە "درامای کاتێك ئێمەی مردوو بەئاگا دێینەوە" کاراکتەری سەرەکی **ئارنۆڵد ڕۆبیک** هونەرمەندی شێوەکاری بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون و دەوڵەمەند و جێکەوتوو، لە بارودۆخێکی سەیر و سەمەرەدا لەگەڵ **ئیرێنە،** ئەو خانمەی لە ڕابردوودا وەک مۆدێل خۆی بۆ کارەکانی ئەو هونەرمەندە تەرخانکردووە، دووبارە لە چۆڵەوانییەکدا بەیەک دەگەنەوە، و باس لە هونەر و خەون و خۆشهیوایی ڕابردوویان دەکەن، کە بووە هۆی دارمانی تەواوی ژیانیان.

درامای "وەستا سوڵنێسی بیناساز" یش یەکێکی دیکەیە لەو چەند درامایە. دراماکە بەسەرهاتی وەستا **سوڵنێسی** بەنا دەگێڕێتەوە. وەستا **سوڵنێس** پیاوێکی سەرکەوتووە لە کاری بیناسازیدا، ئەگەرچی ئەو ئەندازیاری نەخوێندووە، وەلێ خۆی خۆی فێرکردووە و خۆی پێگەیاندووە و خاوەن ئەزموونێکی زۆرە و تەمەنێکی لە کارەکەیدا بەسەر بردووە و بە هۆیەوە ناوبانگی دەرکردووە و خاوەنی موڵک و ماڵ وپێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشە.

هەر لە بەشی یەکەمەوە دەردەکەوێت وەستا **سوڵنێس** ترسی لە گەنج و گەنجایەتی و نەوەی ئاینده هەیە. لەبەرئەوەش ڕێگە بە گەنجانێک نادات لەوانەی لەبەر دەستی خۆیدا کاردەکەن، تا لە کاری بیناسازیدا دەرکەوێ و تواناکانی خۆی بەکردەیی لەو بوارەدا پیشانبدات. هۆکاری ئەوەش تەنها خۆویستی **سوڵنێس** و ترسی لەدەست دانی پێگە و ناوبانگێتی لە کۆمەڵگەدا. لەیەکێك لە دیالۆگەکاندا سوڵنێس ڕاشکاوانە دەڵێت:

سوڵنێس

با پێتان بڵێم - من وام لێهاتووە زۆر دەترسم - زۆر زۆر لە گەنجێتی دەترسم. (بەشی یەکەم)

هاوکات **سوڵنێس** ئەویندار و کەمەندکێشی دوو خانمی گەنج دەبێت کایا و هیلدە. کایا بەڕاستی **سوڵنێسی** خۆش دەوێت، ئەما سوڵنێس بۆ مەرامی خۆی کایا دەخوازێت و بەکاریدەهێنێت. هەرچی هیلدەیە دەتوانێت ببێتە ئیلهامی خەونەکانی وەستا سوڵنێس بیناساز. چیرۆکی هیلدە و سوڵنێس دەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ پێش دەستپێکردنی دراماکە. بۆ ئەوکاتەی هیلدە کچێکی تەمەن سیازدە ساڵان بووە و بۆ تەماشای بەرزترین بورجی کەنیسەی ناوچەکەیان، لە قوتابخانەوە هێنراوە بۆ پێشوازی لە وەستا سوڵنێس، ئەو وەستایەیی بورجە بەرزەکەی دروستکردووە. لەوکاتەوە شتێک لە نێوان سوڵنێس و هیلدەی بچکۆلەدا ڕوویداوە، کە وا لە سوڵنێس دەکات لەو سەرگەرمی و نەشئەی هەست بەسەرکەوتنەی ئەو ڕۆژەدا بەڵێنێک بە هیلدە بدات و ماوەی دەساڵیش بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی دیاری دەکات. ئەوکاتەی هیلدەی گەنج و جوان لە دەرگای ماڵی وەستا سوڵنێسی بیناساز دەدات، دەساڵەکە کۆتایی هاتووە و کاتی ئەوە هاتووە سوڵنێس بەڵێنەکەی بەرێتە سەر. دوای گفتووگۆ و مشتومڕی نێوان هیلدە و سوڵنێس لەسەر ڕێکەوتنێکی نوێ ڕێدەکەون. ئینجا وەک ئاماژەمان بۆکرد سوڵنێس دەکەوێتە داوی ئەویندارێ هیلدەوە.

لە پاڵ ترس و ئەویندارێدا وەستا سوڵنێس هەم لەبەرامبەر سووتانی ماڵێک و هەم لە هەمبەر خەمباری بەردەوامی هاوسەرکەشیدا هەست بە تاوانباربوون دەکات . وەك پاشان دەردەکەوێت سوڵنێس تەواوی ئەوانی دیکە و خۆشی خستووەتە خزمەت هونەری بیناسازییەوە. ئیستاش لەم ساتەوەختەدا ئاوڕ دەداتەوە دەبینێت چۆن ژیانی خۆی بەهەدەر داوە و ژیانێکی ڕاست نەژیاوە. خواست و یستی **سوڵنێس** دروستکردنی بورج بووە و، کەچی دابراوە و هەتا ئیستا ئەم هەر خانووی دروستکردووە، بەو شێوەیە ئەو ژیانی بە شتێکەوە سەرفکردووە ئەوە نەبووە کە ئەم ویستوویەتی.

گەرچی دکتۆر هەرداڵ و هاوسەرکەی سوڵنێس **ئالینێ** خانم پێیانوایە، سوڵنێس نەخۆشە و دووچاری دەردێک هاتووە، بەڵام سوڵنێس خۆی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ باری دەروونی خۆی هەیە. بەلای سوڵنێسەوە مرۆڤ چەند خزمەتکار و یارمەتی دەرێکی هەیە لە ژیاندا بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون. ئەو خزمەتکارانەش پێویستە مرۆڤ خۆی بانگهێشتیان بکات و داوای یارمەتیان لێبکات، ئەگینا ئەوانە هەروا خۆیان لە خۆڕا نایەن بۆ یارمەتی دانی کەس. سوڵنێس ئەو خزمەتکارانە بە دێو ناو دەبات. لەلایەکی دیکەوە باسی ئەهەریمەنی قژزەرد و ئەهریمەنی قژڕەش دەکات و هەندێجاریش باسی خودی شەیتان لە مرۆڤدا دەکات. ئەمانە هەمووی لاپرەسەنی هیلدە زیاتر دەکەن بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە وەستا سوڵنێس و لێ ڕوانینی وەك ڕێنمایکەر و ڕابەرێکی متمانە پێکراو. ئێدی ئەوە لە ئاگایی هیلدەوەیە یان لە بێ ئاگاییەوە، زۆر ڕوون نییە، بەڵام ئەو خۆی لە هەموو ئەو ئاگادارکردنەوانە نەبان دەکات کە ئالینێی هاوسەری وەستا سوڵنێس لەبارەی تەندروستی هاوسەرەکەیەوە دەیدات.

هیلدە باوەڕناکات بەوەی سوڵنێس فۆبیایی ترس لە بەرزایی لەگەڵدایە و لەبەرزایدا تووشی سەرگێژخوارن دەبی، سەرباری چەختکردنەوەی ئالینێ لەو بابەتەش. لەبەرئەوەی ئەو خۆی جارێك لەجاران لە تەمەنی منداڵیدا ئەوی بە بەرزاییەوە بینیوە، ئێدی ئەوە بەلایەوە جێگەی باوەڕکردن نییە سوڵنێس ترسی لە بەرزایی هەبێت. تەنانەت گومانی هەیە لەوەی

سوڵنێس نەخۆش بێت وەک هاوسەرەکەی دەڵێت. بەهەرحاڵ هیلدە ڤانگل کە هێجگار لە هیلدە ڤانگلەکەی خانمی دەریا [1] دەچێت، پێدەچێت خواستێکی دیکەی هەبێت.

ئیلهامی ئەم شانۆ نامەیە لە شیعرێکی هینریک ئیبسن خۆیەوە وەرگیراوە لەژێر ناونیشانی "ئەو دووانە لەوێدا دادەنیشتن" بەباشم زانی خودی ئەو هۆنراوەیەش بکەم بە کوردی و تێکستە ئەسڵەکەشی بە نەرویجی دابنێمەوە.

هاودەم ساڵح جاف

[1] خانمی دەریا، هینریک ئیبسن، وەرگێڕانی هاودەم ساڵح جاف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٣ یەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەم شنۆنامەیە کجیکی گەنجە و هەمان ناوی هەیە. وەرگێر

**کاراکتەرەکان**

**وەستا هالڤارد سوڵنێسی بیناساز**

**ئالینێ خانم، هاوسەری سوڵنێس**

**دکتۆر هارداڵ دکتۆری خێزانەکە**

**کنوت بڕۆڤیك، پێشان ئەندازیاری شارستانی، ئێستا یاریدەدەری سوڵنێس**

**ڕاگنار بڕۆڤیك، کوڕی کنوت بڕۆڤیگ، دیزاینەر و نەخشەساز**

**کایا فۆسلی، کچی خوشکی (کنوت بڕۆڤیگ)، ژمێریار**

**خاتوو هیلدە ڤانگێل**

**چەند ژنێك**

**ئاپۆڕەی خەڵك لەسەر شەقام**

**ڕووداوەکە لەماڵی وەستا سوڵنێسی بیناساز ڕوودەدات.**

## دیمەنی یەکەم

ژوورێکی کارتێداکردن لە ماڵەکەی وەستا سوڵنێسی بیناساز دا، کە بە کەلوپەلی هەرزان ڕێکخراوە . دەرگایەکی دووتاکی لەلای چەپەوە دەچێتەوە سەر ڕاڕەوێک. لەلای ڕاستەوە دەرگای چوونە نێو ژوورەکانی ناوەوەی ماڵەکە. لە دیواری دواوەدا دەرگایەکی کراوەی بۆ نێو ژووری نەخشە سازییەکە. لە پێشەوەی لای چەپدا مێزێك کتێب، کاغەز و کەرەسەی نووسینی لەسەرە. لەسەروی دەرگاکەوە ئاگردانێك. قەنەفەیەك و مێزێك و دوو کورسی لە سوچی دەستە ڕاستدا. سوراحی و پەرداخ لەسەر مێزەکەیە. مێزێکی بچکۆلەتر و کورسیەکی بزۆك و کورسییەکی قۆڵدار لە پێشەوەی لای ڕاستتدا. چراکانی سەر مێزەکەی لای ڕاست و سەر ئەو مێزەی کتێب و کاغەزەکانی لەسەرە، لە ژووری نەخشە سازییەکە، داگیرساون.

لە ژووری نەخشەسازییەکە **کنوت بڕۆڤیك** و **ڕاگناری** کوڕی دانیشتوون سەرقاڵی نەخشەسازی و پێوانن. بەتەنیشت مێزی نووسینەکەی ژووری کارکردنەکەشەوە **کایا فۆسیل** وەستاوە و، لە دەفتەرێکدا شت دەنووسێت. **کنوت بڕۆڤیك** پیاوێکی پیری باریکی سەروڕیش سپییە. جلێکی شڕۆڵەی لەبەردایە بەڵام بەسەر ئەو جلانەدا پاڵتۆیەکی تەنکی زۆر بەکارهێنراوی ڕەشی لەبەردایە. چاویلکەی لە چاودایە و دەسرێکی سپی هەندێك زەردبووی لە ملدایە. **ڕاگنار بڕۆڤیك** لە تەمەنی سی ساڵیدایە، جلەکانی بەری ڕێکوپێکن، قژی کاڵە، کەمێك بەرەو پێشەوە چەماوەتەوە. **کایا فۆسلی** کچێکی

گەنجی بیست ساڵانی بەژن ڕێک و باریکە، جلی گونجاوی پۆشیوە، بەڵام ڕەنگ و ڕوویەکی نەخۆشانەی هەیە. چاویلکەیەکی سەوزی بۆ چاوپاراستنی لە چاودایە. – هەموویان ماوەیەك بە بێدەنگی کاردەکەن.

**کنوت برۆڤیك** لەناکاو لەسەر مێزی نەخشەسازییەکە هەڵدەسێتە سەرپێ، وەك لە ترسا هەستا بێت وا، هەناسەی سوارە و بە زەحمەت هەناسە دەدات، لەو کاتەدا کە دەچێتە نێو دەرگاکراوەکەوە

نەخێر، لەوە زیاتر من بەرەگە ناگرم**!**

**کایا** دەچێت بۆلای

ئەم ئێوارەیە، حاڵت خراپە خاڵە؟

**برۆڤیك**

ئۆ، پێموایە، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت.

**ڕاگنار** هەستاوە و نزیکتر دەبێتەوە

باوکە، باشترە بچیتەوە بۆ ماڵەوە. هەوڵبدە کەمێك بخەویت –

**برۆڤیك** بێ سەبرانە

بچمە جێگەوە؟ دەتەوێت، بەتەواوەتی بخنکێم!

**کایا**

بەڵام بچۆ پیاسیەکی کورت بکە.

**ڕاگنار**

بەڵێ، وابکە. منیش لە گەڵت دێم.

**برۆڤیك** بە توندی

من ناڕۆم، هەتا ئەو نەیەت! ئەم ئێوارەیە دەمەوێت تەواو لەگەڵ ئەو – ( بە قینەوە لە ناخیدا) - لەگەڵ سەرکار دا قسە بکەم.

**کایا** بە ترسەوە

نا، خاڵە - پەلەمەکە چاوەڕێبکە!

**ڕاگنار**

بەڵێ، باشترە چاوەڕی بکەیت، باوکە!

**برۆڤیك** بە زەحمەت هەناسە هەڵدەکێشێت

هاهـ، - هاهـ -! من ڕەنگە کاتم نەبێت زۆر چاوەڕێ بکەم، من.

**کایا** گوێدەگرێت

هیش! ئەو لەخوارەوەیە لەسەر پلیکانەکان گوێم لێیەتی!

هەرسێکیان دووبارە دەچنەوە سەر کارەکانیان. ماوەیەکی کورت بێدەنگی.

وەستا هاڵڤارد سوڵنێسی بیناساز لەدەرگای سەر ڕاڕەوەکەوە دێتە ژوورەوە. پیاوێکی کەمێك کامڵە، تەندروست و بەهێزە، بە قژێکی کورتکراوەی شەپۆلاوی و سمێڵێکی ئەمسەرو ئەوسەر بادراوە و چوتێ برۆی ئەستوری ڕەشەوە. چاکەتێکی خۆڵەمێشی سەوزباوی، قۆپچە داخراوی، ئێخە ڕەقی ئەملاولای ئێخەپانی لەبەردایە. شەپقەیەکی نەرمی، خۆڵەمیشی لە خوری لەسەردایەوە و دوو فایلی لە بنهەنگڵدایە.

**وەستا سوڵنسی بیناساز** لە نێو دەرگاکەدا، بە پەنجە ئاماژە بۆ ژووری نەخشەسازییەکە دەکات و بەچرپە دەپرسێت

ڕۆیشتن؟

**کایا** لەسەرخۆ، سەر بادەدات

نەخێر.

چاویلەکەکەی دادەکەنێت.

سوڵنێس دەچیتە ژوورەوە، شەپقەکەی فڕێدەداتە سەر کورسییەك، فایلەکان دەخاتە سەر مێزی بەردەم قەنەفەکە و لە مێزی نووسینەکە نزیك دەبێتەوە. کایا بە بێ وەستان دەنووسێت بەڵام پەشۆکا و نائارام دیارە.

**سوڵنێس** بەدەنگی بەرز

ئەوە، فۆسلی خاتوون، چی دەنووسن؟

**کایا** ڕادەچڵەکێت

ئۆ، ئەوە تەنها شتێکە، وەك –

**سوڵنێس**

ئادەی با بیبینم، خاتوون. ( خۆی بەسەریدا دەچەمێنێتەوە، وا خۆی پیشاندەدات، کە تەماشای دەفتەرەکە دەکات و دەچرپێنێت) کایا؟

**کایا** بەدەم نووسینەوە، هێواش

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

بۆچی هەمیشە چاویلکەکەت لە چاوت دادەکەنیت، کە من دێم؟

**کایا** وەك پێشوو

ئا، لەبەرئەوەی بەو چاویلکەیەوە زۆر ناشرین دیارم.

**سوڵنێس** پێدەکەنێت

حەزتان لێ نییە، کایا؟

**کایا** بەدزیوە سەرهەڵدەبڕێت و تەماشای دەکات

نا هەرگیز. لەبەرچاوی ئێوەدا نا.

**سوڵنێس** بە هێواشی دەست بە قژیدا دەهێنێت

داماو، کایا بچکۆلە داماوەکە –

**کایا** سەر دادەنەوێنێت

وس، - گویان لێتان دەبێت!

سوڵنێس بەرەو لای ڕاست دەچێت، دەگەڕێتەوە و لە تەنیشت دەرگای ژووری نەخشەسازییەکەوە دەوەستێت.

**سوڵنێس**

کەس نەهات هەواڵم بپرسێت؟

**ڕاگنار** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵێ، ئەو گەنجانە [هاتن]، کە دەخوازن ڤێلاکەیان لە تەنیشت لۆڤستراندەوە بۆ دروست بکرێت.

**سوڵنێس** بە بەرخۆوە

ئێ ئەوان؟ بەڵێ، با چاوەڕێبکەن. من خۆم هێشتا تەواو لە پلانەکە دڵنیانیم.

**ڕاگنار** نزیکتر دەبێتەوە، کەمێك بە دوو دڵییەوە

ئەوە ئەوانە بوون کە زۆر زەحمەت بوو زوو نەخشەیان بۆ سازبکرێ.

**سوڵنێس** وەک پێشوو

بەڵێ، خوا لەبەڵا لاماندا، خۆ ئەو خەڵکە هەموویان هەر ئەوەیان دەوێت!

**برۆڤیك** سەرهەڵدەبڕێت

گوتیان، بە تاسەوەن بگوێزنەوە ماڵ و موڵکی خۆیان، بۆیە ئاوها زۆر نابەجێیانە هەر لە هات و چۆدان.

**سوڵنێس**

بەڵێ باشە، باشە ئیتر. دەزانین! ئینجا بۆ خۆیان بە چ شێوەیەك باشتر دەگونجێت ئەوان ئاوها دەست بەکار دەبن. هەر ئاوها خانوویەک– بۆخۆیان دەخوازن. شوێنێك بۆ تێدا مانەوە. بەڵام ماڵ نا. نەخێر، زۆر سوپاس! با بچن بۆ لای یەکێکی دیکە. کە هاتنەوە ئەمجارە، وایان پێ بڵێ.

**برۆڤیك** چاویلکەکەی بەرزدەکاتەوە بۆ سەر ناوچەوانی و بە مۆڕەوە لێی دەڕوانێت

کەسێکی دیکە؟ بۆ ئێوە دەخوازن دەست لەو کارە هەڵگرن؟

**سوڵنێس** بێ سەبرانە

بەڵێ، بەڵێ، بە دۆزەخ! ئەگەر کۆتاییەکەی ئەوها بێت، ئیتر -. ئەوە باشترە، لە بیناسازی لەژێر باوباراندا. (قسەکەی دەبڕێت) چوونکە من هێشتا ئەو خەڵکانە ناناسم!

**برۆڤیك**

ئەو خەڵکانە جێگەی متمانەن. ڕاگنار دەیان ناسێت. ئامشۆیان دەکات. زۆر خەڵکێکی جێ متمانەن.

**سوڵنێس**

ئۆهـ، خوای گەورە - جێ متمانەن - جێ متمانەن! بە هیچ شێوەیەك ئەوە وا نییە، بە ڕای من. ئێوە ئێستاش لە من تێناگەن؟ (بە دەنگی بەرز) من نامەوێت لەگەڵ ئەو مرۆڤە بێگانانەدا هیچ شتێك بکەم. لەبری من، ئەوان بۆ لای کێی کە دەچن با بچن!

**برۆڤیك** هەڵدەستێتە سەرپێ

بەجددی ئەوە ڕای ئێوەیە؟

**سوڵنێس** ماندوو

بەڵێ، هەر بە جددیی - دواجار ئەوە ڕای منە.

بەرەو پێشەوە دەچێ. **برۆڤیك** لەگەڵ **ڕاگنار**دا نیگایەك دەگۆڕێتەوە، ئەویش جوڵەیەك دەکات، کە ئاگادارکردنەوە دەگەیەنێت. پاشان دەچێتە نێو یەکەمین ژوور.

**برۆڤیك**

دەتوانم دوو قسەتان لەگەڵدا بکەم؟

**سوڵنێس**

بەڵێ دەتوانیت.

**برۆڤیك** ڕوودەکاتە کایا

تۆش، **کە**مێك برۆ ژوورەوە.

**کایا** نائارام

ئۆ، بەڵام خاڵە –

**برۆڤیك**

ئەوەی من پێت دەڵێم ئەوە بکە، ڕۆڵە. دەرگاکەش لەدوای خۆتەوە داخە.

کایا بە دوودڵییەوە دەچێتە ژوورەوە بۆ نێو ژووری نەخشەسازییەکە، بەدزییەوە و بە چاوی پڕ لە پاڕانەوەوە تەماشای سوڵنێس دەکات و دەرگاکە دادەخات.

**برۆڤیك** کەمێك هێواش

من نامەوێت ئەو منداڵە داماوانە بزانن، بارودۆخم چەند خراپە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئێوە ئەم ڕۆژانە زۆر نەخۆش دیارن.

**برۆڤیك**

بەم زووانە کاتی من کۆتایی دێت. ڕۆژ بە ڕۆژ هێز و وزەم نامێنێت.

**سوڵنێس**

کەمێك دانیشە.

**برۆڤیك**

سوپاس - پێویستە دانیشم؟

**سوڵنێس** کورسییە قۆڵدارەکە کەمێك دەجوڵێنێت

لێرە. فەرموو. – ئێ؟

**برۆڤیك** بە زەحمەتەوە دادەنیشێ

بەڵێ، ئەمە پەیوەندی بە ڕاگنارەوە هەیە. ئەوە سەخترین شتە. چارەنووسی ئەو دەبێت چی بێت؟

**سوڵنێس**

کوڕەکەتان، بێگومان ئەو، هەتا ئەوکاتەی خۆی دەخوازێت، لەلای من دەمێنێتەوە.

**برۆڤیك**

بەڵام دروست ئەوە ئەو شتەیە، کە ئەو ناخوازێت. وە پێی وانییە لەوە زیاتر – بتوانێت.

**سوڵنێس**

ئێ، لەو باوەڕەدام، موچەکەشی زۆر باشە. بەڵام ئەگەر داوای زیاتریش بکات، ئەوا من سەرسەختی ناکەم بۆ ئەوەی کە –

**برۆڤیك**

نەخێر، نەخێر! بە هیچ شێوەیەك ئەوە نییە. (خۆ بۆ نەگیراوانە) بەڵام پیویستە ئەویش جارێك لە جاران ئەو دەرفەتە بەدەست بهێنێت و کار بۆ خۆی بکات!

**سوڵنێس** بەبێ ئەوەی تەماشای بکات

پێتانوایە، ڕاگنار تەواو کارامەیی گونجاوی بۆ ئەوە هەیە؟

**برۆڤیك**

نەخێر، سەیرکە، ئەوە شتە مەترسیدارەکەیە. ئەوەی، کە من خەریکە لە کوڕەکەم دەکەومە گومانەوە. لەبەرئەوەی ئێوە هەرگیز وشەیەکی ئەرێنیتان لەبارەی ئەوەوە نەگوتووە. بەڵام ئێدی پێموایە، شتێکی دیکە مەحاڵە. ئەو دەبێت کارامەیی هەبێت.

**سوڵنێس**

ئێ، بەڵام خۆ ئەو بە شێوەیەکی وورد - فێری هیچ نەبووە. جگە لە نەخشەسازی.

**برۆڤیك** بە کینەیەکی شاردراوەوە سەیری دەکات و بەدەنگێکی گڕ دەڵێت

ئێدی ئێوەش شتێکی هێندە زۆر لە پیشەکە فێر نەبوون، ئەوکاتەی لەلای من کارتان دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە ملی ڕێگەتان گرت. (بەسەختی هەناسە دەدات) بە کار و ماندووبوون خۆتان گەیاندە لووتکە. هەم بەسەر من و – هەم بەسەر گەلێ کەسی دیکەشدا سەرکەوتن.

**سوڵنێس**

بەڵێ، وەك دەبینن - ئەوە بۆ من بەو شێوەیە هاتە پێش.

**برۆڤیك**

ڕاست دەکەن. ئێوە هەموو شتێکتان بۆ هاتە پێش. بەڵام ئیتر ناتوانن هێندە بێ بەزەییبن لێ بگەڕێن من بچمە گۆڕەوە – بەبێ ئەوەی بزانم، ڕاگنار لە چیدا کارامەیە. هەروەها حەزدەکەم پێش ئەوەی بمرم -  بیانبینم پێکەوە هاوسەرگیری بکەن.

**سوڵنێس** بە مۆڕبوونەوەوە

بۆ کچەکە ئەوە دەخوازێت؟

**برۆڤیك**

کایا هێندە زۆر نا. بەڵام ڕاگنار هەموو ڕۆژێك باسی ئەوە دەکات. ( بە تکاکردنەوە) ئێوە پیویستە - پێویستە یارمەتی ڕاگنار بدەن بۆ [کردنی] کارێکی سەربەخۆ! منیش پیویستە شتێك ببینم، کە کوڕەکەم کردوویتی، گوێتان لێیە!

**سوڵنێس** بە تووڕەیی

بەڵام بۆ خاتری دۆزەخ، ئاخر خۆ من ناتوانم لەسەر مانگ ئیشی بۆ داگرمە خوارەوە!

**برۆڤیك**

ئەو خۆی ئیستا ڕێک دەتوانێت ئیشێکی جوانی دەستکەوێت. کارێکی گەورە.

**سوڵنێس** نائارام، بە سەرسوڕمانەوە

دەتوانێت؟

**برۆڤیك**

ئەگەر ئێوە بخوازن ڕەزامەندیتان لەسەر بێت.

**سوڵنێس**

ئەوە چ کارێکە؟

**برۆڤیك** کەمێك بە دوو دڵییەوە

ئەو دەتوانێت ڤێلاکەی لۆڤستراند بینا بکات.

**سوڵنێس**

ئەوە! بەڵام من خۆم دەخوازم ئەوە دروست بکەم!

**برۆڤیك**

ئۆ، ئێوە ئارەزووی ئەوەتان نییە.

**سوڵنێس** بە تووڕەییەوە

من! ئارەزووم نییە! کێ دەتوانێت ئەوە بڵێت؟

**برۆڤیك**

ئێستا، تازە خۆتان گوتتان.

**سوڵنێس**

ئۆ، هەرگیز گوێ مەگرن لەوەی من دەیڵێم. – ڕاگنار دەتوانێت ئەو ڤێلایە دروست بکات؟

**برۆڤیك**

بەڵێ. ئەو خێزانەکەش دەناسێ. ئینجا ئەو، هەر بۆ خۆشیش - چەند نەخشە سازیی و مەزەندەی تێچوون هەموویکردووە –

**سوڵنێس**

ئینجا ئەوان ئەو دیزاین و نەخشاسازیان بە دڵە؟ ئەوانەی، دەخوازن لەوێدا بژین؟

**برۆڤیك**

بەڵێ، ئەگەر ئێوە تەماشایان بکەن و پەسەندیان بکەن، ئەوا –

**سوڵنێس**

ئەوا ئەوان دەخوازن ڕاگنار ماڵەکەیان بۆ دروست بکات؟

**برۆڤیك**

ئەوەی ئەو دەیوسیت بیکات، ئەوان زۆریان بەدڵبوو. گوتیان، ئەوان پێیانوایە، ئەمە، شتێکی هێجگار نوێیە.

**سوڵنێس**

ئەها! شتێکی نوێ! شتێکی کۆنی ئاوها خراپ نا، وەك ئەوەی من دروستی دەکەم!

**برۆڤیك**

پێیانوابوو، ئەوەی ئەو شتێکی تر بوو.

**سوڵنێس** بە تووڕەبوونێکی خۆ گرتووانەوە

کەواتە هاتبوون بۆ ئێرە بۆلای ڕاگنار – ئەوان، کە من لەدەروە بووم!

**بڕۆڤیك**

ئەوان هاتبوون سلاوێکی لێ بکەن. ئینجا پرسی بوویان، داخوا ئیوە دەخوازن دەست لە کارەکە بکێشنەوە –

**سوڵنێس** بەتووڕەییەوە

من، دەست لەکارەکە بکێشمەوە!

**بڕۆڤیك**

ئەگەر ئەوان، نەخشەکانی ڕاگناریان بەلاوە –

**سوڵنێس**

من! لە پێناو کوڕەکەتاندا دەست لەو کارە بکێشمەوە!

**بڕۆڤیك**

مەبەستیان ئەوە بوو، دەست لە ڕێککەوتنەکە بکێشنەوە.

**سوڵنێس**

ئۆ، ئینجا خۆ هەر یەکشتە. (بەتووڕەییەوە پێدەکەنێت) بەڵێ کەواتە ئەوسا! هاڵڤارد سوڵنێس - دەبێت دەست بکێشێتەوە! دەستیش لە شوێنەکەی هەڵگرێ بۆ ئەوانەی، گەنجترن. ڕەنگە، بۆ هەرە گەنجترینەکان! دەبێت ئەو دەست لە شوێنەکەی، لە شوێنەکەی! لە شوێنەکە هەڵگرێت!

**بڕۆڤیك**

خوای گەورە، شوێنی کەسێک زیاتر لێرە هەیە –

**سوڵنێس**

ئۆ، شوێن هێجگار هێندەش لێرە زۆر نییە. ئی، چی دەبێت با ببێت. بەڵام من هەرگیز دەست ناکێشمەوە! هەرگیز من ئارەزوومەندانە بوار بە کەس نادەم! هەرگیز. هەرگیز لەم دنیایەدا ئەوە ناکەم!

**بڕۆڤیك** بە تووڕەییەوە هەڵدەسێ

کەواتە دەبێ من بەبێ ئاسوودەیی ژیان بەجێبهێڵم؟ بەبێ خۆشی؟ بەبێ باوەڕ و متمانە بە ڕاگنار؟ بەبێ ئەوەی تاکە کارێکی ئەو ببینم؟ ژیان بەجێبهێڵم؟

**سوڵنێس** لەسەر لا ئاووڕدەداتەوە و ورینگە ورینگ دەکات

هم - لەوە زیاتر پرسیار مەکە.

**بڕۆڤیك**

با، وەڵامم بدەرەوە. دەبێت من هێندە تەواو هەژارانە ژیان جێبهێڵم؟

**سوڵنێس** دیارە لەگەڵ خۆیدا ململانێیەتی؛ دواجار بە دەنگێکی نزم بەڵام جێگیر دەڵێت

بەو شێوەیە ژیان جێبهێڵن، کە ئێوە باشتر دەیزانن و دەتوانن.

برۆڤیك

کەواتە با هەر ئاوها بێت.

دەڕوات.

**سوڵنێس** دوای دەکەوێت، نیوە چڵ بێ هیوا

بەڵێ، چوونکە من هیچی دیکە ناتوانم، تێدەگەن! من ئیتر ئاوهام، وەك ئەوەی کە هەم! ناشتوانم خۆم بگۆڕم!

**برۆڤیك**

نەخێر، نەخێر – ناتوانن. (خەریکە دەکەوێت و لە تەنیشت مێزی لای قەنەفکەوە دەوەستێ) دەتوانم پەرداخێك ئاو بخۆمەوە؟

**سوڵنێس**

فەرموو. (ئاودەکاتە پەرداخەکەوە و بۆی ڕادەگرێت)

**برۆڤیك**

سوپاس. ( ئاوەکە دەخواتەوە و پەرداخەکە دادەنێتەوە)

سوڵنێس دەچێ دەرگای ژووری نەخشەسازییەکە دەکاتەوە.

**سوڵنێس**

ڕاگنار - وەرە، باوکت بەرەوە بۆماڵەوە.

ڕاگنار بە پەلە هەڵدەسێتە سەرپێ. ئەو و کایا دێنە ژوورەوە بۆ نێو ژووری کارکردنەکە.

**ڕاگنار**

باوکە، ئەوە چییە؟

**برۆڤیك**

وەرە ژێر باڵمەوە. با بڕۆین.

**ڕاگنار**

بەڵێ باشە. کایا، تۆش، خۆت لەبەرکە.

**سوڵنێس**

خاتوون فۆسلی پێویستە دوایی بێت. هەر دوای کەمێکی دی. نامەیەکم هەیە، پێویستە بنووسرێت.

**برۆڤیك** تەماشای سوڵنێس دەکات

شەوباش. خەوێکی ئاسوودە – ئەگەر بتوانن.

**سوڵنێس**

شەوباش.

برۆڤیك و ڕاگنار لەدەرگای هۆڵەکەوە دەچنە دەرەوە. کایە دەچێتەوە سەر مێزی نووسینەکە.

سوڵنێس بە تەنیشت کورسییە قۆڵدارەکەوە وەستاوە و سەری بەلای ڕاستدا لارکردووەتەوە.

**کایا** بە دوودڵییەوە

هیچ نامایەك هەیە -؟

**سوڵنێس** بەکورتی

نەخێر بە دڵنیاییەوە نییە، نەخێر. (بە ڕەقیەوە تەماشای دەکات) کایا!

**کایا** بەترسەوە، هێواش

بەڵێ؟

**سوڵنێس** ئاماژە بۆ بەردەمی خۆی دەکات

وەرە ئێرەوە! خێرا!

**کایا** بە دوو دڵییەوە

بەڵێ.

**سوڵنێس** وەك جاری پێشوو

نزیکتر!

**کایا** نزیکتر دەبێتەوە

چیت لێم دەوێت؟

**سوڵنێس** ماوەیەك تەماشای دەکات

بۆ ئائەمە، دەبێ سوپاسی ئێوە بکەم؟

**کایا**

نەخێر، نەخێر، لەو باوەڕەدا مە بن!

**سوڵنێس**

بەڵام ئێوە دەخوازن - شوبکەن.

**کایا** هێواش

ڕاگنار و من چوار پێنج ساڵە دەزگیرانی یەکترین، ئیتر –

**سوڵنێس**

ئینجا ئێوە پێتانوایە، کۆتایی بە هاوسەرگیری بهێنن. وا نییە؟

**کایا**

ڕاگنار و خاڵم دەڵێن، من دەبێت [شوبکەم]. وە دەبێت بەوە ڕازی بم.

**سوڵنێس** نەرمتر

ئەی باشە کایا، تۆ هەر لە بنەڕەتەوە کەمێک ڕاگنارت خۆش ناوێت؟

**کایا**

من جارێك لە جاران ڕاگنارم هێجگار زۆر خۆش دەویست. – پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە بۆ لاتان.

**سوڵنیس**

بەڵام ئێستا نا؟ بە هیچ شێوەیەك نا؟

**کایا** بە سۆزەوە، دەستەکانی بەرەو ئەو دەچەمێنێتەوە

ئۆ، ئێوە خۆ ئەوە دەزانن، کە من ئێستا لە دنیادا تەنها تاکە کەسێکم خۆش دەوێت! کەسی دیکە نا! من هەرگیز کەسی دیکەم خۆشناوێت!

**سوڵنێس**

بەڵێ، وا دەڵێن. کەچی جێشم دەهێڵن. لێم دەگەڕێن تا بە تەنیا بەدیار ئەمانەوە هەمووی دانیشم.

**کایا**

بەڵام باشە ئەی من ناتوانم لای ئێوە بمێنمەوە، ئەگەر ڕاگناریش -؟

**سوڵنێس** بە ڕەتکردنەوەوە

نەخێر، نەخێر، ئەوە هەرگیز نابێت. چوونکە ڕاگنار بڕوا بە ڕێی خۆیەوە و سەربەخۆ دەست بکات بەکارکردن، ئەوا ئەو خۆی پێویستی پێتان دەبێت.

**کایا** دەستەکانی هەڵدەگێڕێتەوە

ئۆ، من پێموانییە، کە من بتوانم لە ئێوە جیا ببمەوە! ئەوە شتێکی زۆر زۆر مەحاڵە، بەلای منەوە!

**سوڵنێس**

کەواتە کارێ بکەن، ڕاگنار لەم بیرە گێلۆکانەیەی دوور بخەنەوە. هەتا دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن – ( تۆنی قسەکردنی دەگۆڕێت) بەڵێ، بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە - وای لێبکەیت لەسەر ئیشە باشەکەی خۆی لێرە لەلای من بمێنێتەوە. چوونکە ئەوکاتە من دەتوانم تۆش بهێڵمەوە، کایای ئازیز.

**کایا**

ئا بەڵێ، چەند خۆش دەبێت، ئەگەر ئەوە بەو شێوەیە چارەسەر بێت!

**سوڵنێس** بە هەردوو دەستی  توند سەری کایا دەگرێت و دەچرپێنێت

چوونکە من بێ تۆ هەڵناکەم، دەزانیت. پێویستە تۆ هەموو ڕۆژێك لێرە لەلام بیت.

**کایا** شڵەژا و سەرسام

خوایە هاوار! خوایە هاوار!

**سوڵنێس** قژی ماچ دەکات

کایا، - کایا!

**کایا** [کڕنووشی بۆ دەبات]

ئۆ، ئیوە چەند میهرەبانن بەرامبەر بە من! چەند میهرەبانیتان لە باسکردن نایەت!

**سوڵنێس** بەتوندی

هەستن! هەستن ئیتر، چوونکە -! پێموابێت، گوێم لە شتێك بوو!

یارمەتی دەدات و بەرزی دەکاتەوە. ئەو دەچێتەوە لای میزی نووسینەکە.

هاوسەرەکەی سوڵنێس [ئالینێ خانم] لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە. خانم لاواز و خەفەتبار دیارە، پاشماوەی جوانی زووی پیوە دیارە. قژزەردێکی قژی ئەملاولای لاجان لوولە. کەشخە، تەواو ڕەش پۆشە. کەمێك لەسەر خۆ و بە گلەیکردنێکەوە لە دەنگیدا قسە دەکات.

**ئالینێ خانم** لە نیو دەرگاکەدا

هاڵڤارد!

**سوڵنێس** ئاووڕدەداتەوە

ئۆ، ئەوە تۆیت، ئازیزەکەم -؟

**ئالینێ خانم** بەدەم تەماشاکردنی کایا وە

وابزانم، من، لە کاتێکی نەگونجاودا هاتووم.

**سوڵنێس**

نا هەرگیز. نامەیەکی بچکۆلە هەیە کە فۆسلی خاتوون پێویستە بینووسێت.

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، دەیبینم.

**سوڵنێس**

ئەی ئیشی چیت پێمە، ئالینێ؟

**ئالینێ خانم**

من هەردەمویست بڵێم، دکتۆر هەرداڵ لە ژوورەوە لە هۆڵی سەرسووچەکە دانیشتووە. تۆ دەخوازێت، هاڵڤارد؟

**سوڵنێس** بە گوومانەوە تەماشای دەکات

هم - دکتۆر هێندە پێویستی بەوەیە قسەم لەگەڵدا بکات، ها؟

**ئالینێ خانم**

نەخێر، دروست هێندە پێویستی بەوە نیە. ئەو هاتووە سەرێك لە من بدات. ئینجا هاوکات حەزیکرد سڵاوێکیش لە تۆ بکات.

**سوڵنێس** بێدەنگ پێدەکەنێت

دەتوانم بهێنمە پێش چاوم، بەڵێ. باشە، کەوابوو داوای لێ بکە با کەمێك چاوەڕێ بکات.

**ئالینێ خانم**

ئینجا ئاخر دێیت بۆ لای؟

**سوڵنێس**

ڕەنگە. دوایی - دوایی، ئازیزەکەم. دوای کەمێك.

**ئالینێ خانم** دووبارە تەماشای کایا دەکات

بەڵێ، هەر بیرت نەچێت. هاڵڤارد. (دەگەڕێتەوە و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات)

**کایا** هێواش

ئۆ خودایە، ئۆ خودایە - بە دڵنیاییەوە خانم لە بارەی منەوە بیر لە شتێکی خراپ دەکاتەوە!

**سوڵنێس**

ئۆ، بە هیچ شێوەیەك، لە هەموو حاڵە تێکدا لە شتێکی ئاسایی بەولاوە هیچی تر نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشتر وایە، کە ئیوە ئێستا بڕۆن، کایا.

**کایا**

بەڵێ، بەڵێ، پیویستە من ئێستا بڕۆم.

**سوڵنێس** بەتوندی

ئینجا ئەوی تریشم بۆ جێبەجێ بکەن. گوێتان لێبوو!

**کایا**

ئۆ، خۆزگە هەر بەڕاستی ئەوە لە دەستی مندا بوایە، ئەوا –

**سوڵنێس**

دەڵێم، من دەمەوێت ئەوە باش بێت! سبەینێش ئەو ڕۆژەیە!

**کایا** بە تەواو شڵەژانەوە

ئەگەر ڕێگەیەکی دیکە نەبێت، ئەوا دەخوازم وازی لێ بهێنم.

**سوڵنێس** بە تووڕەییەوە

وازی لێ دەهێنیت! ئەوە تۆ شێت بوویت! دەخوازیت وازی لێ بهێنیت؟

**کایا** بێ هێوا بووانە

بەڵێ، ئەوە باشترە. چوونکە من دەبێت - من دەبێت لێرە لەلای ئێوە بمێنمەوە! ناتوانم وازتان لێ بهێنم! ئەوە تەواو - تەواو مەحالە، ئەوە!

**سوڵنێس** بە هەڵچوونەوە

بەڵام، ئەوە بەدەۆزەخ - ئەی ڕاگنار! ئێ ئەوە خۆ دروست ڕاگنارە، کە من –

**کایا** بە چاوی ترساوەوە تەماشای دەکات

ئایا ئەوە زیاتر لەبەرخاتری ڕاگنارە، کە – کە ئێوە -؟

**سوڵنێس** خۆی دەگرێت

ئۆ نەخێر، بە دڵنیاییەوە نا، نەخێر! ئیوەش خۆ لە هیچ شتێك تێناگەن. (نەرم و هێواش) بێگومان ئەوەی کە من دەمەوێت، ئێوەن. پیش هەموو شتێك ئێوە، کایا. بەڵام دروست لەبەرئەوە پێویستە ئێوە وا لە ڕاگنار بکەن کە لەسەر ئیشەکەی بمێنێتەوە. باشە، باشە - ئێستا بڕۆنەوە بۆماڵەوە.

**کایا**

بەڵێ، بەڵێ، شەوباش.

**سوڵنێس**

شەوباش. ( لەو کاتەدا کە کایا دەخوازێ بڕوات) ئۆ، گوێبگرە! نەخشەکانی ڕاگنار لە ژوورەوەیە؟

**کایا**

بەڵێ، نەمبینی لەگەڵ خۆی بیان بات.

**سوڵنێس**

کەوابوو برۆ ژوورەوە و بۆمیان بدۆزرەوە. ڕەنگە من بتوانم لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك سەیریان بکەم.

**کایا** بەدڵخۆشییەوە

ئۆ بەڵێ، دواجار ئەوە بکەن!

**سوڵنێس**

لەبەر خاتری ئێوە، کایا ی ئازیز. باشە، کەواتە خێرا بیانهێنە بۆم، گوێتان لێیە!

کایا بەپەلە دەچێتە ژووری نەخشەسازێکەوە، بە ترسەوە چەکمەجەی مێزەکە دەگەڕێ، فایلێك دەدۆزێتەوە و دەی هێنێ.

**کایا**

ئەوە هەموو نەخشەکانە.

**سوڵنێس**

چاکە. بیانخە سەرمێزەکە لەوێدا.

**کایا** فایلەکە دادەنێ

شەوباش. (بە پاڕانەوەوە)  باش و میهرەبانانە بیر لە من بکەرەوە.

**سوڵنێس**

ئۆ، من هەمیشە وا دەکەم. شەوباش، کایا ئازیزە بچکۆلەکەم. ( بە دزییەوە سەیری لای ڕاست دەکات) دەبڕۆ ئیتر!

ئالینێ خانم و دکتۆر هەرداڵ لە دەرگاکای لای ڕاستەوە دێنە ژوورەوە. دکتۆر پیاوێکی بەتەمنی، قەڵەوە، دەموچاوێکی خڕی بێ ڕیشی ئاسوودە و، قژێکی کاڵی نەرمی هەیە و، چاویلکەی زەردی لەچاودایە.

**ئالینێ خانم** هێشتا لە نێو دەرگاکەدایە

هاڵڤارد، من ناتوانم ئێستا دکتۆر لەوەزیاتر گلبدەمەوە.

**سوڵنێس**

ئێ، دە وەرنە ژوورەوە.

**ئالینێ خانم** ڕوودەکاتە کایا، کە خەریکی کوژاندنەوەی چراکەی سەر مێزی نووسینەکەیە

هەروا زوو لە نامەکە بوونەوە، خاتوون؟

**کایا** چەواشە بوانە

نامە -؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، نامەیەکی کورت بوو.

**ئالینێ خانم**

بە دڵنیاییەوە دەبێت زۆر کورتخایان بوو بێت.

**سوڵنێس**

خاتوون فۆسلی، ئێوە دەتوانن بڕۆن. وە دووبارە سبەینێ لە کاتی خۆیدا وەرنەوە.

**کایا**

هەروا دەکەم. شەو باش، خانم.

ئەو لەدەرگای سەر ڕاڕەوی هۆڵەکەوە دەچێتە دەرەوە.

**ئالینێ خانم**

هاڵڤارد، دەبێ بۆ تۆ شتێکی باش بێت، کە ئەم خاتوونەت دەست کەوتووە.

**سوڵنێس**

بەڵێ خوا دەزانێ. ئەو خاتوونە، بۆ هەموو بابەتیك دەست دەدات.

**ئالینێ خانم**

وا دیارە.

**دکتۆر هەرداڵ**

لە ژمێریاریشدا زیرەکە؟

**سوڵنێس**

ئێ - لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا بەردەوام بەشێك ڕاهێنانی کردووە. ئینجا میهرەبانیشە و ئامادەیە بۆ کردنی هەموو کارێك.

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، دەبێت ئەوە شتێکی ئەرێنی گەورە بێت –

**سوڵنێس**

ڕاستە. بەتایبەتی کاتێك کەسێك لەو بارەیەوە نەدرابێت بە دەمییەوە.

**ئالینێ خانم** بە گلیەیکردنێکی نەرمەوە

ئاخر چۆن تۆ دەتوانیت ئەوە بڵێیت، هاڵڤارد؟

**سوڵنێس**

ئۆ نەخێر، نەخێر، ئالینێی ئازیز. من داوای لێبووردن دەکەم.

**ئالینێ خانم**

پێویست ناکات. – بەڵێ، دکتۆر، کەوابوو دواتر دێنەوە و چایەکمان لەگەڵدا دەخۆنەوە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

هەر ئەو سەردانە پزیشکیە بکەم، ئەوا دێم.

**ئالینێ خانم**

سوپاس بۆ هاتنتان.

ئالینێ خانم لەدەرگاکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**سوڵنێس**

دکتۆر، پەلەتە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخێر، بە هیچ شێوەیەك.

**سوڵنێس**

ئەی دەتوانم کەمێك قسەتان لەگەڵدا بکەم؟

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ، زۆر بە خۆشحاڵییەوە.

**سوڵنێس**

کەواتە با دانیشین.

سواڵنێس کورسییە بزۆکەکە پیشانی دکتۆر دەدات و خۆشی لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێت.

**سوڵنێس** بە دوو دڵییەوە تەماشای دەکات.

پێم بڵێ – ئایا ئیوە تێبینی هیچتان لە ئالینێ دا کرد؟

**دکتۆر هەرداڵ**

مەبەستان ئێستایە، کە لێرە لە ژوورەوە بوو؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. ڕێك پێش هاتنە لای من. تێبینی هیجتان کرد؟

**دکتۆر هەرداڵ** پێدەکەنێت

بەڵێ، نەفرەت لە شەیتان - کەس ناتوانێت لە تێبینی کردنی ئەو شتە بە چاکی خۆی بدزێتەوە، کە هاوسەرەکەتان - هـم –

**سوڵنێس**

ئێ؟

**دکتۆر هەرداڵ**

.کە هاوسەرەکەتان بە باشی بیر لەم فۆسلی خاتوونە ناکاتەوە.

**سوڵنێس**

هێچی تر نا؟ من خۆم تێبینی ئەو شتەم کردووە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێ خۆ ئەوەش هێشتا هێندە سەیر نییە.

**سوڵنێس**

کامە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

بەتایبەتی ئەوەی، کە ئێوە بەردەوام هەموو ڕۆژێك خانمێکی دیکەتان لەلایە، ئەو ئەوەی بە دڵ نییە.

**سوڵنیس**

نەخێر، نەخێر، لەوەدا ئێوە ڕاست دەکەن. ئالینێ، ئەویش ڕاست دەکات. بەڵام ئەو شتە – ئێستا ناکرێت بەشێوەیەکی دیکە بێت، ئەوە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەی ناتوانن کارمەندێکی پیاو ڕاگرن؟

**سوڵنێس**

هەر پیاوێک بێت، ئەوە باشترە؟ نەخێر سوپاس - ئەوە بە کەڵکی من نایەت.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵام ئێستا ژنەکەتان -؟ وەك دەردەکەوێت – زۆر لاوازە. ئەو بەرگەی ئەمە ناگرێت، کە لێرە دەیبینێت؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، هەرچۆنێك بێت ئەوە هەر ئاوهایە - ئەوە قسەی منە. من دەبێت کایا فۆسلی بهێڵمەوە. ڕاست و دروست من ناتوانم جگە لە ئەو کەسی دیکە بەکار بهێنم.

**دکتۆر هەرداڵ**

کەسی دیکە نا؟

**سوڵنێس** بەکورتی

نەخێر، کەسی دیکە نا.

**دکتۆر هەرداڵ** کورسییەکەی دەباتە نزیکترەوە

گوێبگرە، جەنابی سوڵنێسی ئازیز. دەتوانم پرسیارێکی تەواو نهێنی ئامێزتان لێ بکەم؟

**سوڵنێس**

بەڵێ فەرموو.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێوە دەزانن، ئافرەتان - ئەوان توانای وورده وورده دۆزینەوەی ئەم شتانەیان هەیە –

**سوڵنێس**

هەیانە. ئەوە نکوڵی ناکرێت و ڕاستە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێستا. زۆر بە باشی گوێبگرە. ژنەکەت بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بەرگەی ئەم کایا فۆسلییە بگرێت -؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، دوای ئەوە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

- دەبێت ژنەکەتان شتێکی ئاوها – هۆکارێکی بچکۆلانەی نەبێت بۆ ئەم بە ئانقەست نەویستنە؟

**سوڵنێس** تەماشای دەکات و هەڵدەسێتە سەرپێ

ئۆهۆ!

**دکتۆر هەرداڵ**

خراپ لێم تێمەگە. بەڵام ئایە ژنەکەتان ئەو هۆکارەی بەدەستەوە نییە؟

**سوڵنێس** کورت و بڕیاردەرانە

نەخێر.

**دکتۆر هەرداڵ**

کەواتە بەهیچ شێوەیەك هیچ هۆکارێکی نییە؟

**سوڵنێس**

جگە لە گوومانبردنی خۆی هیچ هۆکارێکی نییە.

**دکتۆر هەرداڵ**

من دەزانم، ئێوە چەند ژنێکتان لە ژیانتاندا ناسیوە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، وایە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ڕاو بۆ چوونیشتان دەربارەی هەندێکیان باش بوو.

**سوڵنێس**

ئا بەڵێ، ئەوەش وایە.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵام ئەی ئا لەم مەسەلەیەی فۆسلی خاتوونەدا -؟ واتە شتێکی لەو بابەتە لە ئارادا نییە؟

**سوڵنێس**

نەخێر. هیچ شتێك – لەلایان منەوە.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵام ئەی لەلایەنی ئەوەوە؟

**سوڵنێس**

پێموانییە، ئێوە مافی ئەوەتان هەبێت پرسیار لەوبارەیەوە بکەن، دکتۆر.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێمە لە دەراوی دڵخەبەردانی هاوسەرەکەتانەوە، قسە دەکەین.

**سوڵنێس**

لەوێوە، بەڵێ. ئینجا تاڕادەیەکیش -. ( دەنگی نزم دەکاتەوە) سووسەکردنی ئالینێ، وەکو دەڵێن - [بەئەزموون] ڕاست دەردەچێت.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێستا - لەبەر چاومانە!

**سوڵنێس** دادەنیشێت

دکتۆر هەرداڵ - ئێستا من دەمەوێت چیرۆکێکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە. ئەگەر ئێوە بخوازن گوێ لەو چیرۆکە بگرن.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەخۆشحاڵییەوە من گوێ لە چیرۆکی سەیر دەگرم.

**سوڵنێس**

کەواتە، زۆر چاکە. خۆ ئێوە بیرتانە، کە من کنوت برۆڤیک و کوڕەکەیم هێنا بۆ ئیشکردن لەلای خۆم - ئەوکاتەی کە تەواو ئەو پیرەمێردە بەرەو دواوە دەچوو.

**دکتۆر هەردالٚ**

تارادەیەك بەو مەسەلەیە ئاشنام، بەڵێ.

**سوڵنێس**

چوونکە بەو بۆنەیەوە ئەوانە دوو پیاوی زیرەکن، خۆتان دەزانن. توانایان هەیە، هەریەکەیان بە شێوەی خۆی. بەڵام پاشان کوڕەکە بیری لە دەزگیرانداری کردەوە . ئینجا، دەیویست ژن بهێنێت و - دەست بە خۆ دروستکردن بکات. چوونکە ئێستا هەموو، گەنجەکان، بیر لەو شتە دەکەنەوە.

**دکتۆر هەردالٚ** پێدەکەنێت

بەڵێ، ئەوان ئەو [خوە] ناوازەیان هەیە، حەزدەکەن پێکەوە بن.

**سوڵنێس**

ئێ. بەڵام ئەوە بە کەڵکی من نەدەهات. چوونکە من خۆم پێویستم بە ڕاگنار بوو. بە پیرەمێردیش. ئەو ئیتر هێجگار زیرەکە لە توانایی کێش و [پێوانەی] یەکەی سێجا[2] و- هەموو ئەو شتە بێزارکەرانەدا، ئەو، با بزانیت.

**دکتۆر هەردالٚ**

ئا ئێ، ئەو بەشەش پێویستە، ئەوە.

**سوڵنێس**

پێویستە، بەڵێ. بەڵام ڕاگنار، ئەو دەیویست و حەزیدەکرد سەربەخۆ بۆ خۆی کار بکات. ئەوەش هیچی لەگەڵدا نەدەکرا.

**دکتۆر هەردالٚ**

بەڵام خۆ ئەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەلای تۆ مایەوە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئینجا گوێبگرن. ڕۆژێك ئەو خانمە، کایا فۆسلی، بە ئێشێك هات بۆ لای ئەو. پێشتر ئەو هەرگیز نەهاتبوو بۆ ئێرە. منیش کە بینیم، ئەو دووانە چەند لە ناخەوە یەکتریان خۆش دەوێت، بیرۆکەیەکم بۆ هات: ئەگەر من بتوانم ئەو [خاتوونە] بێنمە ئەم ئۆفیسەوە، ئەوا ڕەنگە ڕاگناریش لێرە بمێنێتەوە.

**دکتۆر هەردالٚ**

ئەوە بێگومان بیرۆکەیەکی بەجێ بووە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، بەڵام ئەوکاتە من لەبارەی شتێکی ئاوهاوە هیچ قسەم نەکرد. تەنها وەستا بووم و تەماشایم دەکرد و - بەڕاستی زۆر بەقووڵی ئاواتەخواز بووم، کە ئەو خاتوونە لێرە بێت - بۆ کارێکی جێگیر نا بۆ شتی جیا جیا. پاشان ئەو خاتوونە ڕۆیشت.

**دکتۆر هەردالٚ**

ئێ؟

---

[2] قەبارەی تەن یان بۆشایی بەیەکەی سێجا دەپێورێت. وەرگێر

**سوڵنێس**

بەڵام ڕۆژی دوایی، دەمەو ئێوارە، کاتێک برۆڤیکی پیر و ڕاگنار چوونەوە بۆماڵەوە، ئەو خاتوونە دووبارە هاتەوە بۆ ئێرە بۆ لام و بە شیوەیەك ڕەفتاری دەکرد، وەك ئەوەی من پێشوەخت ژوانم لەگەڵیدا  هەبووبێت.

**دکتۆر هەرداڵ**

ژوان؟ دەربارەی چی؟

**سوڵنێس**

دروست دەربارەی ئەو شتەی، من ئاواتم پێی دەخواست. بەڵام یەك وشەم لەباریەوە نەگوتبوو.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڕاستی سەیر بووە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، سەیر نییە توخوا؟ ئینجا ئەو دەیویست بزانێت، کە ئەو لێرە دەبێت چی بکات. دەبێ یەکسەر بەیانی دەست بەکار بێت. ئەو جۆرە شتانە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێوە لەوباوەڕەدا نین، ئەو بۆئەوەی لەگەڵ خۆشە ویستەکەیدا بێت ئەوەی کردبێت؟

**سوڵنێس**

سەرەتا ئەوەش بە مێشکی مندا هات. بەڵام نەخێر، ئەوە وا نەبوو. وەك چۆن بڵێیت، ئەو تەواو لایدا - ئەوکاتەی کە هات بۆ ئێرە بۆ لای من.

**دکتۆر هەرداڵ**

لایدا بۆ لای ئێوە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، تەوا و بەرچاو. من تێبینی دەکەم، ئەو هەستی پێ دەکات، من لە دواوە تەماشای دەکەم. هەر من لێی نزیک دەبمەوە ئەو دەهەژێت و دەلەرزێت. ڕای ئێوە چییە لەوبارەیەوە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

هـم - ئەوە دەتوانرێت ڕوونبکرێتەوە.

**سوڵنێس**

ئێ، ئەی ئەوەی تر چی؟ ئەوەی، ئەو پێیوابوو، کە ئەوەی من دەمویست و پێمخۆش بوو، بە بێدەنگی - پێیم گوتووە. لە ناخەوە. بۆ خودی خۆم. ئەی ئەوەتان بەلاوە چۆنە؟ دەتوانن شتێکی ئاوهام بۆ ڕوون بکەنەوە، دکتۆر هەرداڵ؟

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخێر، من توخنی ئەوە ناوکەوم.

**سوڵنێس**

پێش وەخت من ئەوەم دەزانی. لەبەرئەوە من هەرگیز پێشتر نەم ویستووە باسی ئەوە بکەم. – بەڵام ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هێجگار بێزارکەرە بۆ من، با بزانیت. دەبێ من هەموو ڕۆژێك بێم لێرە وا پیشانبدەم - ئینجا ئەوەش بەرامبەر ئەو، ئەو داماوە، جێگەی داخە. (بەدەنگی بەرز) بەڵام من هیچی دیکەم پێناکرێت! چوونکە ئەگەر ئەو لەدەستم دەرچێت - ئەوا ڕاگناریش دەڕوات.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەی تۆ باسی ئەو پەیوەندیەت لەم مەسەلەیەدا بۆ هاوسەرکەت نەکردووە؟

**سوڵنێس**

نەخێر.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەی باشە ئاخر بۆ ئەوە ناکەن ئیتر؟

**سوڵنێس** زەق تەماشای دەکات و بە هێواشی دەڵێت

چوونکە من پێموایە بە شێوەیەك لە شێوەکان – بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەگەر ڕێگە بدەم بە ئالینێ ناهەقیم لێ بکات، ئەوە لەوەدا جۆرە ئەشکەنجەدانێکی چاکەخوازانەی خودی تێدایە بۆ من.

**دکتۆر هەرداڵ** سەر ڕادەوەشێنێت

من یەك وشە تێناگەم.

**سوڵنێس**

با، چوونکە ئەوە - با بزانن بەشێکی کەمە لە دانەوەی قەرزێکی بێ کۆتایی و هێجگار گەورە.

**دکتۆر هەرداڵ**

بە هاوسەرەکەتان؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. ئینجا ئەوەش هەمیشە کەمێك سەرت سووک دەکات. مرۆڤ دەتوانێت ئازادانە بۆ ماوەیەك هەناسە بدات، خۆتان تێدەگەن.

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخێر، خوا شایەتە، ئەگەر من یەك وشە تێبگەم –

**سوڵنێس** بە قسە پێ بڕینەوە، دووبارە هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ - کەواتە ئێمەش چیدی باسی ئەوە ناکەین.

بە نێو ژوورەکەدا پیاسەیەك دەکات، دەگەڕێتەوە و لە تەنیشت مێزەکەوە دەوەستێت.

**سوڵنێس** بە زەردەخەنەیەکی نەرمەوە تەماشای دکتۆر دەکات

بێگومان ئێوە پێتانوایە، کە ئێستا ئێوە چاك و لێزانانە توانیتان من بجوڵێنن، دکتۆر؟

**دکتۆر هەرداڵ** کەمێك تووڕە

جوڵاندن؟ یەک زەڕە لەوەش تێناگەم، جەنابی سوڵنێس.

**سوڵنێس**

ئۆ، ڕاشکاوانە بڵێ وایە. چوونکە من لە ناخەوە زۆر باش هەستم پێکرد، وەك دەزانن!

**دکتۆر هەرداڵ**

هەستان بە چ شتێك کرد؟

**سوڵنێس** لەسەرخۆ، بەدەنگی نزم

کە ئێوە زۆر ڕوخۆشانە دێن و چاودێریم دەکەن.

**دکتۆر هەرداڵ**

من وا دەکەم! باشە بۆ دەبێت من ئەوە بکەم؟

**سوڵنێس**

چوونکە تۆ لەوباوەڕەدایت، کە من – (لەپڕ بە تووڕەییەوە) بە دۆزەخ - دەربارەی من ئێوەش باوەڕتان بە هەمان شتە، کە ئالینێ باوەڕی پێیەتی؟

**دکتۆر هەرداڵ**

بۆ ئەو دەربارەی ئێوە باوەڕی چییە؟

**سوڵنێس** دووبارە خۆگرتوانە

ئەو لەو باوەڕەدایە ، کە من ئاوها – ئاوها – نەخۆشم.

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخۆش! ئێوە! ئەو هەرگیز وشەیەکی لەو بارەیەوە بە من نەگوتووە. بۆ چیتانە، ئازیز؟

**سوڵنێس** خۆی بەسەر پشتی کورسییەکەیدا دەچەمێنێتەوە و دەچرپێنێت

ئالینێ لێرە هەر دێ و دەچێ و پێیوایە، من شێتم. ئەو لەو باوەڕەدایە.

**دکتۆر هەرداڵ** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵام، ئاخر ئەی ئازیزترین و باشترین، جەنابی سوڵنێس -!

**سوڵنێس**

با، بە گیانی خۆم -! ئەوە ئاوهایە. ئینجا ئێوەشی وا لێ کردووە کە باوەڕتان بەوە هەبێت! ئۆ، من دڵنیاتان دەکەمەوە، دکتۆر، - من زۆر باش، زۆرباش لە ئێوەدا هەست بەوە دەکەم. چوونکە من ناهێڵم بە ئاسانی فریوبدرێم، با پێتان بڵێم.

**دکتۆر هەرداڵ** بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات

هەرگیز، جەنابی سوڵنێس - هەرگیز شتی ئاوها بە بیرمدا نەهاتووە.

**سوڵنێس** بە پێکەنینێکی باوەڕ پێنەبووانەوە

نە بابە؟ بەڕاستی بەبیرتاندا نەهاتووە؟

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخێر هەرگیز! وە بەدڵنیاییشەوە هاوسەرەکەشتان هەمان شت. من لەو باوەڕەدام، دەتوانم سوێند بخۆم.

**سوڵنێس**

ئێستا، بەڕاستی لە سوێند خواردن بگەڕێن. چوونکە بە شێوەیەك لە شێوەکان، خۆ دەبینن، ئەوا – ئەوا ڕەنگە ئەو هۆکارێکی هەبێت کە باوەڕ بە شتێکی ئاوها بکات.

**دکتۆر هەرداڵ**

نەخێر، ئێستا من تەواو دەبێت بڵێم -!

**سوڵنێس** بە قسە پێ بڕینەوە، دەستەکانی لە هەوادا دەکاتەوە

بەڵێ، بەڵێ، دکتۆری ئازیز - واز بێنە با نەچینە نێو ئەم باسەوە. باشترە، هەریەکەمان خەریکی شتی خۆی بێ. (بە هێواشی بە دزییەوە دەچێتە لایەوە) بەڵام گوێبگرە، دکتۆر – هـم –

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

ئەگەر ئێوە ئێستا لەوباوەڕدا نین، کە من ئاوها – نەخۆش – و مێشك تێکچوو – شێت و ئەو شتانە بم –

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێ، مەبەستان چییە؟

**سوڵنێس**

ئینجا ڕەنگە لە خەیاڵی خۆتاندا ئێوە وای وێنابکەن، کە من پیاوێکی زۆر بەختەوەرم؟

**دکتۆر هەرداڵ**

ئینجا بۆ دەبێت ئەوە هەر بەخیاڵ وێنابکرێت؟

**سوڵنێس** پێدەکەنێت

نەخێر، نەخێر - بێگومان! خوا پەنامان بدات! بیر لەوە بکەرەوە - کە وەستا سوڵنێسی بیناساز بیت! هاڵڤۆرد سوڵنێس بیت! ئا، من سوپاسگوزارم، من.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ، بەڕاستی من پێویستە بڵێم، بۆ من وا دەردەکەوێ، کە ئێوە تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر بەختتان هەبووە.

**سوڵنێس** زەردەخەنەیەک دەچەپێنێت

بەختم هەبووە. ناتوانم سکاڵا لەدست ئەوە بکەم.

**دکتۆر هەرداڵ**

یەکەم شت بەختماڵە کۆنە داروخاوەکەی بۆ سووتاندن. ئینجا ئەوەش بەڕاستی بەختەوەرییەکی گەورە بوو.

**سوڵنێس** بەجیدییەوە

ئەوە ماڵی خێزانەکەی ئالینێ بوو، کە سووتا. بیرت نەچێ.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ، دەبێت ئەوە بۆ ئەو خەمێکی قورس بوو بێت.

**سوڵنێس**

ئەو هەتا ئەمڕۆش بەسەر ئەو خەمەدا زاڵ نەبووە. لە هەموو ئەو دوانزە – سیانزە ساڵەدا.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەوەشی، کە بەدوای سوتانەکەدا هات، خراپترین لێدان بوو لە ئەو.

**سوڵنێس**

ئەوە و شتێکی تریش پێکەوە.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵام ئێوە - ئێوە - لەسەر حیسابی ئەوە خۆتان بەرەو سەرەوە برد. وەك کوڕێکی هەژاری لادێیی دەستان پێکرد و - ئێستا وەك یەکەم پیاوی ناوچەکە دیارن. ئا بەڵێ، جەنابی سوڵنێس، بەڕاستی ئیوە بەخت یاوەرتان بووە.

**سوڵنێس** بە شەرمەوە تەماشای دەکات

بەڵێ، بەڵام ئەوە ڕێک ئەوەیە، کە من زۆری لێ دەترسم.

**دکتۆر هەرداڵ**

دەترسن؟ لەوەی کە بەخت یاوەرتانە؟

**سوڵنێس**

درەنگ یان زوو ئەوە زۆرم دەترسێنێت - هێجگار دەمترسێنێت. چوونکە جارێك لە جاران، وەك دەزانن، دەبێت ئێدی گۆڕانکاری ڕووبدات.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئۆ، لەو قسەیە! ئەو گۆڕانە لە کوێوە دێت؟

**سوڵنێس** جێگیر و دڵنیا

لە گەنجێتییەوە دێت.

**دکتۆر هەرداڵ**

پیف! گەنجێتی! ئێوە، من لەو باوەڕەدام، کاتی ئێوە بەسەرنەچووە. ئۆ نەخێر – ئێوە ئێستا لێرە زۆر پتەو وەستاون، کە ڕەنگە پێشتر هەرگیز ئاوها نەوەستابن.

**سوڵنیس**

گۆڕانکاری ڕوودەدات. من دەزانم. هەستیشی پێدەکەم، کە نزیك دەبێتەوە. یەکێك دێت و داوادەکات: من بگەڕێمە دواوە! ئینجا بە لێشاو هەموو ئەوانی دیکەش بەدوای ئەوکەسەدا دێن و هەڕەشە دەکەن و هاواردەکەن: ڕێگە بدە - ڕێگە بدە، ڕێگە بدە! بەڵێ، دکتۆر، ئێوە هەروا سەیرکەن. جارێك لە جاران گەنجێتی دێت بۆ ئێرە و لەدەرگام دەدات –

**دکتۆر هەرداڵ** پێدەکەنێت

ئێ، خوای گەورە، ئینجا چییە؟

**سوڵنێس**

ئینجا چییە؟ چۆن، ئەوکاتە وەستا سوڵنێس ئیدی کۆتایی دێت.

لەدەرگاکەی لای چەپ دەدرێت

**سوڵنێس** ڕادەچڵەکێت

ئەوە چییە؟ گوێتان لێ بوو؟

**دکتۆر هەرداڵ**

یەکێك لە دەرگا دەدات.

**سوڵنێس** بەدەنگی بەرز

وەرە ژوورەوە!

هیلدە ڤانگل لەدەرگای هۆڵەکەی سەر ڕاڕەوەکەوە دێتە ژوورەوە. بەرزی باڵای مام ناوەندییە، لەشولارجوان و پتەوە. بە کاریگەری خۆر کەمێك ڕەنگی قاوەیی بووە. بەرگی چوون بۆ گەشتوگوزاری پۆشیوە، کە پێکهاتووە لە کراسێکی درێژی، کەمێك لە پێشەوە بۆ سەرەوە هەڵچوو[بۆ بەئاسانی هەنگاو نان]، ئێخەیەکی پان وپۆڕ و کڵاوێکی لەسەردایە لەوەی پیاوانی دەریاوان لەسەری دەکەن. جانتایەکی پشتی قایش ئەستوری لەپشتدایە و گۆچانێکی درێژیشی پێیە، کە لە کاتی بە چیا سەرکەوتندا بەکار دەهێنرێت.

**هیلدە ڤانگل** بە چاوی گەش و خۆشحاڵییەوە بەرەو سوڵنێس دەچێت

ئێوارەت باش!

**سوڵنێس** بە دوو دڵییەوە تەماشای دەکات

ئێوارەت باش –

**هیلدە** پێدەکەنێت

لەو باوەڕەدام، ئێوە دووبارە من ناناسنەوە!

**سوڵنێس**

نەخێر - بەڕاستی دەبێت بڵێم، کە – لەم ساتەوەختەدا نا –

**دکتۆر هەرداڵ** دەچێتە نزیکەوە

بەڵام من دووبارە ئێوە دەناسمەوە، خاتوون –

**هیلدە** بە ڕەزامەندییەوە

ئۆ نا، ئەوە ئێوەن، کە -!

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەوە من. (ڕوودەکاتە سوڵنێس) ئێمە هاوین لە یەکێك لە کۆختەکانی چیادا بەیەك گەیشتین. (ڕوودەکاتە هیلدە) ئەی خانمەکانی دیکە چیان لێهات؟

**هیلدە**

ئۆ، ئەوان بەرەو ڕۆژئاوا ملی ڕێگەیان گرت.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڕاستی ئەوان حەزیان لەو سەرگەرمییەی ئێمە نەبوو کە بە ئێواران دەمانکرد.

**هیلدە**

نەخێر، بە دڵنیاییەوە ئەوان حەزیان لێ نەبوو.

**دکتۆر هەرداڵ** بە پەنجە هەڕەشەدەکا

ئینجا ئەوەش خۆڕای نەبوو ئێدی، کە ئێوە کەمێك نازتان بەسەرماندا دەکرد.

**هیلدە**

ئاخر ئەوە خۆشتربوو لەوەی دابنیشیت و لەگەڵ ئەو هەموو ژنەدا گۆرەوی بچنیت.

**دکتۆر هەرداڵ** پێدەکەنێت

تەواو لەگەڵتان هاوڕام!

**سوڵنێس**

ئەم ئێوارەیە گەیشتنە شار؟

**هیلدە**

بەڵێ، من دروست ئێستا گەیشتم.

**دکتۆر هەرداڵ**

هەر بەتەنیا، خاتوو ڤانگل؟

**هیلدە**

بەڵێ!

**سوڵنێس**

ڤانگل؟ ئێوە [پاش ناوەکەتان] ڤانگلە؟

**هیلدە** بەشەوقەوە و سەرسورماوانە تەماشای دەکات

بەڵێ بێگومان پاشناوەکەم ئەوەیە.

**سوڵنێس**

کەواتە ئێوە ڕەنگە کچی دکتۆری ناوچەی لیسانگەری سەرەوە بن؟

**هیلدە** وەك جاری پێشوو

بەڵێ، ئەی دەبێ کچی کێ بم؟

**سوڵنێس**

ئێ، کەواتە ئێمە لەوێ یەکتریمان بینیوە. ئەو هاوینەی کە من لەوێ بووم و بورجێکم بۆ کڵێسە کۆنەکە دروست کرد.

**هیلدە** جیدیتر

بەڵێ ئەو جارە بوو.

**سوڵنێس**

ئێستا، ئەوە دەمێکە.

**هیلدە** زەق تەماشای دەکات

ئەوە دروست دەساڵ لەمەوبەرە.

**سوڵنێس**

ئەو کاتە ئێوە ئێدی منداڵ بوون، وابزانم.

**هیلدە** یەکسەر وەڵامدەداتەوە

دەورووبەری دوانزە – سیانزە ساڵان بووم.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەوە یەکەمجارە بێن بۆ شار، خاتوو ڤانگل؟

**هیلدە**

بەڵێ، خوا دەزانێ یەکەمجارە.

**سوڵنێس**

ئینجا ڕەنگە لێرەش کەس نەناسن؟

**هیلدە**

بێجگە لە ئێوە کەس ناناسم. ئا، خانمەکەشتان.

**سوڵنێس**

کەواتە ئەویش دەناسن؟

**هیلدە**

هەر کەمێك. چەند ڕۆژێك لە ئوتێلێکی گەشتیاری پێکەوە بووین.

**سوڵنێس**

لە باکوور.

**هیلدە**

ئەو گوتی، ئەگەر هاتم بۆ شار، هەر دەبێت سەردانی بکەم. (زەردەخەنە دەیگرێت) لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی نەدەکرد ئەو ئەو قسەیە بکات.

**سوڵنێس**

ئەو هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە –

هیلدە گۆچانەکە لە تەنیشت ئاگردانەکەوە دادەنێت، جانتا پشتییەکەی دەکاتەوە و لەگەڵ پارچە قوماشە ئەستورەکەدا دەیانخاتە سەر قەنەفەکە. دکتۆر هەرداڵ دەیەوێت یارمەتی بدات. سوڵنێس وەستاوە و تەماشای هیلدە دەکات.

**هیلدە** بەرەو لای دەچێت

ئێستا، دەخوازم داوای ئەوەتان لێ بکەم، کە من پیویستە ئەمشەو لێرە بمێنمەوە.

**سوڵنێس**

بە دڵنیاییەوە زۆر باش دەتوانن لێرە بمێننەوە.

**هیلدە**

چوونکە من پۆشاکی زیادەم پێ نییە، لەمانەی پۆشیومن زیاتر. بەڵێ، هەروەها دەسەتە جلێکی ژێرەوەش لە جانتا کۆڵە پشتەکەدایە. بەڵام دەبێت بشۆرێن. چوونکە هێجگار چڵکنن.

**سوڵنێس**

ئا بەڵێ، بێگومان ئەوە چارەسەر دەکرێت. هەر ئێستا بە هاوسەرەکەم دەڵێم –

**دکتۆر هەرداڵ** ڕووخۆشانە، تەماشایەکی هیلدە دەکات

بەڵێ، بەو هۆیەوە ئێوە دەتوانن نەفرەت لە خۆتان بکەن! (پێدەکەنێت) لەگەڵ ئەوەشدا پێش بینیەکەتان ڕاست دەرچوو، جەنابی سوڵنێس!

**سوڵنێس**

چۆنچۆنی؟

**دکتۆر هەرداڵ**

هەر بەڕاستی گەنجێتی هاتوو لە دەرگای ئێوەی دا.

**سوڵنێس** زیندووانە

بەڵێ، ئێستا ئەوە بە شێوەیەکی دیکە بوو.

**دکتۆر هەرداڵ**

وابوو، بەڵێ. ڕەتناکرێتەوە!

لەدەرگای هۆڵەکەی سەر ڕاڕەووەکەوە دەچێتە دەرەوە.

سوڵنێس دەرگاکەی لای ڕاست دەکاتەوە و لە نیو ژوورەکەی تەنیشت دەرگاکەوە قسە دەکات.

**سوڵنێس**

ئالینێ! بێزەحمەت وەرە ژوورەوە. خاتوو ڤانگل لێریە، تۆش دەیناسیت.

**ئالینێ خانم** دێتە نێو دەگاکەوە

وتت، کێ لێرەیە؟ (هیلدە دەبینێت) ئۆ، ئەوە ئێوەن، خاتوون؟ (لێی نزیک دەبێتەوە و تەوقەی لەگەڵ دەکات) کەواتە دواجار ئیوە هەرهاتن بۆ شار.

**سوڵنێس**

خاتوو ڤانگل دروست ئێستا گەیشتووە. دەخوازێت، ئەمشەو لێرە بمێنێتەوە.

**ئالینێ خانم**

لێرە لەلای ئێمە؟ بەڵێ، بە خۆشحاڵییەوە.

**سوڵنێس**

چوونکە دەخوازێ جلەکانی جۆرکات، وەك دەزانیت.

**ئالینێ خانم**

من هێندەی پێم بکرێت، ئەوە جێبەجێی دەکەم. ئەوە ئەرکە، ئەوە. ئەی باوڵی سەفەرەکەتان پاشان دەگات؟

**هیلدە**

باوڵم پێ نییە.

**ئالینێ خانم**

ئێ، بێگومان جێبەجێ دەبێت، هیوادارم. بەڵام ئێستا لێرە لەلای پیاوەکەم بیگوزەرێنن. تا من خەریک دەبم ژوورێکتان بۆ ئامادە دەکەم.

**سوڵنێس**

ئەی ناکرێ یەکێك لە ژووری منداڵەکانی بدەینێ؟ چوونکە ئەو ژوورانە خۆ تەواو ئامادەن.

**ئالینێ خانم**

ئۆ با. لەوێ لە جێگەیەك زیاترمان هەیە. (ڕوودەکاتە هیلدە) دانیشن، کەمێك پشوو بدەن.

ئەو لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

هیلدە، دەستی گرتووە بە پشتیەوە، بە نێو هۆڵەکەدا دەسووڕێتەوە و تەماشای شت دەکا. سوڵنێس لە پێشەوە لەتەنیشت مێزەکەوە وەستاوە، هامان شت ئەویش دەستی بە پشتییەوەیەتی و، تەماشای هیلدە دەکا.

**هیلدە** دەوەستێ و تەماشای دەکات

ژووری منداڵانتان زۆرە، ئێوە؟

**سوڵنێس**

سێ ژووری منداڵانمان لە ماڵەکەدا هەیە.

**هیلدە**

زۆرە. کەواتە منداڵتان زۆر بووە؟

**سوڵنێس**

نەخێر. ئێمە هیچ منداڵمان نییە. بەڵام ئێستا ئێوە دەتوانن ببنە منداڵی ماڵەکە.

**هیلدە**

بۆ ئەم شەو، بەڵێ. نازریکێنم. هەوڵدەدەم بزانم وەك بەرد لێی ناخەوم.

**سوڵنێس**

بەڵێ، لەو باوەڕەدام، زۆر ماندوون.

**هیلدە**

نەخێر! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا -. هیجگار خۆشە پاڵکەویت و خەو ببینیت.

**سوڵنێس**

بۆ ئێوە بە شەوان خەو دەبینن؟

**هیلدە**

بەڵێ! تارادەیەك هەمیشە.

**سوڵنێس**

زیاتر خەو بە چییەوە دەبینن؟

**هیلدە**

ئەم ئێوارەیە باسی ئەوە ناکەم. جارێکی دەیکە – ڕەنگە.

دووبارە بە نیو ژوورەکەدا دەست دەکاتەوە بە ڕۆیشتن، لە تەنیشت مێزەکەوە دەوەستێت و کەمێك دەستکاری کتێب و کاغەزەکانی سەر مێزەکە دەکات.

**سوڵنێس** لێی نزیك دەبێتەوە

بەدوای شتێکدا دەگەڕێن؟

**هیلدە**

نەخێر، هەر تەماشای ئەم هەموو شتە دەکەم، لێرەدا. (ئاوردەداتەوە) ڕەنگە بۆم نەبێ ئەوە بکەم؟

**سوڵنێس**

با فەرموون.

**هیلدە**

ئەوە ئێوە لەو پرۆتۆکۆڵە گەورەیەدا دەنووسن؟

**سوڵنێس**

نەخێر، ژمێریارەکە.

**هیلدە**

ئافرەتە؟

**سوڵنێس** پێدەکەنێت

بەڵێ بێگومان.

**هیلدە**

کەواتە ئێوە ئافرەتان لەلایە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە**

هاوسەرگیری کردووە؟

**سوڵنێس**

نەخێر، خاتوونێکە.

**هیلدە**

ئێ ئاوها.

**سوڵنیس**

بەڵام بە دڵنیاییەوە بەم زووانە هاوسەرگیری دەکات.

**هیلدە**

ئەوە بۆ ئەو باشە.

**سوڵنێس**

بەڵام بۆ من باش نییە. چوونکە ئیدی من کەس نابێت یارمەتیم بدات.

**هیلدە**

ئەی ناتوانن یەکێکی دیکە پەیداکەن، وەك ئەو باش بێت؟

**سوڵنێس**

ڕەنگە ئێوە بخوازن لێرە بمێننەوە و – پرۆتۆکۆڵم بۆ بنووسن؟

**هیلدە** سەیری بەردەمی خۆی دەکات

ئاخر، دەتوانن لەو باوەڕەدا بن! نەخێر سوپاس - ئێمە هیچمان ئەوەمان ناوێ.

دیسان بە نێو ژوورەکەدا دەڕوات و لەسەر کورسسییە بزۆکەکە دادەنیشێت.سوڵنێس دەچێتە لای مێزەکەوە.

**هیلدە** بەردەوام دەبێت

ـ چوونکە لێرە شتگەلێکی دیکە هەیە لەبری ئەو جۆرە شتانە خەریکی بیت. (بە زەردەخەنەوە تەماشای دەکات) ئێوەش پێتان وانییە؟

**سوڵنێس**

بێگومان. پێش هەموو شتێك ئێوە دەخوازن بچنە دووکانەکانی ئەم دەورووبەرە و  بەرگ و کاڵای نوێ بکرِن و خۆتان برازێننەوە.

**هیلدە** بە ڕووخۆشییەوە

نەخێر، وابزانم واز لە کردنی ئەو کارە دەهێنم!

**سوڵنێس**

کەواتە؟

**هیلدە**

بەڵێ، چوونکە من هەموو پارەکانم بە فیڕۆ داوە، پیویستە ئێوە ئەوە بزانن.

**سوڵنێس** پێدەکەنێت

نە باوڵ و نە پارە!

**هیلدە**

هیچ کام لەوانە. بەڵام چش - ئێستا هەر هەمان شتە.

**سوڵنێس**

بڕوانە، بەڕاستی لەبەرئەوە من ئێوەم خۆش دەوێت!

**هیلدە**

بە تەنها لەبەر ئەوە؟

**سوڵنێس**

لەبەرئەو شتەو و لەگەڵ شتی دیکەشدا. (لەسەر کورسییە قۆلدارەکە دادەنیشێت) باوکتان ماوە؟

**هیلدە**

بەڵێ، باوکم ماوە.

**سوڵنێس**

ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە لێرە بخوێنن؟

**هیلدە**

نەخێر، ئەوەم بە بیردا نەهاتووە.

**سوڵنێس**

بەڵام وابزانم، بۆ ماوەیەك لێرە دەمێننەوە؟

**هیلدە**

هەموو شتێك بەگوێرەی ئەوەی چۆن دەرەخسێت.

ماوەیەك لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ و خۆی ڕادەژەنێ و تەماشای سوڵنێس دەکات، بە نیوە جیدی و نیوە پێکەنینێکی خۆ گرتوانەوە. پاشان شەپقەکەی سەری دادەکەنێ و لەبەردەمیدا لەسەر مێزەکە دایدەنێت.

**هیلدە**

وەستا سوڵنێسی؟

**سوڵنێس**

بەڵێ؟

**هیلدە**

ئێوە، شتان زۆر بیر دەچێتەوە؟

**سوڵنێس**

بیرچوونەوە؟ نەخێر، هێندەی من بزانم.

**هیلدە**

بەڵام بزانم ناخوازن بەهیچ شێوەیەك دەربارەی ئەوەی سەرەوە قسەم لەگەڵدا بکەن؟

**سوڵنێس** ساتەوەختێك سەرسام دەبێت

سەرەوە لە لیسانگەر؟ (بێباکانە) ئێستا، وابزانم، ئێدی شتێکی هێندە گرنگ نییە لەبارییەوە قسە بکرێت.

**هیلدە** بە سەرزەنشتکردنەوە تەماشای دەکات

بۆ ئێستا ئێوە ئەو قسەیە دەکەن!

**سوڵنێس**

دە کەواتە، ئێوە ئێستا لەو بارەیەوە قسەم بۆ بکەن.

**هیلدە**

ئەو کاتەی بورجەکە تەواو بوو، ئاهەنگێکی گەورەمان لە شارەکەدا گێڕا.

**سوڵنێس**

بەڵێ، هەروائاسان ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە.

**هیلدە** پێدەکەنێت

بیرتان ناچێتەوە؟ ئەوە میهرەبانی خۆتانە، ئەوە!

**سوڵنێس**

میهرەبانی؟

**هیلدە**

له حەوشەی کڵێسەکەدا دەنگی مۆسیقا لێدان دەهات. وە سەدەها سەدان کەس، خەڵکێکی زۆر [لەوێ بوون]. ئێمەش کچانی قوتابخانە بەرگی سپیمان پۆشیبوو، هەموومان. ئاڵاشمان بە دەستەوە بوو.

**سوڵنێس**

ئا بەڵێ، ئەو ئاڵایانە - ئەوانەم باش بیر دێتەوە!

**هیلدە**

ئینجا ئێوە بە سەر ئەسکەلەکەدا سەرکەوتن. تەواو بۆ سەری سەرەوە. تاجە گوڵێنەیەکیشتان پێ بوو. تاجە گوڵینەکەتان بە باپێوە[3]کەی سەری سەرەوەدا هەڵواسی.

**سوڵنێس** بەکورتی و بە قسە پێ بڕینەوە

ئەوکاتە من ئەوەمکرد. چوونکە ئەوە نەریتێکی کۆنە، ئەوە.

**هیلدە**

ئەوە هێجگار سەیر ورووژێنەر بوو لە خوارەوە بووەستیت و تەماشای ئێوە بکەیت، کە لە سەرەوە بوون. بیرم دەکردەوە، ئەگەر ئەو ئێستا بکەوێتە خوارەوە! ئەو خودی - بیناساز!

**سوڵنێس** بە جۆرێك لەلادانەوە

بەڵێ، بەڵێ، بەخوا ئەوە زۆر چاك دەشیا ڕووبدات. چوونکە یەکێك لەو بەچکە شەیتانە سپی پۆشانە - بە جۆرێك هەراوهوریای نابۆوە و هاواری لێدەکردم –

**هیلدە** شاد دەگەشێتەوە

«هوووووڕا بۆ وەستا سوڵنسی بەنا »! بەڵێ!

**سوڵنیس**

. ئاوها ئاڵاکەی ڕادەوەشان و دەیشەکاندەوە، من – من هەر بە تەماشاکردنی سەرمگێژی دەخوارد.

**هیلدە** هێواشتر، بە جیدییەوە

ئەوە من بووم - ئەو بەچکە شەیتانە.

**سوڵنێس** چاوەکانی زەق تێ دەبڕێت

من ئێستا لەوە دڵنیام. ئەوە دەبێت هەر ئێوە بووبن.

**هیلدە** دیسان بە ڕووخۆشییەوە

چوونکە ئەوە هیجگار مەترسیدارانە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو. لە تێگەیشتن بەدەر بوو، ئەوەی کە لە تەواوی دنیادا تەنیا یەك وەستای بیناساز هەبوو، بتوانیت بە شیوەیەکی هێجگار لە ئەندازە بەدەر بورجێکی بەرز دروست بکات. ئینجا،

---

[3] ئامرازێك بۆ پێوانی خێرایی با. وەرگێر

ئەوەی خودی خۆشی لەسەر لووتکەی بورجەکە وەستابێ! بە زیندووی! وە یەك زەڕەش سەری گێژ نەخوات! ئێستا ئەوە بۆ خۆی لە هەموو شتێك زیاتر، دوووچاری سەرگێژخواردنت دەکات کاتێک بیری لێ دەکەیتەوە – ئاوها -.

**سوڵنێس**

ئیوە لەکوێوە هێندە بە دڵنیاییەوە دەتانزانی، کە من -؟

**هیلدە** بە ڕەتکردنەوەوە

نەخێر ئیتر! چەند شەرمە! لە ناخی خۆمدا هەستم بەوە دەکرد. ئەگینا ئێوە نەتان دەتوانی لەوێ لەسەروە بووەستن و گۆرانی بڵێن.

**سوڵنێس** بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات

گۆرانیم گوت؟ من گۆرانیم گوت؟

**هیلدە**

بەڵێ، بەڕاستی گۆرانیتان گوت.

**سوڵنێس** سەر ڕادەوەشێنێت

من هەرگیز لە ژیانمدا یەک تۆنی گۆرانی چییە نەمگوتوە.

**هیلدە**

با، ئەوجارە گۆرانیتان گوت. وەك چەنگێک[4] لە هەوادا دەهاتە گوێ.

**سوڵنێس** بە بیرکردنەوەوە

ئەوە شتێکی سەیرە – ئەم شتەی باسی دەکەن.

**هیلدە** ماوەیەك بێدەنگ دەبێت، تەماشای دەکات و بە هێواشی دەڵێت

بەڵام ئینجا - دوای ئەوە - ئێدی شتە ڕاستەقینەکە بوو.

**سوڵنێس**

ڕاستەقینە؟

**هیلدە** گەشاوە و زیندو

بەڵێ، ئێدی من پێویستم بەوە نییە بە بیرتانی بهێنمەوە؟

**سوڵنێس**

ئۆ با، کەمێك ئەوەشم بەبیر بێنەوە.

**هیلدە**

ئەی بیرتان نایەتەوە، کە لەیانەکە خوانێکی گەورە تان بۆ سازدرا؟

---

[4] هیمایە بۆ ئامێری چەنگ کە لە وێنە خەیاڵییەکانی کڵێسەدا لە هاتنەخوارەوەی خوداوەند و فریشتەکاندا دەژەندرێ. وەرگێر

**سوڵنێس**

با. دەبێت ئەوە هەمان پاش نیوەڕۆ بوو بێت، ئەوە. چوونکە ڕۆژی دوایی ئێدی من سەفەرمکرد.

**هیلدە**

ئینجا لە یانەکەوە بانگهێشت کران بۆ ماڵی ئێمە بۆ ئێوارە.

**سوڵنێس**

ئەوە زۆر ڕاستە، خاتوو ڤانگل. جێگەی سەرنجە، کە ئێوە چەند باش ئەو هەموو ووردە شتانەتان لە زیەنی خۆتاندا چاپکردووە.

**هیلدە**

ووردە شت! با، چاکە! ڕەنگە ئەوەش هەر ووردە شت بوو بێت، ئەوەی، ئەوکاتەی ئیوە هاتن، من لە هۆڵەکەدا بە تەنیا بووم؟

**سوڵنێس**

ئیوە بە تەنیا بوون؟

**هیلدە** بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە

ئەوجارە ئیوە منتان بە بەچکە شەیتان بانگ نەکرد.

**سوڵنێس**

نەخێر، بیگومان من ئەوەم نەکردووە.

**هیلدە**

ئێوە گوتان، کە من لەو کراسە سپییەدا جوانم. گوتان وەك شازادە خانمیکی بچکۆلە دێمە بەر چاو.

**سوڵنێس**

بە دڵنیایەوە ئەوە هەر واش بووە، خاتوو ڤانگل. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا – ئەو رۆژە، من هێجگار هەستم بە لەش سووکی و ئازادی دەکرد –

**هیلدە**

ئینجا گوتان، کە گەورە بووم، ئەوا من دەبمە شازادە خانمی خۆتان.

**سوڵنێس** کەمێك پێدەکەنێت

تۆ بڕوانە، بڕوانە - ئەوەشم گوت؟

**هیلدە**

بەڵێ، گوتان. ئینجا کە پرسیم، ئەی من چەند دەبێت چاوەڕێ بکەم، گوتان، ئیوە دەخوازن دوای دەساڵ دووبارە بگەڕینەوە - وەك دێوێک - و بمرفێنن. بۆ ئیسپانیا یان شتێکی ئاوها. ئینجا لەوێش شانشینێکم بۆ بکرن، بەڵێنتان دا.

**سوڵنێس** وەك جاری پێشوو

بەڵێ، دوای نانخواردنێکی باشی ئێوارە، مرۆڤ زۆر بە دیقەتەوە لە پارەی وورده ناڕوانێت. بەڵام هەر بەڕاستی من ئەم هەموو شتەم گوت؟

**هیلدە** بێدەنگ پێدەکەنێت

بەڵێ، ئینجا گوتیشتان کە ئەو شانشینە ناوی چی دەبێت.

**سوڵنێس**

ئێ ئینجا؟

**هیلدە**

گوتان، ناوی شانشینی ئەپڵسینیا[5] دەبێت.

**سوڵنێس**

ئێستا، ئەوە ئێدی ناوێکی ئیشتیاکەرەوە بووە.

**هیلدە**

نەخێر، من هەرگیز حەزم لەو ناوە نەبوو. چوونکە ئەوە وەك ئەوە وابوو کە ئێوە بتانەوێت گاڵتەم پێبکەن.

**سوڵنێس**

بەڵام بەدڵنیاییەوە من مەبەستم ئەوە نەبووە.

**هیلدە**

نەخێر، مرۆڤ دەبێت بەڕاستی باوەڕ بەو شتەش بکات. دوای ئەوە، ئەوەی کە دوای ئەوە کردتان، ئەوا —

**سوڵنێس**

ئەی دوای ئەوە چیمکرد ئیتر؟

**هیلدە**

با، هەر ئەوەی کەم بوو، ئێوە ئەوەشتان لە بیرچووەتەوە! چوونکە شتی ئاوها من دەزانم، پێویستە مرۆڤ هەمیشە لە بیری بێت.

**سوڵنێس**

بەڵێ، بەڵێ، یارمەتیم بدە، چوونکە ڕەنگە -. ئێ؟

**هیلدە** جێگر تەماشای دەکات

ئێوە دەستانکرد بە ماچکردنم، جەنابی سوڵنێس.

**سوڵنێس** بەدەمی داپچڕاوەوە، لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێ

من ئەوەمکرد!

---

[5] ئەپڵسین، ناوە بۆ میوەی پرتەقاڵ. دیارە ئەو سەردەمە پرتەقاڵ میوەیەکی دەگمەن و نایاب بووە لە نەرویج، زۆر کەس نەیانزانیوە چییە. وەرگێر

**هیلدە**

بەڵێ، واتانکرد. بە هەردوو دەست منتان گرت و بەرەو دواوە داتانهێنامەوە و، ماچتانکردم، چەند جارێکی زۆر.

**سوڵنێس**

نەخێر، بەڵام ئاخر خاتوو ڤانگلە ئازیزە، میهرەبانەکە -!

**هیلدە** هەڵدەسێتە سەرپێ

خۆ ناشێ ئێدی ئێوە ئەوە ڕەتبکەنەوە؟

**سوڵنێس**

با، بەڕاستی من ئەوە ڕەتدەکەمەوە!

**هیلدە** بە ڕقەوە تەماشای دەکات

ئێ دەباشە.

پشتی تێدەکات و بە هێواشی دەچێتە لای ئاگردانەکەوە، لەوێدا بێ جووڵە دەستی بە پشتێوەیەتی و بەرەو [لای ئەو نا] لایەکی دیکە دەڕوانێت. ماوەیەکی کورت ئاوها دەمێنێتەوە.

**سوڵنێس** بە هێواشی دەچێتە دوایەوە

خاتوو ڤانگل -؟

هیلدە بێدەنگە و بێ جووڵەیە

**سوڵنێس**

ئێدی وەك بەرد لەویا مەوەستن. ئەمەی، ئێوە گوتان، دەبێت شتێك بێت، ئێوە بەخەو بینیبێتان. ( قۆڵی دەگرێت) گوێبگرە ئێستا –

هیلدە بە ئۆقرە نەمانەوە قۆڵی ڕادەپسکێنێت

**سوڵنێس** وەك بیرۆکەیەکی بۆ هاتبێت

یان -! کەمێك بووەستە! – مەبەستێکی تر لە ژێر ئەمەوە هەیە، با بزانیت!

هیلدە نا جووڵێتەوە

**سوڵنێس** بە هێواشی بەڵام بە ڕوونی

من دەبێت بیرم لەم شتە کردبێتەوە. من دەبێت ئەوەم ویستبێت. بە ئاواتم خواستبێت. ئارەزووم کردبێت. ئینجا -. نابێت وا بوو بێت؟

هیلدە هێشتا هەر بێدەنگە.

**سوڵنێس** بە سەبر نەمانەوە

ئێستا بەڵێ، بەڵێ، بە جەهەنەم - من ئەوکاتە ئەوەم کردووە ئیترا!

**هیلدە** کەمێك سەر دەجووڵێنێت، بەڵام بێ ئەوەی تەماشای بکات

کەواتە ئێوە ئێستا دان بەوەدا دەنێن؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. بەهەموویدا، هەر چییەکتان بوێت!

**هیلدە**

بەوەی باوەشتان پێدا کردم؟

**سوڵنێس**

بەڵێ!

**هیلدە**

ئینجا ئیوە منتان بەرەو دواوە چەماندەوە؟

**سوڵنێس**

تەواو بۆ دواوە.

**هیلدە**

ئینجا ماچیشت کردم؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، ماچیشم کردیت.

**هیلدە**

زۆر، چەنجارێك؟

**سوڵنێس**

زۆر، ئەوەندەی خۆتان پێتان خۆشبێت.

**هیلدە** بەخێرای بەرەو ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و چاوەکانی هیچ ئەو دڵخۆشییە زیندووەی پێشتر دەرنابڕێت

ئێستا، بینیتان، کە چۆن لە کۆتاییدا من لێم دەرهێنان!

**سوڵنێس** زەردەخەنەیەك دەكات

بەڵێ، هەر بیر لەوە بکەرەوە - کە من شتێکی ئاوهام لە بیر بچێتەوە.

**هیلدە** دووبارە بە شەکەتییەوە، لێی دوور دەکەوێتەوە

ئۆ، ئێوە لە ژیانتاندا زۆرتان ماچکردووە، ئێوە، لەبەر چاومە.

**سوڵنێس**

نەخێر، نابێت ئیوە ئەو بیرەتان دەربارەی من هەبێت.

هیلدە لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ. سوڵنێس وەستاوە و دەستی بە کورسییە بزۆکەکەوە گرتووە.

**سوڵنێس** وەك چاودێری بكات ئاوها تەماشای دەكات

خاتوو ڤانگل؟

**هیلدە**

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

ئیستا ئەوە چۆنچۆنی بوو؟ پاشان ئەمەی ئێمە هەر دووکمان - بە کوێ دەگات؟

**هیلدە**

هیچی زیاتری لێ ناکەوێتەوە، ئێوە خۆتان ئەوە دەزانن. چوونکە پاشان ئەو بێگانانەی دیکەش، ئەوانیش هاتن – یەع!

**سوڵنێس**

بەڵێ ڕاستە! ئەوانی دیکە هاتن. من ئەوەشم بیر نەماوە.

**هیلدە**

ئۆ، بە پیاوچاکان تۆ هیچت لە بیر نەچووەتەوە. تەنها [ئێستا] کەمێك شەرمەزار بوون. من دەزانم، مرۆڤ شتی ئاوهای بیر ناچێتەوە.

**سوڵنێس**

نەخێر، دەبوایە وا بوایە.

**هیلده** به ووزەوە، تەماشای دەکات

یان ڕەنگە بیریشتان چوو بیتەوە، چ ڕۆژێك بوو؟

**سوڵنێس**

چ ڕۆژێك -؟

**هیلده**

بەڵێ، چ ڕۆژێك تاجە گوڵینەکەت بردە سەرەوە بۆ سەر بورجەکە؟ ها؟ هەر ئێستا بیڵێ!

**سوڵنێس**

هـم - بەڕاستی خودی ڕۆژەکەم، بیر چووەتەوە. من بەس دەزانم، ئەوە دە ساڵ لەمەوبەر بوو. ئاوها پایز بوو.

**هیلده** چەند جارێك بەهێواشی سەر دەلەقێنێت

ئەوە دە ساڵ لەمەوبەر بوو. ١٩ ی مانگی ڕەزبەر.

**سوڵنێس**

ئا ئاوها، لەو دەوروو بەرەدا. بزانە، ئێوە ئەوەشتان بیرە، ئێوە! (دەوەستێ) بەڵام تۆ کەمێك بووەستە -! با - ئەمڕۆش خۆ ١٩ ی مانگی ڕەزبەرە.

**هیلده**

بەڵێ، وایە. دە ساڵ تێپەڕی و ئێوەش نەهاتن - وەك بەڵێنتان پێدا بووم.

**سوڵنێس**

بەڵێنم پێدان؟ بێگومان مەبەستان ئەوەیە، بەوە ترساندمن.

**هیلده**

من پێموانییە، هیچ ترساندنێک لەوەدا بوو بێت

**سوڵنێس**

باشە، کەمێك فریوم دابن.

**هیلده**

بۆ ئەوەی ئێوە دەتانویست هەر ئەوەبوو؟ فریوم بدەن؟

**سوڵنێس**

ئێستا، یان [بۆئەوەی] کەمێك گاڵتەتان لەگەڵدا بکەم! من ئەوەم بیرە، خوا بەفریامەوە، نەیەت. بەڵام شتێکی ئاوها هەبوو. چوونکە ئێوە ئەوکاتە هەر منداڵێک بوون.

**هیلده**

ئۆ، ڕەنگە منیش هێجگار ئەوەندە منداڵ نەبوویێتم. وەك کچۆڵەیەکی منداڵکار، وەك ئێوە پێتانوایە.

**سوڵنێس** بە دیقەتەوە تەماشای دەکات

هەر بە جیدی ئێوە لەو باوەڕەدا بوون، کە من دووبارە بخوازم بگەڕێمەوە.

**هیلدە** هەوڵ دەدات پێکەنینێکی گاڵتە پێهاتوانە بشارێتەوە

بەڵێ بێگومان! من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد لێتان.

**سوڵنێس**

کە من بێم بۆ ماڵتان و ئێوە لەگەڵ خۆم بەرەم؟

**هیلدە**

ڕێك وەك دێوێک، بەڵێ.

**سوڵنێس**

ئینجا بتانکەم بە شازادە خانمێك؟

**هیلدە**

ئێدی ئێوە خۆتان بەڵێنی ئەوەتان پێدام.

**سوڵنێس**

ئینجا یەک شانشینیشتان بدەمێ؟

**هیلدە** سەیری ئاسمان دەکات

بۆچی نا؟ چوونکە پێویستی نەدەکرد ئەوە شانشینێکی دروست ئاسایی و ڕاستەقینە بێت.

**سوڵنێس**

بەڵام شتێکی تر کە بەئەندازەی ئەوە باش بێ؟

**هیلدە**

بەڵێ، لانیکەم بەئەندازەی ئەوە باش. (کەمێك تەماشای دەکات) بیرمکردەوە- ئەگەر ئێوە بتوانن بەرزترین بورجی کڵێسە لە دنیادا دروست بکەن، ئەوا دەبێت بتوانن جۆرە شانشینێکیش مەیسەر بکەن.

**سوڵنێس** سەر ڕادەوەشێنێت

بە ڕاستی من لە ئێوە تێناگەم، خاتوو ڤانگل.

**هیلدە**

تێناگەیت؟ من پێموایە ئەوە زۆر ڕوونە، خۆ.

**سوڵنێس**

نەخێر، ناتوانم دڵنیابم لەوەی، ئایە ئەوەی کە دەیڵێن بەڕاستیتانە یان گاڵتە دەکەن –

**هیلدە** پێدەکەنێت

ڕەنگە، گاڵتەبکەم؟ منیش؟

**سوڵنێس**

بەڵێ دروست. گاڵتەمان پێبکەن. بە ئێمە هەردووکمان. (تەماشای دەکات) دەمێکە زانیوتە کە من ژنم هەیە؟

**هیلدە**

بەڵێ، هەر لەسەرەتاوە من ئەوەم دەزانی. بۆچی ئەو پرسیارە دەکەن؟

**سوڵنێس** بێ بیرکردنەوە

نەخێر، نەخێر، ئەوە هەروا بە بیرمدا هات. (بە جیدییەوە تەماشای دەکات و بە هێواشی دەڵێت) بۆچی هاتوون؟

**هیلدە**

چوونکە دەمەوێ شانشینەکەم بەدەست بهێنم. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەڵێنەکەتان بەرنەسەر.

**سوڵنێس** بێ ویستی خۆی پێدەکەنێت

بەڵێ، ئێوە چاکی لێدەزانن، ئێوە!

**هیلدە** بە ووزەوە

وەستا، شانشینەکەم ڕا دەست بکە! (بە پەنجەی بە مێزەکەدا دەکێشێ) شانشینەکەم بۆ بخەرە بەردەم!

**سوڵنێس** (بۆ نزیك بوونەوە پاڵ بەکورسییە بزۆکەکەوە دەنێت و دادەنیشێت)

بەجیدی - ئێوە بۆچی هاتوون؟ بەڕاستی دەخوازن لێرە چی بکەن؟

**هیلدە**

ئا، پێش هەموو شتێك ئێستا من دەخوازم بڕۆم بگەڕێم و تەماشای هەموو ئەو شتانە بکەم، کە ئێوە بیناتانکردووە.

**سوڵنێس**

ئەوسا دەبێت زیاد لە پێویست بەدوای ئەو شتانەدا ڕابکەن.

**هیلدە**

بەڵێ، چوونکە ئێوە بینای هیجگار زۆرتان دروستکردووە.

**سوڵنێس**

بەڵێ کردوومە. زۆر تریش لەم ساڵانەی دواییدا.

**هیلدە**

گەلێ بورجی کەنیسەش؟ ئاوها بە شێوەیەکی لەباوەڕ نەبووانەدا بەرز؟

**سوڵنێس**

نەخێر. من چیدی ئێستا بورجی کەنیسە بینا ناکەم. کەنیسەش دروستناکەم.

**هیلدە**

ئەی ئێستا چی بینا دەکەن؟

**سوڵنێس**

ماڵ بۆ خەڵك.

**هیلدە** بە بیرکردنەوەوە

ئەی ناتوانن کەمیك – کەمێك لەو بورجی کەنیسانەش بۆ ماڵەکان دابنێن؟

**سوڵنێس** لێی وورد دەبێتەوە

مەبەستیان چییە لەو قسەیە؟

**هیلدە**

مەبەستم ئەوەیە - شتێك، وەکو ئەوەی – بە حەوادا چووبێت. تیرێکی بەرزی وای لەسەربێت کە  سەر بێنێتە گێژخواردن.

**سوڵنێس** کەمێك ڕادەمێنێت

جێگەی سەرنجە، کە ئێوە وا دەڵێن. چوونکە دروست ئەوە، ئەو شتەیە کە من پیش هەموو شتێکی دی ئارەزووی دەکەم.

**هیلدە** بە بەرگە نەگرتنەوە

بەڵام ئەی بۆ نایکەن ئیترا!

**سوڵنێس** سەر ڕادەوەشینێت

نەخێر، چوونکە خەڵك ئەوەیان ناوێت.

**هیلدە**

تۆ بزانە - نایانەوێیت!

**سوڵنێس** سبکترانە

بەڵام من ئێستا ماڵێکی نوێ بۆ خۆم بینا دەکەم. بەرامبەر ئێرە.

**هیلدە**

بۆ خۆتان؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. خەریکە تەواو دەبێت. بیناکە بورجێکی بەسەرەوەیە.

**هیلدە**

بورجێکی بەرز؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە**

زۆر بەرز؟

**سوڵنێس**

بێگومان خەڵك دەڵێن، زۆر بەرزە. لە چاو ئەوەی بۆ ماڵێك کرابێت

**هیلدە**

دەخوازم یەکسەر بەیانی زوو بچمە دەرەوە و تەماشای ئەو بورجە بکەم.

**سوڵنێس** دەستی خستووەتە ژێر کوڵمی و تەماشای دەکات.

ئا پێم بڵێ. خاتوو ڤانگل - ناوتان چییە؟ مەبەستم، ناوی یەکەمتانە.

**هیلدە**

من ناوم هیلدە یە.

**سوڵنێس** وەك پێشتر

هیلدە؟ ئاوها؟

**هیلدە**

ئەی بیرتان نایەتەوە؟ ئێوە خۆتان بە هیلدە بانگتان کردم. ئەو ڕۆژەی، ئێوە لاساربوون.

**سوڵنێس**

وا بانگم کردن؟

**هیلدە**

بەڵام ئەو جارە گوتان هیلدەی بچکۆلە. من ئەوەم پێخۆش نەبوو.

**سوڵنێس**

کەواتە پێتان خۆش نەبوو، خاتوو هیلدە؟

**هیلدە**

نەخێر. ئەوکاتە پێمخۆش نەبوو. – ئەگینا – شازادەخانم هیلدە -. پێموایە، ئەوە شتێکی باش دەبێت [لەئایندەدا].

**سوڵنێس**

بەڵێ ئێ. شازادەخانم هیلدە – هیلدە -. ئێ ئێستا شانشینەکە، دەبێت ناوی چی بێت؟

**هیلدە**

یەع! ناخوازم هیچ لەبارەی ئەو شانشینە گێلەوە بزانم. من شتێکی تەواو جیاوازم دەوێت، من!

**سوڵنێس** لە کورسیەکەدا پاڵی داوەتەوە و هێشتا سەیری ئەو دەکات

ئایا ئەوە سەیر نییە -؟ چەند زیاتر بیری لێ دەکەمەوە ئێستا - وا دێتە بەرچاوم، وەك ئەوەی من لێرە ساڵانێکی زۆر ئازاری خۆم داوە بە – هـم –

**هیلده**

بە چی؟

**سوڵنێس**

بە بیرکەوتنەوەی شتێك – شتێکی ئاوها ئەزموونکراو، من پێموابوو، دەبێت من دووبارە ئەوەم بیرم چووبێتەوە. بەڵام هەرگیز تێنەگەیشتم کە ئەو شتە دەبێت چی بێت.

**هیلده**

وەستا، ئێوە دەبوایە گرێیەکتان لە دەسەسرەکەی گیرفانتان دابایە.

**سوڵنێس**

ئەوساش هەر دەهاتم و دەچووم و بیرم لەوە دەکردەوە، داخوا ئەو گرێیە دەبێ مانای چی بێت.

**هیلده**

ئا بەڵێ، ئەوەش هەیە.

**سوڵنێس** بە هێواشی هەڵدەسێتە سەرپێ

لە ناخی دڵەوە شتێکی خۆش بوو، ئەوەی ئێوە ئێستا هاتن بۆ لام.

**هیلده** وورد تەماشای دەکات

خۆش بوو؟

**سوڵنێس**

چوونکە من زۆر بە تەنیا لێرە دانیشتبووم. وە زۆر بێ دەسەپاچانە لە هەموویانم دەڕوانی. (هێواشتر) با پێتان بڵێم - من وام لێهاتووە زۆر دەترسم - زۆر زۆر لە گەنجێتی دەترسم.

**هیلده** بە فووکردنەوە

پییف – ئینجا گەنجێتی شتێکە لێی بترسی!

**سوڵنێس**

بەڵێ، بێگومان. لەبەرئەوە من لە ژوورەوە دەرگام لەسەر خۆم کڵۆم داوە. (وەك نهێنییەکی زۆری لابێ) با بزانن، گەنجێتی دێ و دەست دەکات بە لە دەرگا دان! دەرگا دەشکێنی و بۆم دێتە ژوورەوە!

**هیلده**

کەوابێ من پێموایە، ئێوە دەبێت ئێدی بچن دەرگا لە گەنجێتی بکەنەوە.

**سوڵنێس**

دەرگا بکەمەوە؟

**هیلده**

بەڵێ. بۆئەوەی گەنجی بتوانێت بێتە ژوورەوە بۆ لاتان. ئاوها بە شتە باشەکانەوە.

**سوڵنێس**

نەخێر، نەخێر، نەخێر! گەنجی - ئەوە تۆڵەسەندنەوەیە، ئەوە، با بزانن. ئەوە پێشڕەوی گۆڕانکارییە. چۆن بڵێیت لە ژێر ئاڵایەکی نوێدا.

**هیلدە** هەڵدەسێت، تەماشای دەکات و بەدەم لەرزینەوە دەڵێت

وەستا، دەتوانن من بۆ شتێك بەکار بهێنن؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئێستا بەڕاستی دەتوانم! چوونکە - پێموابێت، تۆش بەشێوەیەك لەژێر ئاڵایەکی نوێدا هاتویت. کەچی دژی گەنجایەتیت -!

دکتۆر هەرداڵ لە دەرگای سەر هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێ – ئەوە لەگەڵ خاتوون هێشتا لێرەن؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. ئێمە، هەردووکمان، زۆر زۆرمان شت هەبوو لەبارەیەنەوە قسە بکەین.

**هیلدە**

هەم شتی کۆن و هەم شتی نوێ.

**دکتۆر هەرداڵ**

نا، بەڕاست؟

**هیلدە**

ئۆ، هێجگار خۆش بوو. بۆ وەستا سوڵنێسی بیناساز – ئەو بیرێکی تیژی وای هەیە هەر لە عەقڵدا نییە، ئەو. یەکسەر تەواوی وورد و درشتی شتەکانی هەمووی لە بیرە.

ئالینێ خانم لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.

**ئالینێ خانم**

بروانە، خاتوو ڤانگل، ئێستا ژوورەکە ئامادەیە بۆ ئێوە.

**هیلدە**

ئۆ، چەند لەگەڵمدا میهرەبانن.

**سوڵنێس** ڕوو دەکاتە ئالینێ خانم

ژووری منداڵەکان؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ. ئەوەی ناوەڕاست. بەڵام پیش هەموو شتێك دەبێت بچینە سەرخوانی نانخواردن.

**سوڵنێس** سەر بۆ هیلدە دەلەقێنێت

هیلدە، لە ژووری منداڵەکاندا دەخەوێت.

**ئالینێ خانم** تەماشای دەکات

هیلدە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، خاتوو ڤانگل، ناوی هیلدەیە. من هەر لە منداڵییەوە، دەیناسم.

**ئالینێ خانم**

نـا، تۆ لەوکاتەوە دەیناسیت، هاڵڤارد؟ ئێستا، فەرموون . خوان ڕازەوەیە.

قۆڵی دکتۆر هەرداڵ دەگرێت و لەلای ڕاستەوە لەگەڵی دەچێتە دەرەوە.

لەوکاتەدا هیلدە کەلوپەلی سەفەرکردنەکەیەی کۆکردووەتە.

**هیلدە** لەسەرخۆ و خێرا بە سوڵنێس دەڵێت

ئەوەی گوتان، ڕاستە؟ ئێوە دەتوانن من بۆشتێك بە کاربهێنن؟

**سوڵنێس** شتەکانی لەدەست دەسێنێت

ئێوە ئەو کەسەن، کە من زۆر بە تاسەیەوە بووم.

**هیلدە** بە چاوی شاد و سەیرلێ هاتوانەوە تەماشای دەکات و دەستەکانی دەکات بە نێو یەکدا.

ئەی دنیایی گەورە و خۆش -!

**سوڵنێس** بەتامەزرۆی وەڵامەوە

ئێستا -؟

**هیلدە**

کەواتە من خاوەنی شانشینەکەم ئیتر!

**سوڵنێس** بێ ویستی خۆی

هیلدە -!

**هیلدە** دیسان بە دەم لەرزینەوە

نزیکتر بڵێم - ئەوەندەی نەماوە.

لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە. سوڵنێسش بە دوایدا.

## دیمەنی دووەم

هۆڵێکی میوانی بچکۆلەی جوان ڕازاوە لە ماڵەکەی سوڵنێسی بیناسازدا. دیواری دواوە جامخانەیە دەچێتەوە سەر باڵکۆن و باخچەیەک. لای ڕاستەوە گۆشەیەکی لارکە دەبێتە ژورێکی جیایی سەر بە هۆڵەکە، لەوێدا ئینجانەی پڕ گوڵ دانراوە و پەنجەرەیەکی گەورەش هەیە. لەلای چەپیشەوە هەمان گۆشەی لار هەیە. لەوێدا دەرگایەکی تاپێتکراو بچکۆلە هەیە. لەهەر یەك لە دیوارەکانی ئەملاو لاشدا دەرگایەکی ئاسایی هەیە. لە بەشی پێشەوەی دیوارەکەی لای ڕاستدا مێزێك بە ئاوێنەیەکی گەورەوە لەپاڵ دیوارەکە دایە. گوڵ و ڕووەکێکی زۆر و زەبەند. قەنەفە و مێزو کورسی لە بەشی پێشەوەی لای چەپدا. بەرەو دواوە زیاتر کتێبخانەیەکە. لە سەر زەوییەکەی، بەردەم گۆشە لارەکە، مێزێکی بچکۆلە و چەند کورسییەك هەیە. پیش نیوەڕۆیەکی زووە.

سوڵنێسی بیناساز لەسەر مێزە بچکۆلەکە دانیشتووە و فایلەکەی ڕاگنار بڕۆڤیکی لەبەر دەمیدا کردووەتەوە. لاپەرەی نەخشە سازییەکان هەڵداداتەوە و وورد تەماشای هەندێکیان دەکات. ئالینێ خانم بە مەسینەیەکی [گوڵ] ئاودانی بچکۆلەوە بێدەنگ دەرواو گوڵەکان ئاودەدات. خانم وەك پێشان بەرگی ڕەشی پۆشیوە. شەپقەکەی خانم و چەتری دژەخۆرەکەی لەسەر کورسییەک بەتەنیشت ئاوێنەکەوەن. سوڵنێس بە دزییەوە یەك دووجار تەماشای دەکات. هیچ کامیان قسە ناکەن.

لەلای چەپەوە کایا فۆسلی بە هێواشی لەدەرگاکە دێتە ژوورەوە.

**سوڵنێس** ئاوڕدەداتەوە و بەگرنگی نەدانەوە دەڵێت

ها، ئەوە ئێوەن؟

**کایا**

تەنها ویستم گەیەشتنم ڕابگەیەنم.

**سوڵنێس**

بەڵێ، بەڵێ، چاکە. ئەی ڕاگناریش لەوێ نییە؟

**کایا**

نەخێر، هێشتا نەهاتووە. ئەوە دەبوایە بمێنێتەوە کەمیك و جاوەڕێی دکتۆر بکات. بەڵام دواتر دێ و دەپرسێتەوە-

**سوڵنێس**

ئەی ئەو پیرەمێردە چۆنە ئەمڕۆ؟

**کایا**

خراپە. زۆر داوای لێبووردن دەکات کە ئەمڕۆ  دەبێت هەمووی لە جێگەدا بێت.

**سوڵنێس**

بێگومان، با لەماڵەوە بێت. بەڵام تۆ ئیتر بڕۆ سەر کارەکەت.

**کایا**

بەڵێ. (لەلای دەرگاکەوە دەوەستێ) ڕەنگە بخوازن، کە ڕاگنار هات قسەی لەگەڵدا بکەن؟

**سوڵنێس**

نەخێر - من هیچ شتێکی تایبەتیم نییە.

کایا دووبارە لەلای چەپەوە دەچێتە دەرەوە.

**سوڵنێس** هێشتا دانیشتووە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە نەخشە لەسەر کێشراوەکانە.

**ئالینێ خانم** لەلای ئینجانە گوڵەکانەوە

بریا بمزنیبایە، داخوا ئەویش، نامرێت.

**سوڵنێس** تەماشای خانم دەکات

ئەویش؟ کێی تریش؟

**ئالینێ خانم** بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە

با، با، مرۆڤیکی پیر – بێگومان ئەویش ئێستا دەمرێت، هاڵڤارد. تۆ دەیبینیت.

**سوڵنێس**

ئالینێی ئازیز، ناچیتە دەرەوە، پیاسەیەك بکەیت؟

**ئالینێ خانم**

با، بەڕاستی دەچم.

دەمێنێتەوە و خەریکی گوڵەکان دەبێت.

**سوڵنێس** خۆی بەسەر نەخشە کێشراوەکاندا چەماندووەتەوە

ئەو خانمە هێشتا خەوتووە؟

**ئالینێ خانم** تەماشای دەکات

ئەوە دانیشتوویت بیر لە خاتوو ڤانگل دەکەیتەوە؟

**سوڵنێس** بە گوێ پێ نەدانەوە

من هەر ئاوها ئەوم بیرکەوتەوە.

**ئالینێ خانم**

خاتوو ڤانگل دەمێکە هەستاوە.

**سوڵنێس**

ها، دەمێکە هەستاوە؟

**ئالینێ خانم**

کە من لەوێ بووم، ئەو دانیشتبوو خەریکی جلەکانی بوو –

ئالینێ خانم دەچێتە بەر ئاوێنەکە و بەهێواشی شەپقەکەی دەکاتە سەری.

**سوڵنێس** دوای پشوویەکی کورت

دواجار ئێمە پێویستامان بە یەکێك لە ژووری منداڵەکان بوو، ئالینێ.

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، ئێمە پێویستمان پێی بوو.

**سوڵنێس**

ئینجا من پێموایە، ئەوە باشترە، لەوەی کە هەمووی بە بەتاڵی بمێنێتەوە.

**ئالینێ خانم**

ئەم بەتاڵییە تەواو ترسناکە. تۆ ڕاست دەکەیت.

**سوڵنێس** فایلەکە دادەخات، هەڵدەسێ و دەچێتە نزیکییەوە.

ئەوا تۆ دەش بینیت، ئالینێ، کە لەمەودوا بۆ ئێمە باشتر دەبێت. زۆر خۆشتر دەبێت. ژیانکردن ئاسانتر دەبێت. – بەتایبەتی بۆ تۆ.

**ئالینێ خانم** تەماشای دەکات

لەمەودوا؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، باوەڕم پێبکە، ئالینێ –

**ئالینێ خانم**

تۆ مەبەستت ئەوەیە - لەبەرئەوەی ئەو خانمە هاتووە بۆ ئێرە؟

**سوڵنێس** زۆر لەخۆی دەکات

بێگومان من مەبەستم ئەوەیە - یەکەم شت کە گواستمانەوە نێو خانووە تازەکە.

**ئالینێ خانم** باڵاپۆشەکەی هەڵدەگرێت

بەڵێ، تۆ لەوباوەڕەدایت، هاڵڤارد؟ ئەو کاتە باشتر بێت؟

**سوڵنێس**

[جگە لەوە] هەرگیز بیر لە شتێکی دیکە ناکەمەوە. بێگومان تۆش هەر لەو باوەڕەدایت؟

**ئالینێ خانم**

من هیچ بیرو بۆچوونێکم دەربارەی ئەو خانووە تازەیە نییە.

**سوڵنێس** نائومێدبووانە

بۆ من گوتنی ئەو قسەیە بەڕاستی خراپە. چوونکە زیاتر من لەبەر خاتری تۆ، ئەو خانووەم دروستکردووە.

**سوڵنێس** دەخوازێت لە پۆشینی باڵا پۆشەکەیدا یارمەتی بدات

**ئالینێ خانم** خۆی دوور دەخاتەوە

لە بنەڕەتدا، تۆ زۆر شت لە پێناوی مندا دەکەیت.

**سوڵنێس** بە توندییەکی دیارەوە

نەخێر، نەخێر، تۆ نابێت شتی ئاوها بڵێیت، ئالینێ! من بەرگە ناگرم گوێم لەو جۆرە قسانە بێت لە تۆوە!

**ئالینێ خانم**

باشە، کەواتە من ئەو قسەیە ناکەم، هەڵڤارد.

**سوڵنێس**

بەڵام من هەر لەسەر قسەی خۆمم. من. ئەوا دەشیبینیت، کە لەو خانووە تازەیەدا [شتەکان] باش دەکەونەوە بۆ تۆ.

**ئالینێ خانم**

خوایە هاوار - بۆ من باش دەکەونەوە -!

**سوڵنێس** بە ووزەوە

بەڵێ، بەڵێ! تۆ لەوە دڵنیابە! چوونکە، تەماشاکە - زۆر شتی لە باوەڕ بەدەر لەوێ دەبینیت کە خۆتت بە بیر دەهێنێتەوە –

**ئالینێ خانم**

پەیوەست بەو شتانەی، کە هی باوک و دایکم بوون – و هەموویان سووتان.

**سوڵنێس** بە هێواشی

بەڵێ، بەڵێ، ئەی ئالینێی داماو. ئەوە بۆ تۆ گورزێکی زۆر توند بوو.

**ئالینێ خانم** بە گلەییکردنەوە

هەڵڤارد، تۆ هێندەی خۆت پیتخۆشە دەتوانیت خانووبەرە لە دنیادا دروستبکەیت - [وەڵێ] تۆ سەرلەنوێ هەرگیز هیچ ماڵێکی دروست و حیسابیت بۆ من بینا نەکردووە!

**سوڵنێس** بە نێو ژوورەکەدا دەڕوات

باشە، کەواتە لێگەڕێ توخوا با لەوە زیاتر باسی ئەوە نەکەین.

**ئالینێ خانم**

ئینجا خۆ هەر بە نەریت کوا ئێمە هەرگیز باسی ئەوە ناکەین. چوونکە تۆ هەر لە خۆتی دوور دەخەیتەوە –

**سوڵنێس** لەپڕ دەوەستێ و تەماشای دەکات

من وا دەکەم؟ ئەی بۆچی دەبێت من ئەوە بکەم؟ لە خۆمی دوور دەخەمەوە؟

**ئالینێ خانم**

ئا بەڵێ، من تۆ زۆر باش دەناسم، هاڵڤارد. بمبوورە. تۆ زۆر حەزدەکەیت بمپارێزیت. بەتەواوەتی - هێندەی بتوانیت.

**سوڵنێس** بە چاوی سەیر لێهاتنەوە

تۆ! ئەوە تۆیت - تۆ خۆت، کە باسی دەکەیت، ئالینێ!

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، دەبێت منیش ئێدی مەبەستم، خۆم بێت.

**سوڵنێس** ڕاستەوخۆ، بە بەرخۆیەوە

وایە ئیتر! [ئەوەش]

**ئالینێ خانم**

چوونکە دەربارەی ماڵە کۆنەکە - لەوبارەیەوە لێیگەڕێ چۆنە با هەروابێت. خوای گەورە - ئێستا کاتێك ئەو ڕووداو ناخۆشە کەوتەوە، ئێدی –

**سوڵنێس**

بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت. وەك دەڵێن – بەڵایە و هاتووە دەسەڵات نییە.

**ئالینێ خانم**

بەڵام ئەو بەڵایەی سووتانەکە بەدوای خۆیدا هێنا -! ئەوە، ئەوە، ئەوە! ئەوە ئەو شتەیە!

**سوڵنێس** بەتوندی

بیر لەوە مەکەرەوە، ئالینێ!

**ئالینێ خانم**

با، دروست دەبێت من بیر لەوە بکەمەوە. وە بۆ جارێکیش باسی بکەم. چوونکە وابزانم من چیدی ناتوانم ئەوبارە بارکەم. وە هەرگیز بۆم نییە لە خۆشم ببورم -!

**سوڵنێس** بە تووڕەییەوە

لە خۆت -!

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، لەبەرئەوەی من ئەرکی دوولام لەسەر شان بوو. هەم بەرامبەر بە تۆ و هەم بەرامبەر بچووکەکانیش. من دەبوایە خۆم پتەوکردبایە. نەمهێشتبایە ئەو ترسە بەو جۆرە دەسەڵاتم بەسەردا بگرێت. هەروەها خەمیش لەبەرئەوەی ماڵەکەم لێ سووتا. (دەستەکانی هەڵدەگێڕێتەوە) ئۆ، ئەگەر من هەر بمتوانیبایە، هاڵڤارد!

**سوڵنێس هێواش،** کارلێکردوانە، دەچێتە نزیکییەوە

ئالینێ - بەڵێنم بدەرەێ، کە تۆ چیدی هەرگیز ئەو بیرانە ناکەیتەوە. – تەواو بەڵێنی ئەوەم بدەرێ، تۆ!

**ئالینێ خانم**

ئۆ خوایە - بەڵێن! بەڵێن! مرۆڤ دەتوانێت، بەڵێن بدات، ئیدی ئەو بەڵێنە هەر شتێك بێت –

**سوڵنێس** دەستەکانی دەنووقێنێت و بە نێو ژوورەکەدا دەڕوات

ئۆ، ئەوەش هەر نائومێدییە، بزانە! هەرگیز پرشنگی تیشکێکی خۆر نییە! تەنانەت هێندەی برە ڕووناکیەك لە نێو ماڵەکەشدا!

**ئالینێ خانم**

هاڵڤارد، ئاخر ئێرە خۆ ماڵ نییە.

**سوڵنێس**

ئۆ نەخێر، تۆ دەبێ بڵێیت. (بەتوندی) ئینجا خوا دەزانێت، بڵێیت تۆ لەوەدا ڕاست نە بیت، بڵێیت باشتر نەبێت بۆ ئێمە لەو خانووە دا.

**ئالینێ خانم**

هەرگیز ئەوە وا نابێت. ئەوێش وەك ئێرە، بە هەمان ئەندازە بەتاڵ و، بە هەمان ئەندازەش چۆڵوهۆڵ.

**سوڵنێس** بە توندی

بەڵام دەبێت ئێمە ئیتر بۆچی ئەوەمان بیناکردبێتت؟ دەتوانی ئەوەم پێ بڵێیت؟

**ئالینێ خانم**

نەخێر، ئەوە خۆت وەڵامی خۆت بدەرەوە.

**سوڵنێس** بە چاوی گومانلێکردنەوە بەدزییەوە لێی دەڕوا نێت

ئالینێ، مەبەستت لەوە چییە؟

**ئالینێ خانم**

مەبەستم چییە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ -! تۆ زۆر سەیر ئەوەت گوت. وەك ئەوەی تۆ مەبەستێكی شاراوەت لێی هەبێت.

**ئالینێ خانم**

نەخێر، دەتوانم تەواو لەوە دڵنیات بکەمەوە –

**سوڵنێس** دەچێتە نزیکترەوە

ئۆ، زۆر سوپاس - من [بەشی خۆی] دەزانم، چی دەزانم. ئینجا من، هەم دەبینم و هەم دەش بیستم. با لەوە دڵنیا بیت، ئالینێ!

**ئالینێ خانم**

بەڵام ئیتر ئەوە چییە؟ چییە ئەوە؟

**سوڵنێس** لەبەر دەمیدا دەوەستێت

ڕەنگە تۆ لەو وشە بێگوناهەی، کە من دەریدەبڕم، مانایەکی حەشاردراوی مەترسیداری چاوەڕوان نەکراو نەبینیتەوە؟

**ئالینێ خانم**

من! وا دەکەم!

**سوڵنێس** پێدەکەنێت

هاهاها! ئەوە خۆ زۆر بەجێیە، ئالینێ! کاتێك تۆ لە ماڵەکەدا لەلایان پیاوێکی نە خۆشەوە بێزار دەکرێیت، ئیتر –

**ئالینێ خانم** بە ترسەوە

نەخۆش! بۆ تۆ نەخۆشیت، هاڵڤارد!

**سوڵنێس** بە تووڕەییەوە

پیاوێکی نیوە شێت! پیاوێکی دەروون نەخۆش! چۆنت پێخۆشە، وا ناوم بنێ.

**ئالینێ خانم** بە دوودڵییەوە لەپشتی کورسییەکەوە دێتە بەردەم کورسێکەو دادەنیشێت

هاڵڤارد - بۆ خاتری خوا -!

**سوڵنێس**

بەڵام ئێوە، تۆ و دکتۆر، بەهەڵەدا چوون. من ئاوها نیم.

بەپیاسە بە نیو ژوورەکەدا دێت و دەچێت و ئالینێ خانمش بەترسەوە بەچاو یاوەری جوڵەکانی دەکات. پاشان سوڵنێس بەرەو لای ئالینێ خانم دەچێت.

**سوڵنێس** ئارام

لە بنەڕەتەوە من هیچ کێشەیەکی تەندروستیم نییە.

**ئالینێ خانم**

نەخێر، وا نییە! بەڵام ئەی تۆ کێشەت چییە ئیتر؟

**سوڵنێس**

هەر ئەوەیە، کە من زۆر جار دەکەومە ژێر بارگرانی ئەو قەرزە مەترسیدارەوە –

**ئالینێ خانم**

دەڵێیت قەرز! بەڵام خۆ تۆ قەرزاری کەس نیت، هاڵڤارد!

**سوڵنێس** هێواش، بە جوڵەوە

من لە تاوانباری و قەرزێکی کۆتایی نەهاتوودام بە تۆ - بە تۆ - بە تۆ، ئالینێ.

**ئالینێ خانم** بە هێواشی هەڵدەستێتە سەرپێ

چی لەدوای ئا ئەمەوەیە؟ بە چاکی بیڵێ هەر ئێستا.

**سوڵنێس**

بەڵام هیچ شتێك لە دوای ئەو قسەیەوە نییە! من چ بە ئانقەست و چ بە مەبەست لە هەموو حاڵەتێکدا، هەرگیز هیچی خراپم بەرامبەر نەکردوویت. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا – وا هەست دەکەم وەك ئەوەی کەوتبمە ژێر فشاری باری تاوانێکی قورسەوە.

**ئالینێ خانم**

تاوانێك بەرامبەر بە من؟

**سوڵنێس**

زیاتر بەرامبەر بە تۆ.

**ئالینێ خانم**

کەواتە تۆ – نەخۆشی، هاڵڤارد.

**سوڵنێس** بەلەش گرانییەوە

دەبێت ئێدی وا بێت. یان شتێك لەو بابەتە. (تەماشای دەرگاکەی لای ڕاست دەکات، کە دەکرێتەوە) ئێ! ئێستا ڕووناك دەبێتەوە.

هیلدە ڤانگل دێتە ژوورەوە. شتێکی لە خۆ گۆڕینەکەیدا گۆڕییەوە.

**هیلدە**

بەیانیت باش، وەستا!

**سوڵنێس** سەر دەلەقێنێت

باش خەوتن؟

**هیلدە**

عەجایەب خۆش! وەك ئەوەی لە لانکەیەکدابم وا. ئۆ - ڕاکشابووم و خۆم دەکێشایەوە وەك – وەك شازادە خانمێك!

**سوڵنێس** کەمیك پێدەکەنێت

کەواتە تەواو ئاسوودە.

**هیلدە**

بە باوەڕی خۆم.

**سوڵنێس**

ئینجا بێگومان خەویشتان دەبینی؟

**هیلدە**

بەڵێ. بەڵام خەوی ناخۆش.

**سوڵنێس**

ئاوها؟

**هیلدە**

بەڵێ، چوونکە من خەوم بینی لە چیایەکی بەرزی مەترسیدارەوە بەربوومەوە خوارێ. ئێوە هەرگیز خەونی ئاوها نابینن، ها؟

**سوڵنێس**

با چۆن - جاروبار، ئیتر –

**هیلدە**

کاتێك یەکیك بەو شێوەیە بەردەوام بەردەبێتەوە خوارێ – شتێکی هێجگار هەستبزوێنە.

**سوڵنێس**

من پێموایە، ئەوە هەستێکی ساردی وەک سەهۆڵ دەبەخشێ.

**هیلدە**

ئەی خۆت [لەترسانا] گرمۆڵەدەکەیت، کاتێك دەکەویتە ئەو بارودۆخەوە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، زۆر هێندەی بتوانم.

**هیلدە**

منیش هەروا دەکەم.

**ئالینێ خانم** چەتری دژە خۆرەکەی هەڵدەگرێت

ئێستا با من ئێدی بچم بۆ شار هاڵڤارد. (ڕوو دەکاتە هیلدە) ئینجا بزانم شتێك لەگەڵ خۆمدا بێنم، کە ئێوە پێویستان پێی بێ.

**هیلدە** دەخوازێت باوەشی پیادا بکات

ئۆ، ئازیزترین و نایابترین خانم! ئێوە بەڕاستی هێجگار میهرەبانن! بە ڕادەیەکی زۆر زۆر میهرەبانن –

**ئالینێ خانم** بە خۆپاراستنەوە، بێ بەربەست

نەخێر دوورە لەو شتەوە. ئەو تەنها ئەرکی سەرشانمە. بۆیە زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەنجامی دەدەم.

**هیلدە** تووڕە دیارە و لێوەکانی کۆدەکاتەوە

هەر چۆنێك بێت، وابزانم من دەتوانم، بە هەمان شێوەی ئێستامەوە – بەجوانی بە شەقامەکاندا بڕۆم. یان لەوانەیە نەتوانم؟

**ئالینێ خانم**

ڕاست پێت بڵێم وابزانم کەسانیك هەن چاودێریتان بکەن.

**هیلدە**

پیف! هیچی دی نا؟ ئینجا خۆ ئەوە شتێکی خۆشە، ئەوە.

**سوڵنێس** لە مەزاجێکی شاراوەدا

بەڵێ، بەڵام خەڵك ڕەنگە وای بۆ بچن کە ئێوەش شێت بوون، با بزانن.

**هیلدە**

شێت؟ بۆ لێرە لە نێو ئەم شارەدا ئەمەندە شێت زۆرە؟

**سوڵنێس** ئاماژە بۆ نێو چاوانی خۆی دەکات

بەلای کەمەوە ئەمە یەکیکی ئاوهایە.

**هیلدە**

ئێوە - وەستا!

**ئالینێ خانم**

ئۆف! نەخێر، بەڵام هاڵڤاردە ئازیزە میهرەبانەکەم!

**سوڵنێس**

بۆ ئێوە هێشتا تێبینی ئەوەتان نەکردووە؟

**هیلدە**

نەخێر، بەڕاستی من تێبینی ئەوەم نەکردووە. ( بەسەیر لێهاتنەوە کەمێك پێدەکەنێت) با، ڕەنگە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لە شتێك دا [تێبینیم کردبێ]

**سوڵنێس**

ها، گوێت لێیە، ئالینێ؟

**ئالینێ خانم**

ئەو شتە چییە ئیتر، ڤانگل خاتوون؟

**هیلدە**

نەخێر، نایڵێم.

**سوڵنێس**

با، بیڵێ!

**هیلدە**

نەخێر سوپاس - من هێندە شێت نیم.

**ئالینێ خانم**

کە تۆ و خاتوو ڤانگل بە تەنیا مانەوە، ئەوسا ئەو بێگومان دەیڵێت، هاڵڤارد.

**سوڵنێس**

بەڕاست - تۆ لەوباوەڕە دایت؟

**ئالینێ خانم**

ئا، بەڵێ. چوونکە تۆ پێشتر ئەوت زۆر باش ناسیوە. وەك باسی دەکەیت- لەوکاتەوەی ئەو منداڵ بووە.

ئالینێ خانم لە دەرگاکەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە

**هیلدە** کەمێك دواتر

ڕەنگە خانمەکەتان هیچ منی بە دڵ نەبێت؟

**سوڵنێس**

پێتانوایە، بۆ ئێوە هیچ تێبینیەکی ئاوهاتان لەودا کرد؟

**هیلدە**

ئەی ئێوە خۆتان تێبینی ئەوەتان نەکرد؟

**سوڵنێس** بە خۆدزینەوەوە

لەم ساڵانەی دوایدا، ئالینێ زۆر لە خەڵك دەسڵەمێتەوە.

**هیلدە**

بۆ ئەو ئەوەشی هەیە؟

**سوڵنێس**

بەڵام ئەگەر ئێوە بتوانن بەتەواوی لە زمانی بزانن و بیناسن - . بەڵێ، چوونکە ئەو زۆر میهرەبانە – و زۆر [کەسێکی] چاکە – بەڕاستی زۆر باشە –

**هیلدە** بەئۆقرە نەمانەوە

بەڵام ئەگەر ئەو ئاوایە - ئەی بۆچی ئەو ئەو قسەیەیکرد لە بارەی ئەرکی سەرشانەوە؟

**سوڵنێس**

دەربارەی ئەرکی سەرشان؟

**هیلدە**

بەڵێ، ئەو گوتی، دەخوازێت بچێتە دەرەوە شتێك بۆ من بکڕێت. چوونکە ئەوە ئەرکی سەرشانێتی - خۆی گوتی. ئۆ، من بەرگەی ئەو وشە ناشرینە خراپە ناگرم!

**سوڵنێس**

بۆچی بەرگەی ئەو وشەیە ناگرن؟

**هیلدە**

نەخێر، چوونکە زۆر سارد و [وەک دەرزی] تیژ و [لەش] ئاژنێنەرە. ئەرك – ئەرك – ئەرك. بەلای ئێوەشەوە ئەوە ئاوها نییە؟ وەك ئەوەی دەرزی بە کەسێکدا بکەن؟

**سوڵنێس**

هـم - بە ووردی بیرم لەوە نەکردووەتەوە.

**هیلدە**

با! ئینجا ئەو کە هێندە میهرەبانە، - وەك ئێوە دەڵێن، ئەو وایە، - ئێدی بۆ دەبوو بەو جۆرە قسەبکات؟

**سوڵنێس**

بەڵام خوای گەورە، ئەی دەبوایە چی بگوتبایە؟

**هیلدە**

ئەو دەیتوانی بڵێ، کە ئەو دەخوازێ ئەوە بکات، چوونکە ئەو هیجگار زۆر منی خۆش دەوێت. دەیتوانی شتێکی ئاوها بڵێ. شتێکی گەرم و بەراستی لە ناخەوە هەڵقوڵاو، با بزانن.

**سوڵنێس** تەماشای دەکات

ئێوە ئاوها دەخوازن؟

**هیلده**

بەڵێ، ڕێك ئاوها.

بە نێو ژوورەکەدا دەڕوات، لەبەر کتێبخانەکەدا دەوەستێت و تەماشای کتێبەکان دەکات.

**هیلده**

ئێوە زۆر زۆر کتێبتان هەیە.

**سوڵنێس**

ئۆ، بەشێکی زۆرم پەیدا کردووە.

**هیلده**

ئێوە ئەو کتێبانە هەموویان دەخوێننەوە؟

**سوڵنێس**

لە ڕابردوودا هەوڵی ئەوەم دا. ئەی ئێوە دەخوێننەوە؟

**هیلده**

نەخێر! هەرگیز – لەوە زیاتر نا. چوونکە لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی لەوەدا نابینمەوە.

**سوڵنێس**

بۆ منیش دروست هەروایە.

هیلده کەمێك بەنێو ژوورەکەدا دەگەڕێ و، بەتەنیشت مێزە بچکۆلەکەوە دەوەستێ، فایلەکە دەکاتەوە و پەڕە پەڕە پەڕەکانی نێو فایلەکە هەڵدەداتەوە.

**هیلده**

ئەم نەخشانە هەمووی ئێوە دروستان کردون؟

**سوڵنێس**

نەخێر، ئەوە کوڕێکی گەنج دروستیان دەکات، من ئەوم لێرە داناوە بۆ یارمەتی دانم.

**هیلده**

یەکێك، کە تۆ خۆت فێرت کردووە؟

**سوڵنێس**

ئا بەڵێ، ئەو هێواش هێواش شتێکیش لە منەوە فێر بووە.

**هیلدە** دادەنیشێت

کەواتە ئەو ئێدی کەسێکی زۆر زیرەکە؟ (کەمیك تەماشای یەکیك لە نەخشەکان دەکات)

وا نییە؟

**سوڵنێس**

ئۆ زۆر خراپ نییە. بۆ بەکارهێنانی من، ئێدی –

**هیلدە**

با چۆن! بە دڵنیاییەوە ئەو دەبێت زۆر زیرەك بێت.

**سوڵنێس**

ئێوە پێتانوایە، بە نەخشەکاندا ئەوە دەبینن؟

**هیلدە**

پیف - لەم شقلی و پقلییە! بەڵام ئەوکاتیك لە لای ئێوە فێر بووە، ئەوە ئیتر –

**سوڵنێس**

ئۆ، لەو بارەیەوە -. گەلێك کەس هەن، کە لە منەوە فێر بوون. وە خراپیش دەردەچن.

**هیلدە** تەماشای دەکات و سەر ڕادەوەشێنێت

نەخێر، ئەگەر بشمرم [باوەڕناکەم]، پاشان تێناگەم، دەکرێ ئێوە هێندە گێل بن.

**سوڵنێس**

گێل؟ پێتانوایە، من کەسێکی زۆر گێل بم؟

**هیلدە**

بەڵێ، بەڕاستی پێموایە. کاتێك ئێوە لێرە سەرقاڵی فێرکردنی ئەو هەموو پیاوانە دەبن، ئەوا ئێدی –

سوڵنێس وورد دەبێتەوە

ئێ؟ ئەی بۆ نا؟

**هیلدە** هەڵدەسێتە سەرپێ، کەمێك جیدی، کەمێکیش بە پێکەنینەوە

پیف، نەخێر، وەستا! ئەوە بە کەڵکی چی دێت! کەسی دی جگە لە ئێوە خۆتان بۆی نییە هیچ دروست بکات. ئێوە دەخوازن تەواو لەوکارەدا بە تەنیا بن. خۆتان هەمووی بکەن. ئەوا ئێستا زانیتان.

**سوڵنێس** کتوپڕ

هیلدە -!

**هیلدە**

ئێ؟

**سوڵنێس**

ئاخر ئێوه چۆن گەیشتنه ئەم دەرئەنجامه؟

**هیلده**

بۆ پێتانوایه، ئەو بیرکردنەوەیەی من تەواو هەڵەیه، ها؟

**سوڵنێس**

نەخێر، لەبەر ئەوه نا. بەڵام ئێستا شتێکتان پێ دەڵێم.

**هیلده**

ئادەی؟

**سوڵنێس**

من – بەردەوام – لێره له بێدەنگی و تەنیاییدا دێم و دەچم و – کار لەسەر هەمان بیرۆکه دەکەم.

**هیلده**

بەڵێ، من پێموایه، ئەوه، تەواو به جێیه.

**سوڵنێس** کەمێك به لاپەرسەنییەوه تەماشای دەکات

ئینجا ڕەنگه ئێوه تێبینی ئەوه هەموویتان کردبێت.

**هیلده**

نەخێر، به پیاوچاکان به هیچ شێوەیەك.

**سوڵنێس**

بەڵام پێشتر - که گوتان، پێتانوایه من – شێتم؟ له شتێکدا -؟

**هیلده**

ئۆ، ئەوه من بیرم له شتێکی تەواو دیکه دەکردەوه.

**سوڵنێس**

له چ شتێکی دیکه؟

**هیلده**

ڕەنگه ئەوه بۆ ئێوه هەر هەمان شت بێت، وەستا.

**سوڵنێس** به نێو ژوورەکەدا دێت و دەچێت

بەڵێ، بەڵێ، - به دڵی خۆتان. (له تەنیشت گۆشه لابەلاکەوه دەوستێ) وەره ئێرەوه، باشتێکتان پیشان بدەم.

**هیلده** دەچێته نزیکەوه

چییە؟

**سوڵنێس**

دەبینن - لەوێ لە بەخچەکەدا -

**هیلدە**

بەڵێ؟

**سوڵنێس** ئاماژە دەکات

بەرامبەر ئەو کانە بەردە گەورەیە -؟

**هیلدە**

مەبەستان، خانووە تازەکەیە؟

**سوڵنێس**

ئەوەی دروست دەکرێت. بەڵێ. بە تەواوەتی نزیك تەواو بوونە.

**هیلدە**

بورجێکی هیجگار بەرزی هەیە، پێموایە.

**سوڵنێس**

هێشتا ئەسکەلەکەی لانەبراوە.

**هیلدە**

ئەوە خانووە تازەکەی ئێوەیە، ئەوێ؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە**

ئەو خانووەی، ئێوە دەخوازن بچنە ناوی؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە** تەماشای دەکات

ئەو خانووەش ژووری منداڵانی تێدایە؟

**سوڵنێس**

سێ ژوور، وەك ئێرە.

**هیلدە**

منداڵیشتان نییە.

**سوڵنێس**

بە تەمای منداڵیش نین.

**هیلدە** بە زەردەخەنەیەکی نیوە چڵەوە

بەڵێ، دەی ئیتر وانیە، وەك من گوتم -؟

**سوڵنێس**

وەك -؟

**هیلدە**

ئەوەی کە ئێوە – ئاوها – لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك شێتن.

**سوڵنێس**

ئەوە ئەمە بوو ئێوە بیرتان لێ دەکردەوە؟

**هیلدە**

بەڵێ، لەو هەموو ژووری منالآنە چۆڵانە، لە ژوورەکەی کە من تێیدا نووستبووم.

**سوڵنێس** دەنگی نزم دەکاتەوە

ئێمە، من و ئالینێ - منداڵمان هەبوو.

**هیلدە** بە هەست وروژانەوە تەماشای دەکات

منداڵتان هەیە -؟

**سوڵنێس**

دوو کوڕی بچکۆلانە. هەر دووکیان لەیەك تەمەندا بوون.

**هیلدە**

دووانە بوون؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، دووانە. ئێستا ئەوە یانزە – دوانزە ساڵ لەمەوبەر.

**هیلدە** لەسەرخۆ

ئێ کەوابێت هەردووکیان -؟ کەوابێت ئەو دووانەیە ئێدی چیدی نین؟

**سوڵنێس** بێدەنگ کارتێکردوانە

تەنها بیست ڕۆژ لامان مانەوە. یان کەمتر. (هاوار دەکات) ئۆ، هیلدە، هاتنی ئێوە بۆ من چەندە خۆشە، هەر لەباوەڕدا نییە! چوونکە دواجار ئێدی من یەکێکم هەیە، قسەی لەگەڵدا بکەم!

**هیلده**

بۆ ناتوانن لەگەڵ ئەو – لەگەڵ خانم ئەوە بکەن؟

**سوڵنێس**

لەم بارەیەوە نا. بەو شێوەیە نا، وەك من دەخوازم و دەمەوێت. (بەتوندی) وە هەروەها لەبارەی زۆر شتی دیکەشەوە.

**هیلده** بەنزمی

مەبەستان، ئەوە بوو، کە گوتان، ئێوە پێویستان بە منە؟

**سوڵنێس**

بەڕادەیەکی زۆر ئێدی ئەوە بوو. دوێنێ. چوونکە ئەمڕۆ بەڕاستی چیدی نازانم — (بە قسە بڕینەوە) وەرە ئێرە وە با دانیشین، هیلده. لەسەر قەنەفەکە دانیشن - با باخچەکەتان لەبەر چاودا بێت.

**هیلده** لەسەر قەنەفە زاوییەکە دادەنیشێت.

**سوڵنێس** کورسییەك دەباتە نزیکییەوە

حەز دەکەن گوێتان لەمە بێت؟

**هیلده**

بەڵێ، من زۆر حەزدەکەم دانیشم و گوێتان لێ بگرم.

**سوڵنێس** دادەنیشێت

منیش ئێستا هەموویتان بۆ باس دەکەم.

**هیلده**

من هەم باخچە و هەم تۆشم ئێستا وا لەبەر چاو، وەستا. ئێدی بۆم باسکە! خێرا!

**سوڵنێس** ئامژە بۆ پەنجەرەی پێچەلارکە دەکات

خۆ لەویا بەو بەرزییەوە. – ئەو خانووە تازەیە دەبینن –

**هیلده**

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

. ساڵەکانی سەرەتا من و ئالینێ لەوێدا دەژیاین. چوونکە لەوێدا ئەوسا خانوویەکی کۆن هەبوو، کە هی دایکی ئالینێ بوو. دوای مردنی ئەو بۆمان مایەوە. ئینجا هەموو ئەو باخە گەورەیەش، هەر بۆ ئێمە مایەوە.

**هیلده**

ئەی ئەو خانووەش بورجی لەسەر بوو؟

**سوڵنێس**

پرسیار دەربارەی شتی ئاوها مەکە. [ئەو خانووە] سنوقێکی داری گەورە و ناشرین و تاریکبوو کە لە دەرەوە تەماشات دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەوە تەواو گەرم و خۆش بوو.

**هیلدە**

ئەی ئەو خانووە کۆنەتان ڕووخاند؟

**سوڵنێس**

نەخێر، سووتا.

**هیلدە**

هەمووی؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە**

ئەوە، ڕووداوێکی ناخۆشی گەورە بووە بۆتان؟

**سوڵنێس**

کەوتووەتە سەر کەسەکان. وەك بیناساز ئەو سووتانە ناوبانگ و دەسەڵاتی ئابووری بۆ من بەدەست هێنا –

**هیلدە**

ئێ، بەڵام -؟

**سوڵنێس**

ڕێك ئەوکاتە ئێمە تازە ئەو دوو کوڕە بچووکەمان بوو بوو –

**هیلدە**

بەڵێ، ئەو دوو منداڵە دووانە داماوە..

**سوڵنێس**

ئەوان زۆر تەندروست و نایاب هاتنە دنیاوە. ڕۆژ بە ڕۆژیش گەورە دەبوون، بە ڕوونی ئەوە دەبینرا.

**هیلدە**

منداڵی ساوا لە ڕۆژەکانی سەرەتادا زۆر گەورە دەبن.

**سوڵنێس**

ئەوە جوانترین دیمەن بوو، بۆ یەکێك کە بتوانێت بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت، ئەوکاتەی ئالینێ لەگەڵ هەردوکیاندا ڕادەکشا. – بەڵام ئێدی ڕووداوی شەوی سووتانەکە ڕوویدا –

**هیلدە**

ئێ، ئێدی چی -؟

**سوڵنێس**

هاتوهاوارەکە هێند بە توندی ئالینێی ڕاچڵەکاند بوو. ژاوەژاوی کاتی سووتانەکە - ڕاکردنە دەرەوە – شپرزە بوون - وە سەرباری ئەوەش لەو شەوە سەرما و سۆڵە دا -. دەبوایە ئەوان بە باوەش بهێنرێنە دەرەوە، چوونکە لە ژوورەوە خەوتبوون. هەم ئالینێ و هەم [منداڵە] بچکۆلەکانیش.

**هیلدە**

ئەی ئەوان بەرگەی ئەوەیان نەگرت؟

**سوڵنێس**

با، بەرگەی ئەوەیانگرت. بەڵام ئالینێ دووچاری [دەردی] تالێهاتن هات. کاری لە شیردانی کرد. ئەو دەیویست خۆی شیر بە منداڵەکان بدات. چوونکە ئەوە ئەرکی ئەو بوو، وەك خۆی دەیگو. ئینجا هەر دوو کوڕە بچکۆلانەکەمان، ئەوان – (دەستەکانی توند دەنوقێنێت) ئەوان -!

**هیلدە**

ئەوان بەرگەی ئەوەیان نەگرت؟

**سوڵنێس**

نەخێر، بەرگەیان نەگرت. ئەوە بوو، منداڵەکانی لێ سەندین.

**هیلدە**

دەبێت ئەوە بۆ ئێوە بارگرانییەکی سەخت بوو بێت.

**سوڵنێس**

بۆ من زۆر سەخت بوو. بەڵام دەجاران سەختتر بوو بۆ ئالینێ. (لە تووڕە بوونێکی بێدەنگانەدا دەستەکانی دەنوقێنێت) **ئۆ**، شتی ئاوها چۆن دەبێ لە دنیادا ڕێگە بە ڕوودانی بدرێت! (بەکورتی و بڕیاردەرانە) لەو ڕۆژەوەی من ئەوانم لە دەست چووە، حەزناکەم کەنیسە دروست بکەم.

**هیلدە**

ڕەنگە حەزیشتان لە دروستکردنی بورجی کەنیسەکەی لای ئێمەش نەکردبێت؟

**سوڵنێس**

نەخێر حەزم نەدەکرد. خۆم دەزانم، چەند دڵخۆش و باری شانم سووک بوو، کاتێك ئەو بورجە تەواو بوو.

**هیلدە**

منیش ئەوە دەزانم.

**سوڵنێس**

ئێستا من هەرگیز – هەرگیز چیدی شتی ئاوها دروست ناکەم! نە کەنیسە و نە بورجی کەنیسە.

**هیلدە** هێواش سەردەلەقێنێت

تەنها خانوو. کە خەڵك بتوانن تێیدا بژین.

**سوڵنێس**

ماڵ بۆ مرۆڤ، هیلدە.

**هیلدە**

بەڵام ماڵ [لەوانەی] بورجی بەرزی هەواپێویان بەسەرەوەیە.

**سوڵنێس**

زیاتر ئەوە. (بە تۆنێکی نەرمترەوە) بەڵێ، دەزانن - وەک گوتم - ئەو سووتانە، ئەوە، منی خستە بارێکی ئابووری باشەوە. وەك بیناساز.

**هیلدە**

بۆچی بەخۆتان ناڵێین ئەندازیاری بیناساز وەك ئەوانی دیکە؟

**سوڵنێس**

من تەواو فێری ئەوە نەبووم. ئەوەی، من دەیزانم، زیاتر خۆم فێری بووم.

**هیلدە**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونە خاوەنی ئابوورییەکی باش، بیناساز.

**سوڵنێس**

دوای سووتانەکە، بەڵێ. نزیکەی هەموو باخەکەم دابەشکرد بەسەر چەند ڤیەلایەکدا. ئینجا ئەوەم لەوێدا دروستکرد، کە رێك خۆم دەمویست. ئەوەش زۆر بە خێرایی بۆ من بەباشی کەوتەوە.

**هیلدە** وورد تەماشای دەکات

بە دڵنیاییەوە دەبێ ئێوە پیاوێکی زۆر بەختەوەر بن. بەو شێوەیەی ئێستا ئێوە ژیانی تێدا دەکەن.

**سوڵنێس** بە روخسارێکی خەمناکەوە

بەختەوەر؟ ئێوەش وا دەڵێن؟ وەك هەموو ئەوانی دی.

**هیلدە**

بەڵێ، چوونکە من پێموایە، ئێوە دەبێت بەختەوەر بن. بەس هەر هێندەی ئێوە بتوانن واز لە بیرکردنەوە لەو دوو منداڵە بچکۆلەیە بهێنن، ئیتر –

**سوڵنێس** بە هێواشی

ئەو دوو منداڵە بچکۆلەیە - وازلێ هێنانیان هێندە ئاسان نیە، هیلدە.

**هیلدە** کەمێك بە دوودڵییەوە

هێشتا ئەوانە بە ڕادەیەکی هێندە زۆر ڕێگرن. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی، هێندە، زۆریش؟

**سوڵنێس** زەق چاوی تێ دەبڕێت، بەێ ئەوەی وەڵام بداتەوە

وتان، پیاوێکی بەختەوەر –

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵام بۆ ئێوە بەختەوەر نین - بە هەموو شێوەیەک؟

سوڵنێس لەسەر تەماشاکردنی دەمێنێتەوە

کاتێک  من دەربارەی ڕووداوی سووتانەکە قسەم بۆ کردن – هـم –

**هیلدە**

ئێ؟

**سوڵنێس**

باشە ئەو بابەتە ئێوەی سەرقاڵی -  بیرۆکەیەکی تایبەت نەکرد؟

**هیلدە** بە بێهودە ئارامی نیشان دەدات

نەخێر. دەبێ ئەو بیرۆکەیە چی بێ؟

**سوڵنێس** بە نزمی و بە توند دان نان بە وشەکاندا

لەو سووتانەدا، لەو سووتانەدا تەنها شت ئەوە بوو ، کە من تەرخانکرام بۆ ئەوەی ماڵ بۆ خەڵک دروست بکەم. ماڵی، خۆش و گەرم و ڕووناک، ماڵێک کە باوک و دایك و تەواوی منداڵەکانیان بتوانن بە ئاسوودەیی و هەستی خۆشەوە لە ناویدا بژین، ئەوەش شتێکی زۆر بەختەوەرانەیە، کە لەو پێناوەدا لە دنیادا هەبێت. ئینجا لەوەش زیاتر ئەوەی لە [بەسەرهاتی]  گەورە و بچوکدا پێکەوە بن.

**هیلدە** بە حەماسەوە

بەڵێ، بەڵام ئەی ئەوە بۆ ئێوە بەختەوەرییەکی گەورە نیە، ئەوەی ئێوە دەتوانن ماڵی ئاوها خۆش دروست  بکەن؟

**سوڵنێس**

بەهاکەی، هیلدە. ئەو بەها مەترسیدارە، من دەبوایە بیدەم بۆ ئەوەی دەستم بەوە بگات.

**هیلدە**

بەڵام ئەی ئەوە بە هەموو شێوەیەک بردنەوە ناگەیەنێ؟

**سوڵنێس**

نەخێر. چوونکە لەپێناو ماڵ بۆ ئەوانی دی دروست کردندا، دەبوایە من دەست بەرداری ئەوە بم - بەردەوام دەستبەرداری ئەوە بم کە خۆم ماڵێکم هەبێت. مەبەستم ماڵێکە بۆ منداڵان و  بۆ باوك و دایکیش.

**هیلدە** لەسەرخۆ

بەڵام دەبوایە ئێوە ئەوە بکەن؟ دەڵێن، هەموو کاتێ؟

**سوڵنێس** هێواش سەر دەلەقێنێت

ئەوە بەهای ئەو بەختەوەرییە بوو، کە خەڵك باسی دەکەن. (قووڵ هەناسە هەڵدەمژێ) ئەو بەختەوەرییە - هـم - ئەو بەختەوەرییە، دەستکەوتنی شتێکی زۆر هەرزان نەبوو، ئەوە، هیلدە.

**هیلدە** وەك پێشان

بەڵام پێتوا نییە ئەوە باش بێت؟

**سوڵنێس**

هەرگیز. ئەوەش دیسان پەیوەندی بە سووتانەکەوە هەیە. ئینجا دوای ئەوەش بە نەخۆش کەوتنی ئالینێ وە.

**هیلدە** بە دەربڕینێکی نادیارەوە لێی دەڕوانێت

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە ئەو هەموو ژوورە بۆ منداڵان دروست دەکەن.

**سوڵنێس** بە جیدی

بۆ ئێوە هەرگیز تێبینی ئەوەتان نەکردووە، هیلدە، چۆن – مەحاڵ فریودەدات و بانگهێشت دەکات؟

**هیلدە** بیردەکاتەوە

مەحاڵ؟ (بە شەوقەوە) با چۆن! بۆ ئێوەش هەر ئاوهایە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، بۆ منیش ئاوهایە.

**هیلدە**

کەوابێت ئێوەش –  دێوێکتان لە ناخدایە؟

**سوڵنێس**

بۆچی دێو؟

**هیلدە**

ئەی، ئێوە دەخوازن ناوی بنێن چی؟

**سوڵنێس** هەڵدەستێ

نەخێر، نەخێر، دەکرێ دێو بێت، ئەوە. (بەتووندی) بەڵام من نابێت ببمە دێوێک – کە هەمیشە لە هەمووشتێکدا! لە هەمووشتێکدا لەگەڵمدا بێت!

**هیلدە**

مەبەستان چییە لەوە؟

**سوڵنێس** بەهێواشی، ناخ جوڵاوانە

سەرنج بدە من چیتان پێدەڵێم، هیلدە. هەموو ئەوەی، من پێیگەیشتووم لە پڕۆژە و بینا و ئافراندنی جوانی و ئاسوودەیی و گەرمی و خۆشی - لە شکۆمەندیدا – ( دەستەکانی دەنوقێنێ) ئۆۆ، مەترسیدار نییە بیرکردنەوە لەوەی کە -!

**هیلدە**

چییە ئەوەی زۆر مەترسیدارە؟

**سوڵنێس**

ئەوەی کە دەبێ من لێرە ئەوە هەمووی بکێشم و تێچووی بدەم. بە پارە نا. بەڵام بە بەختەوەری مرۆڤانە. ئینجا تەنها بە بەختەوەری خۆشم بە تەنیا نا. وەڵێ بە بەختەوەری خەڵکی دیکەش. بەڵێ، بەڵێ، خۆ دەبینن، هیلدە! پێگە هونەرییەکەم لەسەر من و ئەوانی دیکەش ئەو نرخە کەوتووە. ئینجا هەموو ڕۆژێکی خودایش دەبێ من بچم بزانم ئەو نرخە سەرلەنوێ دراوە [یان نا] دووبارە و پەیدەرپەی - و هەمیشە دووبارە!

**هیلدە** هەڵدەسێ و بە قووڵی تەماشای دەکات

ئێستا ئێوە بە دڵنیاییەوە بیر لە – ئەو دەکەنەوە.

**سوڵنێس**

بەڵێ، زیاتر لە ئالینێ. چوونکە ئالینێ ئەویش، ڕاسپاردەیەکی هەبوو لە ژیاندا بۆی بانگهێشت کرابوو. زۆر باش بە هەمان شێوە هەروەك چۆن منیش هەمبوو. (دەنگی دەلەرزێ) بەڵام بانگهێشتنەکەی ئەو بۆ بەجێ گەیاندنی ڕاسپاردەکەی ژیان، دەبوایە تێکبدرێت و خراپ بکرێت و وورد و خاشکرێت – هەتا ئەوەی من سەرکەوتوو بێت – و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت. بەڵێ، چوونکە ئێوە دەبێ ئەوە بزانن، کە ئالینێ – ئەویش، دامەزراوەیەکی خۆی هەبوو بنیاتی بنێت.

**هیلدە**

ئەو! بینا بکات؟

**سوڵنێس** سەر ڕادەوەشێنێت

خانوو، بورج و پێوەری با و- ئەو شتانە نا، وەک من خەریکیانم –

**هیلدە**

ئێ، ئەی بەڵام وەکو چی؟

**سوڵنێس** نەرمو لەسەرخۆ

وەکو ڕۆحی منداڵ بیناکردن، هیلدە. بینای ڕۆحی منداڵ بە شێوەیەك هەتا بتوانن لە شکڵێکی نەجیبزادانەدا پەرە بسێنن. ئینجا تێهەڵکشێن بۆ ڕۆحی مرۆڤێکی بەرز و پێگەیشتوو. ئەمە بوو ئەو ساختمانەی، کە ئالینێ دەیویست بینای بکات. – ئەوە هەمووی ئێستا هەروا ماوەتەوە. بەکارنەبرا و – بۆ لەمەودواش بەکارنابرێن. ئینجا بەکەڵکی هیچیش نایەن. – دروست وەك گردی زبڵخانەی پاش ئاگرکەوتنەوە.

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئێستا ئەوسا بوو -؟

**سوڵنێس**

ئەوە ئاوهایە! ئاوهایە! من دەزانم.

**هیلدە**

ئێ، لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەوە خەتای ئێوەی تێدا نییە.

**سوڵنێس** بێ چاو تروکان تەماشای دەکات و هێواش سەر دەلەقێنێ

بەڵێ، بڕوانە، ئەوە پرسیارە گەورە و مەترسیدارەکەیە، ئەوە. ئەوە ئەوگومانەیە، کە شەو و ڕۆژ – ویژدانم ئازار دەدات.

**هیلدە**

ئەمە!

**سوڵنێس**

بەڵێ، وەك ئەوەی ئێستا بەدەردەکەوێت. من خەتام هەبووە. بە شێوەیەك لە شیوەکان.

**هیلدە**

ئێوە! لە ئاگرکەوتنەوەکەدا!

**سوڵنێس**

لە هەموویدا. هەمووی پێکەوە. – ئینجا ڕەنگە – لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بێ تاوان بم.

**هیلدە** بە نیگەرانییەوە تەماشای دەکات

ئۆ وەستا - کاتێك ئێوە شتی ئاوها دەڵێن، ئەوا ئێدی – لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە نەخۆشن ئیتر.

**سوڵنێس**

هـم - چیدی بە تەواوی لەم لایەنەوە هەرگیز چاکبوونەوە نییە.

ڕاگنار بڕۆڤیك هێواش دەرگا بچکۆلەکەی سوچەکەی لای چەپ دەکاتەوە.

هیلدە بە نێو ژوورەکەدا دەست دەکات بە پیاسەکردن.

**ڕاگنار** کە هیلدە دەبینێت

ئۆۆ-. ببوورە، جەنابی سوڵنێس –

دەخوازێت بگەڕێتەوە.

**سوڵنێس**

نەخێر، نەخێر، وەرنە ژوورەوە. با تەواو بێت.

**ڕاگنار**

ئۆ بەڵێ - دەکرێ بەڕاستی تەواو بێت!

**سوڵنێس**

وەك دەبیستم، باوکتان بەرەو باشتر بوون ناچێت.

**ڕاگنار**

باوکم ئێستا بە خێرایی بەرەو خراپ بوون دەچێت. بۆیە من زۆر تکاتان لێدەکەم - لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا چەند وشەیەکی جوان لەبارەی منەوە بڵێن! شتێك، کە باوکم بیخوێنێتەوە پێش ئەوەی —

**سوڵنێس** بەتوندی

ئێدی نابێ چیدی ئێوە باسی نەخشەکانی خۆتانم لەگەڵدا بکەن!

**ڕاگنار**

تەماشاتکردن؟

**سوڵنێس**

بەڵێ - تەماشامکردن.

**ڕاگنار**

بێگومان بەکەڵکی هیچ نایەن؟ منیش بەکەڵکی هیچ نایەم؟

**سوڵنێس** بەخۆدزینەوەوە

ڕاگنار، لێرە لەلای من بمێنەرەوە. دەبنە خاوەنی هەموو ئەوەی خۆتان دەخوازن. ئینجا دەتوانن لەگەڵ کایا دا هاوسەرگیری بکەن. بێ خەم بژین. ڕەنگە بەختەوەریش بن. بەمەرجێك بیر لەوە نەکەنەوە خۆتان بیناسازی بکەن.

**ڕاگنار**

بەڵێ، بەڵێ، کەواتە با بڕۆمەوە بۆماڵەوە و بە باوکم بڵێم. چوونکە بەڵێنم پێ دابوو. – بە باوکم بڵێم – پێش ئەوەی بمرێت؟

**سوڵنێس** بە ئازارەوە

ئۆ، چیتان دەوێ، پێی بڵێن، بۆ من کێشە نییە، پێی بڵێن. باشتروایە، کە هیچی پێ نەڵێن! (لەپڕێکدا) من ناتوانم جیاواز لەوەی کە دەیکەم مامەڵە بکەم، ڕاگنار!

**ڕاگنار**

پێویست دەکات نەخشەکان لەگەڵ خۆمدا بەرم؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، بیانبە - بیانبە! ئەوەتان لەسەر مێزەکە.

**ڕاگنار** بەرەو مێزەکە دەچێت

سوپاس.

**هیلدە** دەست دەخاتە سەر فایلەکەی نەخشەکانی تێدایە

نەخێر، نەخێر، لێیان گەڕێ.

**سوڵنێس**

بۆچی؟

**هیلدە**

با، چوونکە دەخوازم تەماشایان بکەم.

**سوڵنێس**

بەڵام خۆ ئێوە – (ڕوودەکاتە ڕاگنار) ئێ، کەواتە لێیانگەڕێن با لێرە بن.

**ڕاگنار**

بە خۆشحاڵییەوە.

**سوڵنێس**

دە هەر ئێستا بچنەوە بۆ لای باوکتان.

**ڕاگنار**

بەڵێ، دەبا بڕۆم.

**سوڵنێس** وەك بێ ئومێد بووبێت

ڕاگنار - نابێ داوای شتێکم لێ بکەن، کە من لە توانامدا نەبێت! گوێتان لێیە، ڕاگنار! نابێ ئەوە بکەن!

**ڕاگنار**

نەخێر، نەخێر. ببوورە –

خۆ [بۆ ماڵئاوایکردن] دەچەمێنێتەوە و لەدەرگای سووچەکەوە دەچێتە دەرەوە. هیلدە دەچێت لە سەر کورسییەك بە تەنیشت ئاوێنەکەوە دادەنیشێت.

**هیلدە** بە تووڕەییەوە تەماشای سوڵنێس دەکات

ئەوەی لێتان وەشایەوە زۆر شتێکی ناشرین بوو.

**سوڵنێس**

پێتانوایە؟

**هیلدە**

بەڵێ، بەڕاستی خراپ ناشرین بوو. دڵرەقانە و بێمیهر و بێ بەزییانە بوو.

**سوڵنێس**

ئۆ، ئێوە نازانن من لە چ بارو دۆخێکدام.

**هیلدە**

هەرچۆنێك بێ -. نەخێر، ئێوە نەدبوو بەو شێوەیە بن.

**سوڵنێس**

ئێوه ئێستا خۆتان گوتان، که من، دەبێ بۆم هەبێ بینا دروست بکەم.

**هیلده**

من شتی ئاوها دەڵێم. بەڵام ئێوه پێویست ناکات وابکەن.

**سوڵنێس**

من به ئاسانی زۆر شت دەکەم. من، پێگەی خۆم زۆر به گران کڕیوه.

**هیلده**

ئا بەڵێ - به شتێك، که ئێوه پێی دەڵێن خۆشی و ئاسوودەیی ماڵ و- ئەو شتانه.

**سوڵنێس**

وه به له دەست دانی ئاسوودەیی ڕۆحم.

**هیلده** هەڵدەسێته سەرپێ

ئاسوودەیی ڕوح! (بەسەیرلێهاتنەوه) بەڵێ، بەڵێ، ڕاست دەکەن! – ئای بیناسازی بێچاره - به خەیاڵ وێنای دەکەن که –

**سوڵنێس** به قاقا لێدانێکەوه که دەنگی زۆر نایەت و تەنها لەشی دەجولێنێتەوه

دانیشه دووباره، هیلده. با گوێتان لەو گاڵتەیه بێ.

**هیلده** به هەست وورووژانەوه، دادەنیشێتەوه

ئێ دەی؟

**سوڵنێس**

وەك شتێکی بچکۆلەی پێکەنیناوی دێته بەرگوێ. چوونکه ئەوه هەمووی تەواو پێکەوه هەر پەیوەندی به درزێکەوه بوو له دووکەڵکێشەکەدا، با بزانن.

**هیلده**

هێچی تر نا؟

**سوڵنێس**

نەخێر، لەسەرەتادا نا.

کورسییەك دەگوێزێتەوه نزیك هیلده و لەسەری دادەنیشێ.

**هیلده** به ئارامی نەمانەوه، دەکێشێ به ئەژنۆیدا

کەواته درزێك له دووکەڵکێشەکەدا!

**سوڵنێس**

من زۆر دەمێك بوو تێبینی ئەو درزەم لە دووکەڵ کێشەکەدا کردبوو پیش ئەوەی بسووتێ. هەموو جارێك کە دەچوومە سەرەوە بۆ هەورەبانەکە، سەیرم دەکرد بزانم، داخوا ئەو درزە هەر ماوە.

**هیلدە**

ئینجا درزەکەش هەر وەك خۆی بوو؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. چوونکە کەسی دیکە بەوەی نەدەزانی.

**هیلدە**

ئێوەش هێچتان نەدەگووت؟

**سوڵنێس**

نەخێر، من قسەم نەکرد.

**هیلدە**

بیرتان لە چاکردنەوەی دووکەڵکێشەکەش نەدەکردەوە؟

**سوڵنێس**

بیرم لێی کردەوە - بەڵام هەرگیز دەستم نەکرد بە چاکردنەوەی. هەموو جارێك کە دەمویست دەست بە چاکردنەوەی بکەم، ڕێك وەك ئەوەی دەستێك بکەوێتە بەینەوە و نەهێڵێ. بیرم دەکردەوە، ئەمڕۆ نا. سبەینێ. هەرگیز ئەو کارە ئەنجام نەدرا.

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵام بۆچی بەوشێوەیە ئەمڕۆ سبەینێتان دەکرد!

**سوڵنێس**

چوونکە من کەوتمە داڵغەوە. (لەسەرخۆ و کپ) [داڵغەی] ئەوەی کە ڕەنگە من لە ڕێگەی ئەو درزە ڕەشە بچکۆلانەیەی دووکەڵکێشەکەوە – وەك بیناساز - پلەو و پایەی کۆمەڵایەتی و دارایم بەرز بێتەوە.

**هیلدە** سەیری بەردەمی خۆی دەکات

ئەوە دەبێت هەست ورووژێن بوو بێت.

**سوڵنێس**

تاڕادەیەك مەحاڵ بوو. تەواو مەحاڵ. چوونکە ئەوسا ئەوە هەمووی بۆ من وەك شتێکی زۆر سادە و سانا وا بوو. من دەمویست ئەوە لە زستاندا بێ. کە مێك پێش نیوەڕۆ. من لە دەرەوە بم و ئالینێش لەگالیسکەخزاکییەکەدا بئاژووم. خەڵکەکانیماڵەوە، ئەوان ئاگردانەکەیان زۆر گڕدابوو. –

**هیلدە**

بەڵێ، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە خراپ سارد بوو؟

**سوڵنێس**

هێجگار سارد بوو – بەو شیوەیە. ئەوان دەیانویست، کاتی هاتنەوەی ئالیێ، ماڵەکە تەواو گەرم بێت.

**هیلدە**

چوونکە ئەو بۆ خۆی سەرما بردەڵەیە، خانم.

**سوڵنێس**

ئەو وایە. ئینجا لە ڕێگای گەڕانەوەدا بۆ ماڵێ، ئێمە دووکەڵەکەمان بینی.

**هیلدە**

تەنها دووکەڵ؟

**سوڵنێس**

سەرەتا دووکەڵ. بەڵام کە گەیشتینە بەردەرگای باخچەکە، ئەوا تەواوی ئەو سندوقە [لە] دار [دروستکراوە]کۆنە گڕ و ئاگری لێ هەڵدەسا. – ئەوها بوو، من ئاوهام دەویست، بابزانن.

**هیلدە**

بەڵام خوای گەورە، ئەی چۆن ئاوها نەبوایە ئیتر!

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئینجا ئێوە گوتان، هیلدە.

**هیلدە**

ئێ، بەڵام وەستا،گوێبگرە ئێستا. ئایە ئێوە زۆر لەوە دڵنیان، کە ئەو سووتانە لەو درزە بچکۆلەیەی دووکەڵکێشەکەوە کەوتەوە؟

**سوڵنێس**

نەخێر، بە پێچەوانەوە. من زۆر دڵنیام لەوەی، کە درزی دووکەڵکێشەکە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە کەوتنەوەی ئاگرەکەوە نەبوو.

**هیلدە**

چی!

**سوڵنێس**

تەواو دەرکەوت، کە ئاگرەکە لە ژوورێکی بچکۆلەی جل تێدا هەڵگرتنی – تەواو جیا، لە لایەکی دیکەی ماڵەکەدا کەوتبووەوە.

**هیلدە**

بەڵام ئەی بۆچی لەبارەی ئەو درزی دووکەڵکێشە کەرپووچینەوە دانیشتوون کاوێژ دەکەن!

**سوڵنێس**

دەتوانم کە میك زیاتر قسەتان لەگەڵدا بکەم، هیلدە؟

**هیلده**

بەڵێ، ئەگەر تەنها قسەی بەجێ بکەن، ئیتر –

**سوڵنێس**

هەوڵدەدەم قسەی بەجێ بکەم.

کورسییەکەی نزیکتر دەکاتەوە.

**هیلده**

دەی بیناساز، قسەی دڵی خۆت بکە.

**سوڵنێس** به متمانه پێکردنەوه

ئێوەش لەو باوەڕەدا نین، هیلده، کە مرۆڤی ئامازە بۆکراو و هەڵبژێردراو بوونی هەیە و، نازو نیعمەت و دەسەڵات و توانایی پێ دراوە کە زۆر بە وزە و- زۆر پێداگرانە - خواست و ئارەزوو و ویستیان بۆ شتێك هەیە و – لە کۆتایشدا هەر دەبێ بەو شتە بگەن. ئێوەش لەو باوەڕەدا نین؟

**هیلده** به دەربڕینێکی نادیارەوە لە چاوەکانیدا

ئەگەر وا بێ، ئەوا جارێك دەبینین — داخوا منیش یەکێکم لەو هەڵبژێردراوانە.

**سوڵنێس**

ئەوە بە تەنها خود نییە، کە کار لەو شتە گەورانەدا دەکات. نەخێر، پێویستە - یارمەتیدەر و خزمەتکارەکان – ئەوانیشی لەوکارەدا بن، ئەگەر مەبەست ئەوە بێت شتێکی باشی لێ دەرچێت. بەڵام ئەوان هەرگیز لە خۆیانەوە نایەن. پێویستە یەکێك بە وزە و شەوقەوە، لە ناخەوە بانگیان لێ بکات. ئێوە خۆتان ئەوە دەزانن.

**هیلده**

ئەو یارمەتیدەر و خزمەتکەرانە کێن، ئەوانە؟

**سوڵنێس**

ئۆ، جارێکی تر باسی ئەوە دەکەین. با هەر لەسەر ئەم بابەتی ئاگرکەوتنەوەیە بمێنینەوە.

**هیلده**

پێتانوانییە، ئەو ئاگرە ئاوها تەواو نەدەکەوتەوە – ئەگەر ئێوە ئەوەتان نەخواستبایە؟

**سوڵنێس**

ئەگەر بهاتباو **کنوت برۆڤیکی** پیر خاوەنی ئەو خانووە بوایە، هەرگیز ئاوها بەو شێوە گونجاوە بۆی نەدەسووتا. من زۆر لەوە دڵنیام. چوونکە ئەو لەوە تێناگات هاوار بۆ یارمەتیدەرەکان بەرێت، ئەو، هەروەها بۆ خزمەتکارەکانیش هاوار نابات. (نا ئارامانە هەڵدەسێتە سەر پێ) دەبینن، هیلده - لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە منم، کە لە سزای مەرگی هەر دوو کوڕە بچکۆلانەکەدا

خەتابارم. وە لەوەشدا کە ئالینێ نەگەیشتووە بەوەی، کە خۆی دەیویست و دەیتوانی و زیاتر ئارەزووی دەکرد، ڕەنگە هەر من خەتابار بم.

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵام کاتێک ئەوە تەنها هەر یارمەتیدەر و خزمەتکارانن، ئەوا -؟

**سوڵنێس**

ئەی کێ یارمەتیدەر و خزمەتکارەکانی بانگ کرد؟ من ئەوانم بانگ کردن! ئەوانیش هاتن و لەژێر خواستی مندا کۆبوونەوە. (بەرە بەرە بە یاخیبوونەوە) ئەوە ئەوەیە، کە خەڵکی باش پێی دەڵێن بەخت یاوەربوون. بەڵام با پێتان بڵێم، هەستکردن بەو بەخت یاوەر بوونە هەرچۆنێک بێت، لەلای من! ئەوە وەک ئەوەی پێستی بەشێکی گەوەری سەر سنگم داماڵدرابێت، ئاوها من هەستی پێدەکەم. ئینجا یارمەتیدەران و خزمەتکاران دەچن پێستی مرۆڤی دیکە دەگوروون، بۆئەوەی ئەو شوێنە پێست لێ داماڵدراوەی سەر سنگی منی پێداپۆشن! – بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز – هەرگیز! برینەکە چاک نابێتەوە. ئۆ، خۆزگە ئەوان بیانزانیبایە، کە هەندێ جار ئەوە چەند بە سفت و سوێیە.

**هیلدە** وورد تەماشای دەکات

ئێوە نەخۆشن، بیناساز. من دەتوانم بڵێم لەو باوەڕەدام، ئێوە زۆر نەخۆشن.

**سوڵنێس**

بڵێ بە شێتی. چوونکە ئێوە مەبەستان ئەوەیە.

**هیلدە**

نەخێر، لەو باوەڕدا نیم ئێوە کەمایەسی لە عەقڵ و تێگەیشتنتاندا هەبێت.

**سوڵنێس**

ئەی لە چیدا؟ دەبیڵێ!

**هیلدە**

کاشکی من بمزانیبایە، داخوا ئێوە بە ویژدانێکی لاواز و پەککەوتەوە لە دایکنەبوون.

**سوڵنێس**

ویژدانێکی لاواز و پەککەوتە؟ ئەوە چ جۆرە شەیتان گومڕا کردنێکە؟

**هیلدە**

مەبەستم ئەوەیە، ویژدان لای ئێوە زۆر بێ هێزە. ناسکە. بەرگەی دەست لێدان ناگرێت. توانای بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی شتی قورسی نییە.

**سوڵنێس** همێك دەكات

هم! پێویستە بپرسم، باشە ویژدان دەبێت چۆنچۆنی بێت؟

**هیلدە**

لەلای ئێوە پێم باشە، ویژدان ئاوها بێت– تەواو بەهێز بێت.

**سوڵنێس**

ئاوها؟ بەهێز؟ ئێ. ڕنگە ئێوە ویژدانێکی بەهێزتان هەبێت؟

**هیلدە**

بەڵێ، پێموایێ ئەوە وایە. جگە لەوە هەستم بە شتێکی دیکە نەکردووە.

**سوڵنێس**

پێموایە، [ویژدانتان] بە شێوەیەکی تایبەتی نەخراوەتە بەر تاقیکردنەوە.

**هیلدە** ماسولکەکانی دەوری دەم و لیوی بەلامولادا دەکێشێ [ئەمە زەردەخەنە نییە]

ئۆ، زۆر ئاسان نەبوو من باوکم، کە زۆرم خۆش دەوێت، بەجێبهێڵم.

**سوڵنێس**

چی! ئاوها بۆ ماوەی مانگێك یان دوو –

**هیلدە**

بە دڵنیاییەوە من هەرگیز دووبارە ناگەڕیمەوە بۆ ماڵەوە.

**سوڵنێس**

هەرگیز؟ ئەی ئیتر بۆچی بەجێت هێشت؟

**هیلدە** نیوە چڵ جیدی و نیوە چل بە گاڵتەوە

ئەی ئەوە ئێوە دیسان بیرتان چووەوە، کە دە ساڵەکە ماوەی تەواو بووە؟

**سوڵنێس**

قسەی هیچ. هیچ شتێك ڕوویداوە لە ماڵەوە؟ ها؟

**هیلدە** تەواو بە جیدی

ئەوە ئەمە بوو لە ناخمدا، زۆری بۆ هێنام. فریویدام و جڵەوکێشی ئێرەی کردم.

**سوڵنێس** بەجۆش و خرۆشەوە

ئەوە خۆیەتی! ئەوە خۆیەتی، هیلدە! دێوێکیش لە تۆدا بوونی هەیە. وەك چۆن لەمنیشدا هەمان شت. چوونکە دێو لەو کەساندا هەیە، وەك دەزانیت – کە هاواری دەسەڵاتەکانی دەرەوە دەکات، ئەوە وایە. ئینجا ئەو کەسە بیەوێت یان نا، دەبێت خۆی ڕادەستی دێوەکەی بکات.

**هیلدە**

پێموایە ئێوە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕاست دەکەن، بیناساز.

**سوڵنێس** بە نێو ژوورەکەدا دێت و دەچێت

ئینجا، ژمارەیەکی لە ئاوەز بەدەر ئەهریمەن لە دنیادا هەیە، کە خەڵك نایان بینێ، هیلدە!

**هیلدە**

ئەهریمەنیش؟

**سوڵنێس** ڕادەوەستێت

ئەهریمەنی چاک و ئەهریمەنی خراپ. ئەهریمەنی قژ زەرد و ئەهریمەنی قژ ڕەش. گەر خەڵك بیان زانیبا هەمیشە، داخوا [ئەهریمەنەکانی] نێو ناخیان لە قژ زەردەکانن یان قژ ڕەشەکان! (بە زۆر لە خۆکردنەوە) هاها! ئەوە هیچ بابەت نەدەبوو!

**هیلدە** چاوەکانی بەدوای جوڵەکانیدا دەنێرێت

یان کەسێك بەڕاستی ویژدانێکی بەفەڕ و زیند و تەندروستی هەبووایە. ئەوا ئەو کەسە دەی وێرا ئەوەی دەیخواست، بیکات.

**سوڵنێس** بە تەنیشت مێزی ڕاوێژکارییەکەوە دەوەستێت

من ئێستا پێموایە، زۆربە وەکو من هێجگار لاوازن، لەو مەسەلەیەدا.

**هیلدە**

بەڕاستی ئەوە دەشێ ئاوها بێت.

**سوڵنێس** پاڵ بە مێزەکەوە دەداتەوە

لە کتێبی حەکایەتە ئەفسانەییەکاندا – ئەی ئێوە لە کتێبە کۆنەکاندا هیچتان لە حەکایەتە ئەفسانەییەکان خوێندووەتەوە؟

**هیلدە**

بەڵێ! ئەوکاتەی من کتێبم دەخوێندەوە، ئەی چۆن –

**سوڵنێس**

لە کتێبی ئەو حەکایەتە ئەفسانەییانەدا لە بارەی ڤیکینەکانەوە نووسراوە، کە چۆن بە کەشتی چوونتە سەر وڵاتانی بیانی و تاڵانیانکردوون و سوتاندویانن و پیاوەکانیشیان کوشتون –

**هیلدە**

وە ئافرەتەکانیشیان بەدیل گرتووە –

**سوڵنێس**

.وە لەلای خۆیان هێشتویاننەتەوە .

**هیلدە**

. لەگەڵ خۆیاندا بردویاننەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە کەشتی .

**سوڵنێس**

.وە وەك – وەك خراپترین ئافرندە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون.

**هیلدە** بە نیوە نیگایەکی ماندووەوە خەیاڵ دەکاتەوە

پێموایە، ئەوە دەبێت وروژێنەر بێت.

**سوڵنێس** بە قاقایەکی پێکەنینی کورتەوە

بەڵێ، ئەوەی کە ئافرەت بە دیل بگریت، بەڵێ؟

**هیلدە**

ئەوەی بەدیل بگیرێیت.

**سوڵنێس** ماوەیەکی کورت لێی دەڕوانێت

هاوڕایین.

**هیلدە** بە قسە پێ بڕینەوە

بەڵام مەبەستان لە باسکردنی ئەو ڤیکینگانە چییە، بیناساز؟

**سوڵنێس**

ئا، چوونکە ئەو پیاوانە، ئەوان، خاوەن ویژدانێکی بەهێز بوون! کە دووبارە دەهاتنەوە نیشتمانی خۆیان، دەیانتوانی هەم بخۆن و هەم بشخۆنەوە. ئینجا وەک مێرد منداڵنیش شادمان بوون. ئافرەتەکانیش! ئەوان زۆرجار نەیان دەویست ئەو پیاوانە دووبارە لێیان دووربکەونەوە. ئێوە لەشتی ئاوها تێدەگەن، هیلدە؟

**هیلدە**

زۆر باش من لەو ئافرەتانە تێدەگەم.

**سوڵنێس**

ئەها! ڕەنگە ئەگەر ئێوە خۆشتان بوونایە هەر ئاوهاتان بکردبایە؟

**هیلدە**

بۆچی نا؟

**سوڵنێس**

ئاوها – خۆ بەخشانە – لەگەڵ پیاوێکی توونددوتیژدا بژیت؟

**هیلدە**

ئەگەر ئەو پیاوە توونددوتیژە ئەوە [کەسە] بێت، کە دواجار بەڕاستی هەستم بۆی بجوڵێت و خۆشم بوێت، بۆنا –

**سوڵنێس**

ئەی دەتوانن ئێوە ئیتر هەستتان بۆکەسێکی ئاوها بجوڵێ و خۆشتان بوێت؟

**هیلدە**

خوایە گیان، من بزانم، خۆکەس بەدەست خۆی نییە، هەستی بۆکێ دەجوڵێ و خۆشی دەوێ.

**سوڵنێس** بە دەم بیر کردنەوەوە دەڕوانێت

ئۆ نەخێر. بێگومان ئەوە دێوەکەی ناخی کەسەکەیە، کە بڕیاری ئەوە دەدات.

**هیلدە** بە نیوە قاقایەکەوە

ئینجا ئەو هەموو ئەهریمەنە موبارەکانەی، ئێوە زۆر باش دەیان ناسن. هەم لە نێو قژزەردان و هەم لە نێو قژڕەشانیشدا.

**سوڵنێس** گەرم و هێواش

دواجار ئاواتە خوازم ئیتر، کە ئەهریمەنەکان بە لەسەرخۆییەوە بۆ ئێوەی هەڵبژێرێن، هیلدە.

**هیلدە**

تەواو بۆ منیان هەڵبژاردووە. بۆ هەتا هەتایە.

**سوڵنێس** قوڵ تەماشای دەکات

هیلدە – ئێوە وەك باڵندەیەکی کێوی دارستان وان، ئێوە.

**هیلدە**

دوورە لەوەی کە ئێوە دەیڵێن. من خۆم لە نێو دەوەنەکاندا ناشارمەوە.

**سوڵنێس**

نەخێر، نەخێر. ئێوە زیاتر باڵندەیەکی دڕندەتان تێدایە.

**هیلدە**

زیاتر ئەوە – ڕەنگە. ( بە توندی) ئینجا بۆ باڵندەیەکی دڕندەم تێدا نەبێت! بۆ منیش نەبمە دڕندە؟ ئەو نێچیرە بگرم، کە خۆم حەزم لێ یەتی؟ ئەگەر بەڕاستی من بتوانم چنگی لێگیربکەم. بەسەریدا زاڵ بم.

**سوڵنێس**

هیلدە – دەزانیت، ئێوە چین؟

**هیلدە**

بەڵێ، من جۆرە باڵندەیەکی عەجیبم.

**سوڵنێس**

نەخێر. ئێوە وەك دەست پێکی ڕۆژێك وان. کاتێك تەماشاتان دەکەم – وەك ئەوە وایە من تەماشای هەڵهاتنی خۆر بکەم.

**هیلدە**

ئادەی، بیناساز پێم بڵێ – ئایە دڵنیان لەوەی، ئێوە هەرگیز بانگی منتان نەکردووە؟ لە ناخی خۆتاندا؟

**سوڵنێس** لەسەرخۆ و هێواش

من دەتوانم بڵێم وابزانم، دەبێت من ئەوەم کردبێت.

**هیلدە**

چیتان لە من دەویست؟

**سوڵنێس**

هیلدە، ئاخر، ئێوە گەنجێتین.

**هیلدە** پێدەکەنێت

گەنجێتی، ئەوەی ئێوە زۆر لێی دەترسن؟

**سوڵنێس** هێواش سەردەلەقێنێ

وە لە ناخیشەوە زۆر تاسەی دەکەم.

هیلدە هەڵدەسێتە سەرپێ، بەرەو مێزە بچکۆلەکە دەچێ و فایلەکەی ڕاگنار برۆڤیك دەهێنێ.

**هیلدە** فایلەکەی بۆ ڕادەگرێت

کەواتە ئەوە ئەم نەخشانەیە –

**سوڵنێس** کورت، بە ڕەتکردنەوەوە

ئەو شتانە دوور خەرەوە!  بە ئەندازەی خۆی تەماشام کردوون.

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵام پێویستە ئێوە لەسەریان بنووسن بۆ ئەو.

**سوڵنێس**

لەسەریان بنووسم! هەرگیز ئەوە ناکەم.

**هیلدە**

بەڵام کاتێك ئەو پیاوە پیرە کلۆڵە لە سەرەمەرگ دایە! ناتوانن ئەو و کوڕەکەی دڵخۆش بکەن پێش ئەوەی ئەوان لەیەك جیاببنەوە؟ ئینجا ڕەنگە ئەو بتوانێت دوای ئێوەش هەر بیناسازی بکات.

**سوڵنێس**

بەڵێ، دروست ئەوە ئەو شتەیە، کە ئەو دەتوانێت. تا ئەندازەیەك ئەو ئەوەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە – ئەو جەنابە.

**هیلدە**

بەڵام خوایە گیان – کاتێك ئەوە بەو شێوەیە بێت – ئەی ناتوانن ئێوە ئیتر درۆیەکی زۆر بچکۆلە بکەن؟

**سوڵنێس**

درۆکردن؟ (بە تووڕەییەوە) هیلدە – برۆ بەو نەخشە نەفرەتیانەوە لێم دوورکەوەرەوە!

**هیلدە** فایلەکە کەمێک دەکێشێتەوە دواوە

ئێ، ئێ، ئێ – گازم لێ مەگرە ئیتر. – لای خۆی، ئێوە باسی دێو دەکەن. پێموایە، ئێوە خۆتان وەك دێو ڕەفتار دەکەن. (سەیری دەورووبەری خۆی دەکات) کوا قەڵەم و مەرەکەبتان لە کوێیە؟

**سوڵنێس**

ئەو جۆرە شتانەم لێرە نییە.

**هیلدە** بەرەو دەرگاکە دەچێت

بەڵام لە دەرەوە لای ئەو خانمە ئەو شتانە هەیە –

**سوڵنێس**

لە شوێنی خۆت مەجوڵێ، هیلدە! – گوتان، من دەبێت درۆ بکەم. ئا بەڵێ، لە پێناو باوکە پیرەکەیدا من دەتوانم ئەوە بکەم. چوونکە جارێك لە جاران من ئەوم تێکشکاند. دام بەزەویدا.

**هیلدە**

ئەویش؟

**سوڵنێس**

من پیویستم بە شوێن هەبوو بۆ خۆم. بەڵام، بەهەر نرخێك بێ ئەم ڕاگنارە – نابێ ڕێگەی پێ بدرێت بێتە پێشەوە.

**هیلدە**

ئەو کلۆڵە، ئەوە ناکات. کاتێکیش ئەو بەکەڵکی هیچ نایەت، ئێدی –

**سوڵنێس** نزیکتر دەبێتەوە، تەماشای دەکات ودەچرپێنێ

بێتو ڕاگنار گرۆڤیک بێتە پێشەوە، ئەوا دەمدا بە زەویدا. تێکم دەشکێنێ – هەروەك ئەوەی من لەگەڵ باوکیدا کردم.

**هیلدە**

تێکتان دەشکێنێ؟ دەتوانێت؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، دەتوانن لەوە دڵنیا بن، کە ئەو دەتوانێت! ئەو، ئەو گەنجێتییەیە، کە تەیار و ئامادەیە تا لە دەرگای من بدات. وە کۆتایی بە تەواوی ژیانی وەستا سوڵنێسی بیناساز بهێنێت!

**هیلدە** هێواش بە سەرزەنشت کردنەوە تەماشای دەکات

وە هێشتا دەتانەوێت دەرگای لێ داخەن. شەرمکەن، بیناساز!

**سوڵنێس**

ئەو جەنگەی، من کردوومە، خوێنی دڵ کەوتووە لەسەرم. – ئینجا دەترسم، کە یارمەتیدەر و خزمەتکارەکان، چیدی پشتگیریم نەکەن.

**هیلدە**

کەواتە ئێوە دەبێت بە تەنیا ملی ئەو ڕێگەیە بگرن. هیچ چارێکی دیکەتان نییە.

**سوڵنێس**

بێ هیوام، هیلدە. گۆڕانکاری ڕوودەدات. کەمێك پێشتر یان کەمێك پاشتر. هەرچی تۆڵەسەندەوەکەشە، ئەوە، بێ بەزەییانەیە.

**هیلدە** لە ترسا، دەست دەخاتە سەر گوێچکەکانی

شتی ئاوها مەڵێ! دەخوازن بم کوژن! دەخوازن ئەو شتەم لێ زەوت بکەن، کە بۆ من لە ژیان زیاترە!

**سوڵنێس**

ئەو شتە چییە؟

**هیلدە**

ئەوەیە ئێوە بە گەورەیی ببینم. ببینم تاجە گوڵینەیەکتان بە دەستەوە بێت و، بەرز، بەرز بەسەر بورجی کەنیسەیەکەوە بن. (بە ئارامی) دەی، قەڵەمەکەم بەرە دەست ئیتر. چوونکە بێگومان ئێوە قەڵەمتان پێیە؟

**سوڵنێس** جانتای بەرباخەڵەکەی دەردەهێنی

من لێرەدا قەلەمێکم پێیە.

**هیلدە** فایلەکە دەخاتە سەر مێزی بەر دەم قەنەفەکە

باشە. کەواتە ئێمە لێرە دادەنیشین، هەردووکمان، بیناساز.

سوڵنێس بە تەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێت

**هیلدە** لە پشتییەوە، خۆی بەسەر پشتی کورسییەکەدا دەچەمێنێتەوە

وە لەسەر نەخشەکان دەنووسین. بەڕاستی، بەڕاستی بە جوانی و بە گەرمییەوە دەنووسین. بۆ ئەو **ڕوار** ناوە ناشرینە – یان هەر چییەکی ناوە.

**سوڵنێس** چەند دێڕێك دەنووسێ، سەروەردەگێڕێ و تەماشای دەکات

شتێکم پێ بڵێ هیلدە.

**هیلدە**

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

کاتێك ئێوە بۆ ماوەی دە ساڵ ئێدی چاوەڕێی منتان کردووە –

**هیلدە**

ئێ چی؟

**سوڵنێس**

ئەی بۆچی نامەتان بۆ نەناردم؟ هەتا من وەڵامم بدانایەتەوە.

**هیلدە** خێرا

نەخێر، نەخێر، نەخێر! ئەوە دروست ئەوە بوو، کە من نەم دەویست.

**سوڵنێس**

بۆچی؟

**هیلدە**

من ئەوکاتە لەوە دەترسام، کە لێم خراپ بێت. – بەڵام دەبێت ئێمە لەسەر نەخشەکان بنووسین، بیناساز.

**سوڵنێس**

با ئێمە دەنووسین.

**هیلدە** خۆی بۆ پێشەوە دەچەمێنێتەوە و سەیر دەکات، کاتێك سوڵنێس دەنووسێ

زۆر باش و دڵ گەرمانە. ئۆ، من چەند قینم، - چەند قینم لەم ڕواڵ [ناوە] یە –

**سوڵنێس** بە دەم نووسینەوە

ئایا هەرگیز بە ڕاستی ئێوە ئاوها کەستان خۆش نەویستووە، هیلدە؟

**هیلدە** بە توندی

دەڵێی چی؟

**سوڵنێس**

دەپرسم ئیوە کەستان خۆش نە ویستووە؟

**هیلدە**

کە سێکی دیکە، مەبەستانە؟

**سوڵنێس** سەربەرز دەکاتەوە و تەماشای دەکات

کەسێکی دیکە، بەڵێ. هەرگیز ئەوەتان نەکردووە؟ لە ماوەی ئەو دەساڵەدا؟ هەرگیز؟

**هیلدە**

با چۆن، جار و بارێك. ئەوکاتانەی کە بەڕاستی من لێتان تووڕە بووم، چوونکە نە دەهاتن.

**سوڵنێس**

کەواتە ئێوە ئێتر گرنگیتان بە کەسی دیکەش داوە؟

**هیلدە**

تەنها کەمێك. بۆ ماوەی هەفتەیەك یان شتێکی ئاوها. خوایە گیان، بیناساز، ئێوە باش دەزانن، شتی ئاوها چۆنچۆنییە.

**سوڵنێس**

هیلدە – ئەو شتە چییە، ئێوە بۆی هاتوون؟

**هیلدە**

کات بە قسەکردنەوە بە فیڕۆ مەدە. دەشێ ئەو پیاوە پیرە کڵۆڵە، بەوکات بە فیڕۆدانە لە کیسمان بچێت و لە جێگەدا بمرێت.

**سوڵنێس**

هیلدە، وەڵامم بدەرەوە. ئێوە چیتان لە من دەوێت؟

**هیلدە**

من شانشینەکەی خۆمم دەوێت.

**سوڵنێس**

هـم –

تەماشای دەرگاکەی لای چەپ دەکات و لە نووسین  لەسەر نەخشەکان بەردەوام دەبێت.

ئالینێ خانم لەوکاتەدا دێتە ژوورەوە. چەند بەستەیەکی پێیە

**ئالینێ خانم**

ئەوە کەمێك شتم بۆ ئێوە هێناوە، خاتوو ڤانگل. بەستە گەورەکانیش دواتر دەنێردرێن.

**هیلدە**

ئۆ، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێوە چەند میهرەبانن!

**ئالینێ خانم**

تەنها ئەرکێکی ئاساییە. شتێکی دیکە نییە.

**سوڵنێس** بەخوێندنەوەی ئەوەوە خەریک دەبێت کە نووسیوەیەتی

ئالینێ!

**ئالینێ خانم**

بەڵێ؟

**سوڵنێس**

وەک بزانیت خانمە – ژمێریارەکە لە وێ بوو؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ بە دڵنیاییەوە  لە وێ بوو.

**سوڵنێس** نەخشەکان دەخاتەوە نێو فایلەکە

هـم –

**ئالینێ خانم**

خانم بە تەنیشت مێزەکەوە وەستابوو، وەك پیشەی هەمیشەی – کاتێك من بە نێو ژوورەکەدا ڕەتدەبم.

**سوڵنێس** هەڵدەستێتە سەرپێ

پاشان دەمەوێ ئەمەی بدەمێ. ئینجا پێ بڵێم، کە –

**هیلدە** فایلەکەی لە دەست دەسێنێ

ئۆ نەخێر، با ئەو خۆشییە بە من بگات! (بەرەو دەرگاکە دەڕوات، بەڵام ئاوڕ دەداتەوە) ناوی چییە؟

**سوڵنێس**

ناوی خاتوو فۆسلی – ە.

**هیلدە**

یەع، زۆر ساردوسڕ دێتە بەرگوێ! مەبەستم، ناوی یەکەمی؟

**سوڵنێس**

کایا – وابزانم.

**هیلدە** دەرگاکە دەکاتەوە و هاوار دەکات

کایا! وەرە ژوورەوە! خێراکەن! بیناساز دەخوازێ قسەتان لەگەڵ بکات.

**کایا** فۆسلی دێتە ژوورەوە

**کایا** بە ترسەوە تەماشای بیناساز دەکات

ئەوەتام -؟

**هیلدە** فایلەکەی دەداتە دەست

سەیرکە، کایا! ئێستا ئێوە دەتوانن ئەمە بەرن بۆ ئەوان. چوونکە بیناساز لەسەری نووسیوە.

**کایا**

ئۆ، دواجار!

**سوڵنێس**

بیدە دەست ئەو پیرە میردە بە زووترین کات.

**کایا**

هەر ئێستا دەیبەم بۆماڵەوە بۆ یان.

**سوڵنێس**

بەڵێ، بیبە. وە پاشان ڕاگناریش دەتوانێت ئێدی بیناسازی بکات.

**کایا**

ئۆ، بۆی هەیە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئێرە و سوپاستان بکات بۆ هەموو -؟

**سوڵنێس** بە توندی

من هیچ سوپاسم ناوێ! سڵاوی منی پێ بگەیەنە و ئەوەی لە منەوە پێ بڵێ.

**کایا**

بەڵێ، پێی دەڵێم –

**سوڵنێس**

وە پێی بڵێ، من لەمەودوا پێویستیم بە ئەو نییە و بە ئێوەش نییە.

**کایا** هێواش و بە لەرزلێهاتنەوە

پێویستیت بە منیش نییە!

**سوڵنێس**

ئێستا ئێوە ئێدی شتی دیکە تان هەیە بیری لێ بکەنەوە و ئاگاداری بن. وە ئەوەش شتێکی باشە؛ ئیتر. بەڵێ، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و نەخشەکانیش لەگەڵ خۆت بەرە، خاتوو فۆسلی. خێرا! گوێتان لێیە!

**کایا** وەك جاری پێشوو

بەڵێ، جەنابی سوڵنێس.

**کایا** دەڕوات.

**ئالینێ خانم**

خوایە، چ چاوێکی جامبازانەی هەیە.

**سوڵنێس**

ئەو! پەرییەکی بچکۆلانەی داماوە.

**ئالینێ خانم**

ئۆهـ، هاڵڤارد – من، من دەبینم، چی دەبینم. . بەڕاستی تۆ ئەوان لەسەرکار دوور دەخیتەوە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**ئالینێ خانم**

ئەویش؟

**سوڵنێس**

ئەی ئەوە، خواستی دڵخوازی تۆ نەبوو؟

**ئالینێ خانم**

بەڵام تۆ دەتوانیت دەست بەرداری ئەو بیت -؟ ئا بەڵێ، بێگومان تۆ بە هێواشی یەکێکی دیکەت وەك یەدەگ هەیە، تۆ، هاڵڤارد.

**هیلدە** بە وزەوە

بەڵێ، لە هەموو حاڵەتێکدا من بە کەڵکی ئەوە نایەم لە تەنیشت مێزی نووسینەوە ڕاوەستم.

**سوڵنێس**

ئێ، ئێ، ئێ – ئالینێ، ئەو خۆی ڕادەست دەکات. ئێستا تۆ تەنها بیر لە گواستنەوە بۆ نێو ماڵە تازەکە بکەرەوە – بە زووترین کات. ئەم ئێوارەیە تاجە گوڵینەکەش دەبەینە سەرەوە – (ئاوڕ لە هیلدە دەداتەوە) – تەواو بۆ سەری سەرەوە بۆ دوندی بورجەکە. ها خاتوو هیلدە، ڕاتان چییە؟

**هیلدە** بە چاوی گەشەوە تەماشای دەکات

بێ ئەندازە خۆش دەبێت من دووبارە ئێوە لەسەرەوە بە بارزاییەوە ببینمەوە.

**سوڵنێس**

من!

**ئالینێ خانم**

ئۆ خاتوو ڤانگل، بۆ خاتری خوا، بیر لەشتی ئاوها مەکەنەوە! مێردەکەم -! سەرسوڕکێی لەگەڵە، زۆر!

**هیلدە**

سەرسوڕکێ! نەخێر، بەڕاستی ئەو ئەوەی نییە!

**ئالینێ خانم**

بـا بە پیاو چاکان لەگەڵێتی.

**هیلدە**

بەڵام من خۆم ئەوم بینیوە بەرز بە سەر لوتکەی بورچی کڵێسەیەکەوە!

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، دەبیستم خەڵك باسی ئەوە دەکەن. بەڵام ئەوە زۆر مەحاڵە –

**سوڵنێس** بەتووڕەییەوە

مەحاڵە – مەحاڵە، بەڵێ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من سەرکەوتووم بۆ ئەو شوێنە!

**ئالینێ خانم**

نەخێر، چۆن دەتوانیت ئەوە بڵێیت، هاڵڤارد؟ تۆ جارێ بەرگەی ئەوە ناگریت بچیتە باڵکۆنەکەی سەرەوە لە نهۆمی دووەم. تۆ هەمیشە ئاوها بوویت.

**سوڵنێس**

لەوانەیە تۆ ئەمشەو شتێکی دیکە ببینیت.

**ئالینێ خانم** ترساوانە

نەخێر، نەخێر، نەخێر! بە یارمەتی خودای گەورە هەرگیز ئەوە نابینم! چوونکە هەر ئێستا نامە بۆ دکتۆر دەنووسم. وە بێگومان ئەو لەو بیرۆکەیەت دوور دەخاتەوە.

**سوڵنێس**

بەڵام ئالینێ -!

**ئالینێ خانم**

با، چوونکە تۆ نەخۆشیت، هالڤارد! ئەمە لەوە زیاتر هیچی دیکە نییە! ئۆ خوایە گیان خوای گەورە!

**ئالینێ خانم** بە پەلە لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**هیلدە** بە هەست وروژانەوە تەماشای دەکات.

ئەوە وایە یان نا؟

**سوڵنێس**

کە من سەرسورکێم گەڵە؟

**هیلدە**

کە بیناسازەکەی من ناوێرێت – ناتوانێت سەرکەوێت بۆ ئەو شوێنە بەرزانەی، خۆی بینایان دەکات؟

**سوڵنێس**

ئایا ئێوە بەو شێوەیە، لە بابەتەکە دەڕوانن؟

**هیلدە**

بەڵێ.

**سوڵنێس**

وابزانم بەم زووانە هیچ شوێنێك لە ناخمدا ڕزگاری نابێت لە دەست ئێوە.

**هیلدە** تەماشای پەنجەرەی کۆشەی ژوورەکە دەکات

لەسەرەوە لەوێ. تەواو لەسەری سەرەوە –

**سوڵنێس** دەچێتە نزیکترەوە

لە ژوورەکەی سەری سەرەوەی بورجەکەدا ئێوە دەتوانن بژین، هیلدە. – ئێوە وەك شازادە خانمێك لە وێدا دەژین.

**هیلدە** دوودڵانە، لە نێوان گاڵتە و ڕاستیدا

بەڵێ، ئێوە گفتان پێداوم.

**سوڵنێس**

بەڕاست من گفتم پێداون؟

**هیلدە**

شەرمە، بیناساز! ئێوە گوتان، کە من دەبێت ببم بە شازادە خانم. وە دەبمە خاوەنی شانشینێك لەلایان ئێوەوە. ئینجا دەستانبرد و- ئێ!

**سوڵنێس** لەسەرخۆ

ئێوە دڵنیان لەوەی، ئەوە خەونێك نەبووە – بە خەیاڵ دروستکردنێك، کە لە مێشکتان چەسپی بێت؟

**هیلدە** بە مۆڕەوە

بۆ ڕەنگە ئێوە واتان نەکردبێت؟

**سوڵنێس**

بەحاڵ دەزانم خۆم – (هێواشتر) بەڵام ئێستا بەڕاستی دەزانم، کە من –

**هیلدە**

کە ئێوە -؟ هەر ئێستا بیڵێ!

**سوڵنێس**

.کە من دەبوایە ئەوەم بکردبایە.

**هیلدە** بە تەقینەوەوە

ئێوە هەرگیز سەرسوڕکێتان لەگەڵ نییە!

**سوڵنێس**

ئەمشەو ئێمە تاجە گوڵینە بەرزدەکەینەوە – شازادە خانم هیلدە.

**هیلدە** بە تاڵاو قوت دانێکەوە

بۆ سەر ماڵە نویەکەتان، بەڵێ.

**سوڵنێس**

بۆ سەر ئەو ماڵە نوێیە. کە هەرگیز نابێت بە ماڵی من.

**سوڵنێس** لەدەرگای سەر باخچەکەوە دەچێتە دەرەوە.

**هیلدە** بە نیگایەکی ناڕوونەوە تەماشای دەورووبەری خۆی دەکات و لەگەڵ خۆیدا بە چرپە، کە وشەکان دەبیسترێن، دەڵێ

... هێجگار ورووژێنەرە ..

# دیمەنی سێیەم

بالکۆنێکی گەورە و فراوان لەو خانووەی وەستا سوڵنێسی تێدا نیشتەجێیە. بەشێکی خانووەکە لەگەڵ دەرگای بالکۆنەکە لەلای چەپەوە دەبینرێت. مێردڕەوەیەکی لەلای ڕاستەوە هەیە. زۆر لە دواوە، لە لا تەنگەبەرەکەی بالکۆنەکەدا، پلیکانەیەك دەباتە نێو باخچە نزمەکەوە. درەختی گەورە و بەتەمەنی نێو باخچەکە، بەسەر بالکۆنەکەو بە ئاڕاستەی خانووەکەدا پەلیان هاویشتووە. زیاتر بەلای ڕاستتدا، لە نێو درختەکانەوە، بەشی خوارەوەی ڤێلا نوێیەکە و ئەسکەلە بەدەوری بورجی ڤێلاکەوە دیارە. لە باگراوندا باخچەکە بە پەرژینێکی کۆن سنوردار کراوە. پشت پەرژینەکە شەقامێکە، کە خانووی نزم و داروخا و بچکۆلەی تێدایە.

هەورەکانی ئاسمانی ئەو ئێوارەیە بە تیشکی خۆر ڕووناکن.

بالکۆنەکە قەنەفەیەکی [لەوەی نێو باخە گشتییەکان] بە درێژایی دیواری بالکۆنەکەی لێیە و لە بەردەم قەنەفەکەشدا مێزێکی درێژکۆلە. بەتەنیشت مێزەکەوە لە لاکەی دیکەی مێزەکە کورسییەکی قۆڵدار و چەند ئەسکەملێکی [ بێ قۆڵ و پشت] ی لێیە. هەموو مۆبیلیاتەکان لە شووڵ تەنراون.

ئالینێ خانم، شاڵێکی گەورەی سپی لەخۆیەوە پێچاوە و لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە ئیسراحەت دانیشتووە و تەماشای لای ڕاست دەکات.

پاش کەمێك هیلدە ڤانگل لە باخچەکەوە بە پلیانەکەدا دێتە سەرەوە. وەك جاری پێشوو خۆی پۆشیوە و شەپقەکەشی لەسەردایە. چەپکێ گوڵی بچکۆلەی لە گوڵی بچکۆلەی ئاسایی بە سنگییەوە ناوە.

**ئالینێ خانم** کەمێك سەر بەرەو لای دەجوڵێنێ

بە نێو باخەکەدا گەڕان، ئێوە، خاتوو ڤانگل؟

**هیلدە**

بەڵێ، خوارەوەم بینی.

**ئالینێ خانم**

وە دەبینم گوڵیشتان چنیوەتەوە.

**هیلدە**

بەڵێ! چوونکە ئەوێ گوڵی زۆر لێیە. لە نێو دەوەنەکاندا.

**ئالینێ خانم**

نا، لەوێ؟ ئێستاش؟ بەڵێ، چوونکە من هەرگیز ناچمە ئەوێ.

**هیلدە** نزیکتر دەبێتەوە

چی، ئەوە چییە؟ مانای ئێوە هەموو ڕۆژێك ناچنە خوارەوە بۆ نێو باخەکە؟

**ئالینێ خانم** بە پێکەنینێکی ماندووانەوە

من ناچم بۆ هیچ کوێ، من. چیدی نا.

**هیلدە**

ها، بەڵام جاروبار ناچنە خوارەوە و سڵاو لەو هەموو خۆشییە ناکەن لە وێدا؟

**ئالینێ خانم**

ئەوە زۆر نامۆی لێهاتووە بۆ من، هەمووی. من تەنانەت دەترسم دووبارە بیان بینمەوە.

**هیلدە**

باخچەکەی خۆتان!

**ئالینێ خانم**

من هەست ناکەم ئێستا چیدی ئیتر ئەوە باخچەی من بێت.

**هیلدە**

ئۆ، ئەی چییە -؟

**ئالینێ خانم**

نەخێر، نەخێر، وا نییە. وەک سەردەمی دایك و باوکم نییە. خەمبارانە زۆریان لە باخچەکە لابردووە، خاتوو ڤانگل. بیربکەرەوە – دابەشیان کردووە و خانوویان بۆ کەسانی نامۆ لێ دروست کردووە. بۆ خەڵکێك، کە من نایان ناسم. ئەوانە دادەنیشن و لە پەنجەرەکانەوە تەماشام دەکەن.

هیلدە بە دەربڕینێکی گەرمەوە

ئالینێ خانم؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ؟

**هیلدە**

بۆم هەیە کەمێك لێرە لەلاتان بم؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە، ئەگەر ئێوە حەزدەکەن.

هیلدە ئەسکەملێك بۆ لای کورسییە قۆڵدارەکە دەگوێزێتەوە و لەسەری دادەنیشێت.

**هیلدە**

ئاها – ئا لێرەدا دەکرێت یەکێك دابنیشێت و وەك پشیلە خۆی بداتە بەر تیشکی خۆر.

**ئالینێ خانم** هێواش دەست دەخاتە سەر پشت ملی

ئەوەی کە ئێوە دەخوازن لە لای منەوە دانیشن، میهرەبانییە. من پێموا بوو، ئێوە دەتانویست بچنە ژوورەوە بۆ لای مێردەکەم.

**هیلدە**

چی بکەم لەلای ئەو؟

**ئالینێ خانم**

هات بە بیرمدا، یارمەتی بدەن.

**هیلدە**

نەخێر سوپاس. بۆ زانیاری ئەو لە ژوورەوە نییە. ئەو چووە بۆلای کرێکارەکان. بەڵام ئەو زۆر بەخوێنی سەر تینو دەهاتە بەرچاو، نەم وێرا قسەی لەگەڵدا بکەم.

**ئالینێ خانم**

ئۆ لە بنەڕەتتدا بەسروشت زۆر نەرم و نیانە.

**هیلدە**

ئەو!

**ئالینێ خانم**

ئێوە هێشتا ئەو بە باشی ناناسن، خاتوو ڤانگل.

**هیلدە** بە گەرمییەوە تەماشای دەکات

ئەی ئێوە، بە گواستنەوە بۆ ئەو شوێنە نوێیە دڵخۆشن؟

**ئالینێ خانم**

دەبێت دڵخۆش بم. چوونکە هاڵڤارد ئاوهای دەوێت –

**هیلدە**

ئۆ، من پێموایە، تەنها لەبەر ئەوە نا.

**ئالینێ خانم**

با، با، خاتوو ڤانگل. چوونکە دروست هەر ئەوە ئەرکی منە، ئەوەی کە ملکەچی ئەو بم. بەڵام زۆر جار هێجگار دژوارە زۆر هێنان بۆ هۆش و گۆشی خود بۆ گوێڕایەڵی.

**هیلدە**

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەوە دژوار بێت.

ئالینێ خانم

باوەڕکەن. کاتێك ئەوی دی مرۆڤێکی لە من باشتر نەبێت، ئێدی –

**هیلدە**

کاتێك کەسێك، وەك ئێوە هێندەی دژواری بەسەر هاتبێ –

**ئالینێ خانم**

ئێوە لە کوێوە ئەوە دەزانن؟

**هیلدە**

مێردەکەتان باسیکرد.

**ئالینێ خانم**

لەلای من زۆر کەم باسی ئەو شتانە دەکات. – بەڵێ، باوەڕکەن، من زیاد لە پیویست نەهامەتیم لە ژیانی خۆمدا بەسەر هاتووە، خاتوو ڤانگل .

**هیلدە** بە هاوخەمیکردنییەوە تەماشای دەکات و هێواش سەری بۆ دەلەقێنێ

ئای ئالینێ خانمی کلۆڵ. سەرەتا لێتان قەوما وماڵتان سووتا –

**ئالینێ خانم**

بەڵێ. هەموو ئەوەی هەم بوو سووتا.

**هیلدە**

وە پاشان ئەوەی بەدوادا هات، کە خراپتر بوو.

**ئالینێ خانم** بە پرسیارکردنەوە لێی دەڕوانێت

خراپتر؟

**هیلدە**

ئەوەی، کە خراپتر بوو.

**ئالینێ خانم**

مەبەستان، کامەیە؟

**هیلدە**

ئێوە هەر دوو کوڕە بچکۆلانەکەتان لە دەست دا.

**ئالینێ خانم**

ئۆ، ئەوان، بەڵێ، ئەوە مەسەلەیەکی جیاواز بوو، ئەوە. قەزاوقەدەری خودایی بوو. مرۆڤ دەبێت ملکەچی شتی ئاوها بێت و سوپاس گوزار بێت.

**هیلدە**

ئەی ئێوە ئەوە دەکەن؟

**ئالینێ خانم**

هەمیشە نا، بەداخەوە. من زۆر باش دەزانم ئیدی، کە ئەوە ئەرکی منە [کە وابم]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم.

**هیلدە**

نا، نا، من پێموایە، ئەوە زۆر بەجێیە، ئەوەی تۆ.

**ئالینێ خانم**

وە زۆرجاریش دەبێت ئەوە بە خۆم بڵێم، کە ئەو سزا دانەم دادپەروەرانە بوو.

**هیلدە**

بۆچیێ؟

**ئالینێ خانم**

چوونکە من لەو کارەساتەدا بەهێز و خۆ ڕاگر نەبووم.

**هیلدە**

بەڵام من لەوە تێناگەم، ئیدی کە –

**ئالینێ خانم**

ئۆ نەخێر، نەخێر، خاتوو ڤانگل – لەوە زیاتر باسی ئەو دوو کوڕە بچووکانەم بۆ مەکە. ئێمە دەبێت دڵمان بەوان خۆش بێت. چوونکە ئەوان ژیانیان زۆر باشە – زۆر باشە ئێستا. نەخێر، ئەوە ئەو لە دەست دانە بچووکانەیە، کە هێندە نێو جەرگی مرۆڤ دەبڕن. ئەوەی هەموو ئەو شتانە لەدەست بدەیت، کە خەڵکی دی تاڕادەیەك هیچ حیسابیان بۆ ناکەن.

**هیلدە** دەست دەخاتە سەر ئەژنۆکانی ئالینێ خانم و بە گەرمییەوە تەماشای دەکات

خانمە جوانەکەم. – دە پێم بڵێ، ئەو [شتانە] چی بوون!

**ئالینێ خانم**

وەک گوتم. هەر شتی بچکۆلە. ئێستا هەموو ئەو پۆرترێتە کۆنانەی بە دیوارەکانەوە هەڵواسرا بوون سووتان. هەروەها هەموو بەرگە ئاوریشمینە کۆنەکان سووتان. ئەوانەی وا، لە کۆنی کۆنەوە هی خێزانەکە بوون. ئینجا هەموو ئەوەی دایکم و نەنکم چنی بوویانن – ئەوانەش سووتان. ئینجا بزانە – زێڕ و زیو! (خەمبارانە) ئینجا هەموو بووکەڵەکانیش.

**هیلدە**

بووکەڵەکان؟

**ئالینێ خانم** بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە

من نۆ بووکەڵەی جوانم هەبوو.

**هیلدە**

ئەوانەش سووتان؟

**ئالینێ خانم**

هەموویان. ئۆ، زۆر بە ئازار بوو- بۆ من زۆر بە ئازار بوو.

**هیلدە**

ئێوە یاریتان بە هەموو ئەو بووکەڵانە کرد بوو؟ کە منداڵ بوون؟

**ئالینێ خانم**

یاریم پێ نەکردوون. من و بووکەڵەکان لەو کاتەوە ماینەوە لەسەر پێکەوە ژیان.

**هیلدە**

دوای ئەوەی کە گەورەش بوون؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، دوای ئەو کاتەش تا ماوەیەکی زۆر.

**هیلدە**

دوای شووکردنیشتان؟

**ئالینێ خانم**

ئا بەڵێ. کە ئەو نەیدە بینی، بەڵێ - . بەڵام ئێدی ئەو کڵۆڵانە، سووتان. هیچ کەس نەبوو کە بیر لە ڕزگارکردنیان بکاتەوە. ئۆ، بیر لێ کردنەوەی هێجگار غەمگینە. بەڵێ، نابێ پێم پێ بکەنن، خاتوو ڤانگل.

**هیلدە**

من بە هیچ شێوەیەك پێ ناکەنم.

**ئالینێ خانم**

چوونکە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەوانە زیندوو بوون. من دەمخستنە سەر دڵم. وەک کۆرپەلەی لە دایک نە بوو.

دکتۆر هەرداڵ، شەپقەکەی بە دەستەوەیە، لە دەرگاکە دێتە ژوورەوە و چاوی بە ئالینێ خانم و هیلدە دەکەوێت.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئێ، کەواتە لە دەرەوە دانیشتوون، تا سەرماتان بێت، ئێوە، خانم؟

**ئالینێ خانم**

من پێموایە، ئەمڕۆ، ئێرە زۆر گەرم و خۆشە.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ، بەڵێ. بەڵام هیچ ڕوویداوە لێرە لە ماڵەکەدا؟ من نامەیەکی ئێوەم پێگەیشت.

**ئالینێ خانم** هەڵدەستێتە سەرپێ

بەڵێ، شتێك هەیە، من پێویستە لەبارەیەوە قسەتان لەگەڵدا بکەم.

**دکتۆر هەرداڵ**

باشە. کەواتە دەچینە ژوورەوە. (ڕوودەکاتە هیلدە) ئەمڕۆش، جلکی چوون بۆ چیاتان پۆشیوە، خاتوون؟

**هیڵدە** گورج و گۆڵانە هەڵدەسێتە سەر پێ

بەڵێ ئێدی! بە تەواوی خۆ ڕازاندنەوە! بەڵام ئەمڕۆ هەڵناکشێم بۆ سەرەوە و ملی خۆم ناشکێنم. ئێمە هەردووکمان لە خوارەوە جوان دەمێنینەوە و تەماشا دەکەین، ئێمە، دکتۆر.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئەی تەماشای چی بکەین؟

**ئالینێ خانم** هێواش، بە ترسەوە ڕوودەکاتە هیلدە

ووس، ووس – بۆ خاتری خودا! ئەوا هات! هەوڵبدە ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خۆی دەرکات. ئینجا با ئێمەش پێکەوە ببینە هاوڕێ، خاتوو ڤانگل. ناتوانین [من تۆ] ببینە هاوڕێ؟

**هیلدە** بە گەرمییەوە دەست دەکاتە ملی

ئۆ، ئەگەر بمانتوانیایە.

**ئالینێ خانم** بە ئاگا لێبوونەوە [لەسەرخۆ] خۆی دوور دەخاتەوە

ئێ – ئێ – ئێ! ئەوە هات، دکتۆر! دەبا [بڕۆین] قسە بکەین.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئایا پەیوەندی بەوەوە هەیە؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ بەدڵنیاییەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە. وەرە ژوورەوە.

ئالینێ خانم  و دکتۆر دەچنە ژوورەوە بۆ نێو خانووەکە.

کەمێك دواتر سوڵنێسی بیناساز لە باخچەکەوە بە پلێکانەکەدا دێتە سەرەوە. جیدەیەتێك ڕوخساری هیلدە دادەگرێت.

**سوڵنێس** تەماشای دەرگای خانووەکە دەکات، کە لە ژوورەوە هێواش دادەخرێ

تێ بینیتان کردووە، هیلدە، هەر کە من دێم، ئەو خێرا دەڕوات؟

**هیلدە**

من هەر تێبینی ئەوەم کردووە، کاتێك ئێوە دێن، خێرا وا لە ئەو دەکەن بڕوات.

**سوڵنێس**

ڕەنگە. بەڵام من ناتوانم ئەوە ڕاست بکەمەوە. (بە گرنگییەوە تەماشای دەکات) سەرماتانە، هیلدە؟ پێموایە، پێتانەوە دیارە.

**هیلدە**

من ئێستا ڕێك لە گۆڕێکی ژێرزەمینیەوە هاتووم.

**سوڵنێس**

ئەوە مانای چی؟

**هیلدە**

مانای ئەوەی لەسەرماندا لەشم سڕ بووە، بیناساز.

**سوڵنێس** هێواش

وابزانم، تێگەیشتم –

**هیلدە**

ئێوە ئێستا لێرە چی دەخوازن؟

**سوڵنێس**

من لە دوورەوە چاوم بە تۆ کەوت.

**هیلدە**

ئێ کەواتە ئێوە ئەویشتان بینیوە، ئیتر؟

**سوڵنێس**

من دەمزانی، هەر کە هاتم، ئەو یەکسەر دەڕوات.

**هیلدە**

ئایە، بۆ ئێوە ئەوە هێندە ناخۆشە، کە ئەو ئاوها لەسەر ڕێتان دوور دەکەوێتەوە؟

**سوڵنێس**

لە لایەکیشەوە هەست بە سەرشان سووک بوونێکیشی تێدایە.

**هیلدە**

ئەگەر ئەوتان لەبەر چاو نەبێت؟

**سوڵنێس**

بەڵێ.

**هیلدە**

بۆ ئەوەی هەمیشە و بەردەوام نەبینن، کە بەسەرهاتی کوڕە بچووکەکان چەند دژوارە بۆ ئەو؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، زیاتر لەبەر ئەوە.

هیلدە لە بالکۆنەکەدا دەستی خستووەتە پشتییەوە و بە بالکۆنەکەدا هات وچۆ دەکات، لە تەنیشت مێردڕەوەکەوە ڕادەوەستێ و لە باخچەکە دەڕوانێت.

**سوڵنێس** باش کەمێك

زۆر قسەتان لەگەڵ کرد؟

هیلدە بە بێ جووڵە ڕاوەستاوە و وەڵام ناداتەوە.

**سوڵنێس**

دەپرسم، زۆر؟

هیلدە هەر بێدەنگە.

**سوڵنێس**

هیلدە، ئەوە ئەو باسی چی دەکرد؟

هیلدە هێشتا هەر وەك پێشان بێدەنگە.

**سوڵنێس**

[ئای] ئالینێی کڵۆڵ! بێگومان ئەو، قسەکانی لەبارەی کوڕە بچووکەکانەوە بووە.

هیلدە، بە ترسەوە ڕادەچڵەکێ؛ دووجار لەسەر یەك سەر دەلەقێنێ.

**سوڵنێس**

هەرگیز لە مێشکی دەرناچێت. هەرگیز، مەحاڵە لە مێشکی دەرناچێت. (دەچێتە نزیکییەوە) ئێوە ئێستا وەك پەیکەرێکی بەردین دووبارە لەوێدا وەستاون. دوێنێ ئێوارەش هەرئاوها وەستا بوون.

**هیلدە** ئاووڕ دەداتەوە و بە چاوی زەق کراوەوە، بە شێوەیەکی جێگیر تەماشای دەکات.

دەخوازم سەفەربکەم.

**سوڵنێس** تیژ

سەفەر!

**هیلدە**

بەڵێ.

**سوڵنێس**

نەخێر ئێوە بۆتان نییە سەفەر بکەن!

**هیلدە**

ئەی من ئێستا چی بکەم لێرە؟

**سوڵنێس**

هەر لێرەبە، هیلدە!

**هیلدە** سەیری بەردەمی ئەو دەکات

بەڵێ، سوپاس. مانەوەم هیچ ناگۆڕێت.

**سوڵنێس**

تا ئەندازەیەك باشتر دەبێت!

**هیلدە** بە توندی

ناتوانم شتێکی خراپ بەرامبەر بە یەکێك بکەم، کە دەیناسم! ناتوانم کەسێك، کە هی ئەوە، من بیبەم.

**سوڵنێس**

کێ دەڵێ، ئێوە دەخوازن ئەوە بکەن!

**هیلدە** بەهەمان شێوە

یەکێکی بێگانە، بەڵێ! چوونکە ئەوە شتێکی ترە، ئەوە! یەکێك، کە من هەرگیز بە چاوی خۆم نەمبینوە. بەڵام یەکێك، کە هاتوومە نزیکییەوە -! نەخێر! نەخێر! یەع!

**سوڵنێس**

بەڵێ ئێ خۆ منیش شتێکی دیکەم نە گوتووە!

**هێلدە**

ئۆ، بیناساز، ئێوە بە دڵنیاییەوە باش دەزانن ئەوە چۆنچۆنی دەکەوێتەوە. منیش بۆیە سەفەردەکەم.

**سوڵنێس**

ئەی من چیم بەسەر دێت، کاتێك ئێوە سەفەر دەکەن؟ چیم هەیە ئێدی تا بۆی بژیم؟ دوای ئەوە؟

**هیلدە** بەو دەربڕینە نادیارەوە لە چاوەکانیدا

بۆ ئێوە خۆتان ئەوە ئێدی پێویست نییە. [بەڵام] خۆ ئێوە ئەرکی خۆتان بەرامبەر بە ئەو هەیە. لە پێناو ئەو ئەرکانەدا بژین.

**سوڵنێس**

درەنگە. ئەم دەسەڵاتانە، - ئەمانە – ئەمانە –

**هیلدە**

. ئەهریمەنەکان –

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئەهریمەنەکان! ئینجا دێوەکانی نێو ناخیشم. هەموو خوێنی ژینمیان پژاند. (نائومێدانە پێدەکەنێ) لە پێناو بەختەوەری مندا ئەوان ئەو کارەیان ئەنجامدا! با – با! (دژوار) ئەویش هەنووکە مرد – لە پێناوی مندا. منیش هەروا بە زیندوویی بەو مردووەوە بەستراومەتەوە. (بە ترسێکی کێویانەوە) من – من، کە ناتوانم ژیان بەبێ شادی بژیم.

هیلدە بە دەوری مێزەکەدا دەسوڕێتەوە و لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ و ئانیشکەکانی دەخاتە سەر مێزەکە و سەری دەخاتە نێو دەستەکانییەوە.

**هیلدە** دادەنیشێ و ماوەیەك تەماشای دەکات

ئەی ئەمجارە بێتەوە دەخوازیت چی بینا بکەیت؟

سوڵنێس سەر بادەدات

لەو باوەڕەدا نیم، لە ئێستادا شتی زیاتر بێتە کایەوە.

**هیلدە**

ئەی چیدی ماڵی گەرم و خۆش بۆ دایك و باوکان دروست ناکەیت؟ بۆ ڕەوە مناڵ ماڵ دروست ناکەیت؟

**سوڵنێس**

خۆزگە من، بمزانیایە، داخوا لەدوای ئەمڕۆوە چیدی پێویست بەو جۆرە شتانە دەکات.

**هیلدە**

ئای بیناسازی کلۆڵ! ئێوەش، ئەو هەموو دەساڵە لێرە – ژیانی خۆتان – لەمەدا سەرفکرد.

**سوڵنێس**

بەڵێ، ئێوە هەر ئەوە بڵێن، هیلدە.

**هیلدە** بە تووڕە بوونەوە

ئۆ، من پێموایە، بەڕاستی ئەوە – هەر هەمووی زۆر پووچە - زۆر پووچ!

**سوڵنێس**

کام هەموو؟

**هیلدە**

ئەوەی کە یەکێك نەتوانێت دەست بۆ بەختەوەری خۆی درێژ بکات. بۆ ژیانی خۆی درێژ بکات! هەر لەبەرئەوەی لەمپەرێك، کە ئەو کەسە پێی ئاشنایە، ڕێگرە!

**سوڵنێس**

لەمپەرێک، کە ئەو کەسە مافی ئەوەی نییە بەلایدا تێپەڕێت.

**هیلدە**

کاشکی بمزانیبایە، داخوا ئەو کەسە هەر بەڕاستی مافی ئەوەی نەبووە؟ بەڵام ئێدی لەگەڵ ئەوەشدا – ئای، لەوەی، کە سەرباری ئەو هەموو شتەش توانیوەیەتی بخەوێت!

دەستەکانی دەخاتە سەر مێزەکە و لای چەپی سەری دەخاتە سەر دەستەکانی و چاوەکانی دەنووقێنێ.

**سوڵنێس** کورسییە قۆڵدارەکە دەجولێنێ و بە تەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێ

هیلدە، ئێوە ماڵێکی گەرم و پڕ کامەرانیتان – لەوێ لای باوکتان هەبوو؟

**هیلدە** بەبێ جووڵە، وەك لە خەوێکی نیوە چڵدابێ وەڵام دەداتەوە

تەنها قەفەزێکم هەبوو.

**سوڵنێس**

وە بە هیچ شێوەیەکیش ناخوازن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ؟

**هیلدە** وەك جاری پێشوو

مەلی دارستان ناخوازێ هەرگیز بچێتەوە نێو قەفەز.

**سوڵنێس**

پێی باشترە لە هەوای ئازادا ڕاوی خۆی بکات –

**هیلدە** هێشتا هەر وەك پێشان

مەلە کێوییەکان باشتر ڕاودەکەن –

**سوڵنێس** وورد تەماشای دەکات

ئەوە، وەك ئەو نەیارییەی چەتەکانی دەریا هەیان بوو لە ژیاندا –

**هیلدە** بە دەنگی ئاسایی، چاوەکانی دەکاتەوە، بەڵام بێ جووڵە

ئا ئەوەی دووەم؟ بڵێ، ئەوە چی بوو!

**سوڵنێس**

ویژدانێکی تەندروست و پتەو

هیلدە بە وزەوە خۆی لەسەر قەنەفەکە ڕاست دەکاتەوە. چاوەکانی دووبارە خۆشی و گەشانەوەیان پێوە دیارە

**هیلدە** سەری بۆ دەلەقێنێ

من دەزانم. بۆ جاری ئایندە ئێوە چی بینا دەکەن!

**سوڵنێس**

دەکەواتە ئێوە لە من زیاتر ئەو شتە دەزانن. هیلدە.

**هیلدە**

بەڵێ، بیناسازەکان، ئەوان، زۆر گێلن.

**سوڵنێس**

ئەی بۆ ئایندە چی دروست دەکەم؟

**هیلدە** دووبارە سەر دەلەقێنێ

کۆشکەکە.

**سوڵنێس**

چ کۆشکێك؟

**هیلدە**

کۆشکەکەی من، بێگومان ئێوە دەزانن.

**سوڵنێس**

ئێستا ئێوە کۆشکێکتان دەوێت؟

هیلدە

دەبێت بپرسم، ئەی ئێوە شانشینێک بە من قەرزار نین؟

**سوڵنێس**

با، گوێم لێیە، ئێوە وا دەڵێن.

**هیلدە**

ئێ. کەواتە ئێوە ئەو شانشینە بە من قەرزدارن. ئینجا من لەو باوەڕەدام، کۆشکیش شایستەی شانشینە!

**سوڵنێس** هەتا دێ زیاتر زیت دەبێتەوە

بەڵێ، خۆ ئەوە خۆی بەپێی نەریت دەبێت بەو شێوەیە بێت.

**هیلدە**

چاکە؛ دەکەواتە بۆم دروستکە! هەر ئێستا!

**سوڵنێس** پێدەکەنێ

ئینجا ئێستا لەم ساتەدا؟

**هیلدە**

بەڵێ بەڵێ! چوونکە ئێستا دە ساڵەکە ئێدی – کۆتایی هاتووە. منیش ناخوازم زیاتر چاوەڕێ بکەم. کەواتە – کۆشکەکە رادەستکە، بیناساز!

**سوڵنێس**

قەرزاربارى ئێوە بوون شتێکی باش نییە، هیلدە!

**هیلدە**

ئەوە دەبوایە پێشتر ئێوە بیرتان لێ کردبایەتەوە. ئێستا تازە درەنگە. کەواتە – (دەکێشێ بە سەر مێزەکەدا) – ئادەی کۆشکەکە بخە سەر مێزەکە! من کۆشکەکەی خۆم دەوێت! هەر ئێستا!

**سوڵنێس** بە شێوەیەکی جیدی تر، نزیکتر دەبێتەوە و دەستەکانی لەسەر مێزەکەیە

بیرتان کردووەتەوە، ئەو کۆشکە چۆنچۆنی بێت، هیلدە؟

هیلدە هێدی هێدی چاوەکانی ماندوو دەبن. وەک ئەوەی لە ناخی خودی خۆی بڕوانێت.

**هیلدە** هێواش

کۆشکەکەم دەبێت بە بەرزییەوە بێت. هێجگار شوێنەکەی بەرز بێت. چوار دەوری بەر بەرەڵا بێت. هەتا بتوانم بەرفراوان - بەرفراوان تا چاو بڕەکات ببینم.

**سوڵنێس**

بورجێکی بەرزیشی بەسەرەوە بێت؟

**هیلدە**

بورجێکی بەرزی زراوتەرەکێن. لە لووتکەی بورجەکەشدا باڵکۆنێك هەبێت. لەوێدا دەخوازم من ڕاوەستم –

**سوڵنێس** بێ ویستی خۆی نیوچەوانی بەدەستی دەگرێ

ئێوە ئارەزوودەکەن لەسەر بەرزاییەک بووەستن کە هێجگار تووشی سەرسوڕکێتان دەکات –

**هیلدە**

بەڵێ! ڕێك لەو بەرزاییە لەسەرەوە دەخوازم بووەستم و تەماشای ئەوانی دیکە بکەم – ئەوانەی، کە کەنیسە بنیات دەنێن. وە ماڵ بۆ باوک و دایک و ڕەوە منداڵ بنیات دەنێن. وە ئێوەش دەبێ بێنە سەرەوە و تەماشا بکەن.

**سوڵنێس** هێواش

بیناساز بۆی هەیە بێتە سەرەوە بۆ لای شازادە خانم؟

**هیلدە**

ئەگەر بیناساز خۆی بخوازێت.

**سوڵنێس** لەسەرخۆتر

دەکەواتە پێموایە بیناساز دێت.

**هیلدە** سەردەلەقێنێ

بیناساز – دێت.

سوڵنێس

بەڵام هەرگیز چیدی بینا دروست ناکات – ئەی بیناسازی کڵۆڵ.

هیلدە بە وزەیەکی زۆرەوە

با چۆن! ئێمە لەو کارەدا پێکەوە دەبین. ئینجا پێکەوە خۆشترین بینا – خۆشتر لە هەموو ئەوانەی، لە دنیادا هەن بینا دەکەین.

**سوڵنێس** ووروژاوانە

هیلدە – ئا پێم بڵێ، ئەوە چییە!

**هیڵدە** بە زەردەخەنەوە تەماشای دەکات، کەمێك سەر ڕادەوەشێنی، دەمی بچووک دەکاتەوە و وەك ئەوەی لەگەڵ منداڵێکدا قسەبکات

بیناسازەکان – کەسانێکی هێجگار – زۆر گێلن.

**سوڵنێس**

بەڵێ بە دڵنیاییەوە گێلن، بەڵێ. بەڵام ئا پێم بڵێ، ئەو شتە چییە! ئەوەی، کە خۆشترینە لە دنیادا. وە کە ئێمە هەردووکمان پێکەوە دەخوازین بینای بکەین؟

**هیلدە** کەمێك بێدەنگ ڕادەوەستێ و ئینجا بە دەربڕینێکی ناڕوونەوە لە چاوەکانیدا دەڵێ

کۆشکێکی خەیاڵی.

**سوڵنێس**

کۆشکی خەیاڵی؟

**هیلدە** سەردەلەقێنێ

کۆشکی خەیاڵی، بەڵێ! ئێوە دەزانن، شتێکی ئاوها وەك کۆشکی خەیاڵی چییە؟

**سوڵنێس**

ئەوەی دەیڵێن، نایابترین شتە لە دنیادا.

**هیلدە** بە پرتاو هەڵدەستێ و بە دەست چۆن بڵێی قسەکە ڕەت دەکاتەوە

بەڵێ بێگومان، بەڵێ! کۆشکی خەیاڵی – پەنابۆبردنیان زۆر ئاسانە. هەروەها دروستکردنیشیان ئاسانە – (بە گاڵتە پێکردنەوە تەماشای دەکات) – بە زۆری بۆ ئەو بیناسازانەی، خاوەن - ویژدانێکی گێژخواردوون.

**سوڵنێس** هەڵدەستێ

لەمڕۆ بەدواوە ئێمە هەردووکمان پێکەوە شتەکان بنیات دەنێین. هیلدە.

**هیلدە** بە نیوە زەردەخەنەیەکی گوماناوییەوە

کۆشکێکی خەیاڵی ئاوها حیسابی؟

**سوڵنێس**

بەڵێ. یەکێك لەسەر دیواری بناغەدار.

ڕاگنار لە بیناکە دێتە دەرەوە. تاجەگوڵینێکی سەوزی ڕازاوەی بە گوڵ و قردێلەی ئاورشمینی ڕەنگاوڕەنگەوە بەدەستەوەیە.

**هیلدە** لەخۆشیاندا دەتەقێتەوە

تاجەگوڵینەکە! ئا، زۆر خۆش دەبێت!

**سوڵنێس**

ڕاگنار، ئەوە بە تاجەگوڵینەوە هاتوون؟

**ڕاگنار**

ئەو بەڵێنەم بە سەرکار دابوو.

**سوڵنێس** خاودەبیتەوە

ئێ، خۆ باوکتان باشترە ئێستا؟

**ڕاگنار**

نەخێر.

**سوڵنێس**

ئەی ئەوەی من نووسی بووم، مەزاجی خۆش نەکرد؟

**ڕاگنار**

ئەوە درەنگ گەیشت.

**سوڵنێس**

درەنگ گەیشت!

**ڕاگنار**

ئەوکاتەی ئەو خانمە ئەوەی هێنا، ئەو چیدی هۆشی نەبوو. جەڵتە لێی دابوو.

**سوڵنێس**

بەڵام [کەوابێ] بڕۆماڵەوە بۆ لای! ئاگاتان لە باوکتان بێ!

**ڕاگنار**

ئەو چیدی پێویستی بە من نییە.

**سوڵنێس**

بەڵام خۆ ئێوە پیویستان بەوەیە لەلای بن.

**ڕاگنار**

ئەو بە تەنیشت تەختی نووستنەکەیەوە دانیشتووە.

**سوڵنێس** بە مۆنییەوە تەماشای دەکا

کایا؟

**ڕاگنار** بە مۆڕەوە سەیری دەکا

بەڵێ – کایا، بەڵێ.

**سوڵنێس**

ڕاگنار، بچۆرەوە بۆ ماڵەوە. برۆرەوە بۆ لای هەم  باوکتان و هەم کایاش. تاجەگوڵینەکەش لێیگەڕێن بۆ من.

**ڕاگنار** زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە سەرکوت دەکات

خۆ ناشێ هەرگیز ئێوە خۆتان بخوازن –

**سوڵنێس**

من خۆم دەمەوەێت ئەوە بەرمە خوارەوە، خۆم دەمەوێت. (تاجەگوڵینەکەی لەدەست دەسێنێ) دە ئیتر بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە ئێوە نییە.

**ڕاگنار**

من دەزانم، ئێوە لەمەوداوا پێویستان بە من نییە. بەڵام ئەمڕۆ لێرە دەمێنمەوە.

**سوڵنێس**

ێ، کەواتە مادام  ئێوە خۆتان ئەوە دەخوازن، بمێننەوە ئێدی.

**هیلدە** بە تەنیشت مێردڕەوەکەوە

بیناساز – من دەخوازم لێرەدا بووەستم و تەماشای ئێوە بکەم.

**سوڵنێس**

تەماشای من!

**هیلدە**

ئەوە هێجگار شتێکی ووروژێنەر دەبێت.

**سوڵنێس** بە دەنگێکی نزم

هیلدە، پاشان من و تۆ باسی ئەوە دەکەین.

سوڵنێس بە تاجەگوڵینەکەوە بە پلیکانەکەدا دەچێتە خوارەوە و بە نێو باخەکەدا دەڕوات.

**هیلدە** لەدواوە تەماشای دەکات؛ پاشان ئاوڕ لە ڕاگنار دەداتەوە

پێموایە، ئێوە دەبوایە زۆر زۆر سوپاسی ئەوتان بکردایە.

**ڕاگنار**

سوپاسی ئەوم بکردایە؟ دەبوایە من سوپاسی ئەوم بکردایە؟

**هیلدە**

بەڵێ، بەهەقیقەت ئێوە دەبوایە ئەوەتان بکردایە!

**ڕاگنار**

دەبوایە سوپاسی ئێوەم بکردایە، من.

هیلدە

چۆن دەتوانن شتی ئاوها بڵێن؟

**ڕاگنار** بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە

بەڵام ئاگاداری خۆتان بن لێی، ئێوە، خاتوون! چونکە ئێوە هێشتا بە باشی ئەو ناناسن.

**هیلدە** بەجۆش و خرۆشەوە

بەڵێ، من باشتری دەناسم، من!

**ڕاگنار** بە پێکەنینێکی بێزارانەوە

سوپاسی بکەم، لەبەرئەوەی ئەو ساڵ لە دوای ساڵ سەرکوتی کردووم! ئەو، کارێکی وایکرد کە باوکم گومانم لێ بکات. وای لە خۆشم کرد گومانم هەبێ – وە ئەوەش هەمووی هەر لەبەرئەوەی -!

**هیلدە** وەك ئەوەی هەستی بە شتێك کردبێ

لەبەرئەوە -؟ هەر ئێستا پێم بڵێ!

**ڕاگنار**

لەبەرەئەوەی ئەو لای خۆی بهێڵێتەوە.

**هیلدە** لەپڕا لێی دەچێتە پێشەوە

خاتوونەکەی نووسینگەکە!

**ڕاگنار**

بەڵێ.

**هیلدە** بە هەڕەشەکردنەوە، بەدەستی نووقاوەوە

ئەوە ڕاست نییە! ئێوە درۆی بە دەمەوە دەکەن!

**ڕاگنار**

منیش هەتا ئەمڕۆ باوەڕم بەوە نەدەکرد – هەتا ئەو خۆی گوتی.

**هیلدە** بە تووڕەییەوە

چی گوت! دەمەوێ بزانم! هەر ئێستا! هەر ئێستا!

**ڕاگنار**

ئەو گوتی، سوڵنێس هۆشی بردووە – بە تەواوەتی. بیری ئەوی هەموو بە تەنها بۆ خۆی ڕاکێشاوە. دەڵێت، ئەو هەرگیز ناتوانێت واز لە سوڵنێس بهێنێت. ئەو دەیەوێت لێرە بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئێرە ئەوی لێیە –

**هیلدە** ئاگر لەچاوی دەبارێت

ئەو خانمە بۆی نییە ئەوە بکات!

**ڕاگنار** لێی وورد دەبێتەوە

لەبەر کێ، کایایە بۆی نییە!

**هیلدە** بەپەلە

ئەویش بۆی نییە دیسان شتی وا بکات!

**ڕاگنار**

ئا نەخێر – من ئێستا بە باشی هەمووی تێدەگەم. لەمەبەدواوە کایا، هەر دەبێ – بە ئەرک.

**هیلدە**

کاتێك ئێوە شتی ئاوها دەڵێن – ئەوا ئێوە هیچ تێناگەن! نەخێر، من پێتان دەڵێم، بۆچی ئەو خەریکی کایا بووە.

**ڕاگنار**

دەی بۆچی؟

**هیلدە**

هەربۆئەوەی ئێوە لای خۆی بهێڵێتەوە.

**ڕاگنار**

ئەو خۆی ئەوەی پێ گوتون؟

**هیلدە**

نەخێر، بەڵام ئەوە ئاوهایە! هەردەبێت ئاوهاش بێت! (کێویانە) من دەمەوێت – دەمەوێت، ئەوە ئاوها بێت!

**ڕاگنار**

ئینجا ڕێک ئەوکاتەی ئێوە هاتن – ئەو دەست بەرداری ئەو بوو.

**هیلدە**

ئێوە – ئێوە بوون، ئەو دەستبەرداری بوو! باشە بە باوەڕی ئێوە، ئەوگوێ بە خاتوونانی بێگانە دەدات، ئەو؟

**ڕاگنار** بیردەکاتەوە

دەبێت ئەو لە من ترسا بێت؟

**هیلدە**

ئەو ترسابێت! پێموایە، ئێوە نابێت هێندە پەلەبکەن.

**ڕاگنار**

ئا، دەبێت ئەو زۆر دەمێك بێت لەوە تێگەیشتبێت، کە منیش بە کەڵکی شتێك دەیم. – سەبارەت بە – ترسیش – ئەو دروست ئێستا دەترسێت، با بزانن.

**هیلدە**

ئەو! ئاخر، ئادەی قەناعەتم پێ بکە!

**ڕاگنار**

بەشێوویەك لە شێوەکان، ئەو بیناسازە گەورە و گرانە، دەترسێت. ئەو لە سەندنەوەی بەختەوری ژیان لە مرۆڤی دیکە – ناترسێت. بەڵام لە سەرکەوتن بە سەر ئەسکەلەیەکی داماودا – دەکەوێتە پاڕانەوە لە خودا کە بیپارێزێت!

**هیلدە**

ئۆ، دەبوایە ئێوەش ئەوکاتە ئەوتان ببینیایە چەند بەرز سەرکەوتبوو – زۆر سەرسوورهێنەرانە [چووبووە] بەرزی، وەك من ئەو جارە ئەوم بینی!

**ڕاگنار**

ئێوە ئەوەتان بینی؟

**هیلدە**

بەڵێ، هەربەڕاستی من ئەوەم بینی. زۆر ئازاد و لەخۆ ڕازیانە، تاجەگوڵینەکەی بەلووتکەی بورجی کەنیسەکەدا هەڵواسی!

**ڕاگنار**

دەزانم، ئەو جارێك لە ژیانیدا زاتی کردووە ئەوە بکات. تەنها جارێك. ئێمەی گەنج هەمووجارێك باسی ئەوەمان کردووە. بەڵام هێز نییە لە دنیادا بتوانێت وا لەو بکات کە ئەوە دووبارە بکاتەوە.

**هیلدە**

ئەمڕۆ ئەو ئەوە دووبارە دەکاتەوە!

**ڕاگنار** بە گاڵتە پێهاتنەوە

ئاخر، بەتەما بن!

**هیلدە**

بەچاوی خۆمان دەیبینین!

**ڕاگنار**

نە ئێوە  ئەوە دەیبینن و نە منیش.

**هیلدە** بە توندی و جڵەو نەگیراوانە

من دەیبینم! هەردەمەوێت و هەردەبێت من ئەوە ببینم!

**ڕاگنار**

بەڵام ئەو ئەوە ناکات. ڕێک و ڕەوان ناوێرێ ئەوە بکات. چوونکە ئەو، ئەو عەیبەی هەیە – ئەو بیناسازە گەورەیە.

ئالینێ خانم لەناو ماڵەکەوە دێتە نێو باڵکۆنەکەوە.

**ئالینێ خانم** سەیری دەوروبەری خۆی دەکات

ئەوە لێرە نییە؟ ئەی بۆ کوێ چووە؟

**ڕاگنار**

بیناساز لەوێیە لەلای کرێکارەکانە.

**هیلدە**

بە تاجەگوڵینەکەوە ڕۆیشت.

**ئالینێ خانم** بە ترسەوە

بە تاجەگوڵینەکەوە ڕۆیشت! ئۆی، خوایە گیان – ئۆی خوایە گیان! برۆڤیك – دەبێت بچنە خوارەوە بۆ لای! بزانن بیهێنە سەرەوە بۆ ئێرە!

**ڕاگنار**

ئەی پێی بڵێم، خانم دەخوازێت قسەتان لەگەڵ بکات؟

**ئالینێ خانم**

ئا بەڵێ، ئازیزم، پێی بڵێ. – نا، نا – مەڵێ، کە من هیچم لەو دەوێت! دەتوانن پێی بڵێن، شتێك هەیە و پێویستە ئەو خێرا بگاتە جێ.

**ڕاگنار**

باشە. خانم، وا دەکەم.

ڕاگنار بە پلیکانەکەدا دەچێتە خوارەوە و لە باخچەکەوە دیار نامێنێ.

**ئالینێ خانم**

ئاخ، خاتوو ڤانگل، ئێوە بۆتان وێنە نیان ناکرێت، من بە هۆی ئەوەوە بەرگەی چ ترسێکم گرتووە.

**هیلدا**

بەڵام ئایە ئەمە شتێکە کە هێجگار هێندە لێی بترسن؟

**ئالینێ خانم**

ئا، بەڵێ، ئێوە خۆتان باش لەوە تێدەگەن. هەرییر لەوەبکەرەوە، ئەگەر ئەو ئەوە بکات بەڕاست! بێ بە خەیاڵیدا بە ئەسکەلەکەدا سەرکەوێتە سەرەوە!

**هیلدە** هەست وروژاوانە

لەوباوەڕەدان ئەو ئەوە بکات

**ئالینێ خانم**

ئۆف، هەرگیز کەس نازانێت، ئەو چی بە مێشکدا دێت. ئەو زۆرچاك هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە.

**هیلدە**

ئەها. ئێوە ڕەنگە پێتانوابێت، کە ئەو، ئاوها -؟

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، من چیدی نازانم، باوەڕ بەچی ئەو بکەم. چوونکە دکتۆر زۆر زۆری بۆ باسکردووم. ئینجا کاتێک لەگەڵ شتێك لێرە و شتێك لەوێدا، کە من گوێم لەخۆی بووە گوتویەتی، کۆیاندەکەمەوە –

دکتۆر هەرداڵ لە نێو دەرگاکەوە تەماشا دەکات.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەم زووانە ئەو ناگەڕێتەوە؟

**ئالینێ خانم**

با، بەعەقڵم دێت. لە هەموو حاڵەتێکدا ناردوومە بە دوایدا.

**دکتۆر هەرداڵ** نزیکتر دەبێتەوە

بەڵام ئێوە دەبێت بچنە ژوورەوە، خانم –

**ئالینێ خانم**

نەخێر، نەخێر. من لێرە دەبم و چاوەڕێی هاڵڤارد دەکەم.

**دکتۆر هەرداڵ**

بەڵێ بەڵام هەندێ خانم هاتوون بۆ لاتان –

**ئالینێ خانم**

ئۆی خوایە گیان، ئەوەش! ئینجا دروست لەم کاتەدا!

**دکتۆر هەرداڵ**

چەند کەسێکن، دەڵێن، دواجار هەردەبێت ئەو جوانکارییە ببینن.

**ئالینێ خانم**

بەڵێ – بەڵێ، کەواتە با لەگەڵ ئەوەشدا بچمە ژوورەوە بۆ لایان. چوونکە ئەوەش ئێدی ئەرکی منە.

**هیلدە**

ئەی ناتوانن داوا لەو خانمانە بکەن بڕۆن بە ڕێی خۆیانەوە؟

**ئالینێ خانم**

نەخێر. مەحاڵە. مادام ئەوان هاتوون بۆ ئێرە، ئەوە ئێدی ئەرکی منە پێشوازیان لێ بکەم. بەڵام گەر ئێوە تا ئەوکاتە لێرە مانەوە – پێشوازی لێ بکەن، کە هات.

**دکتۆر هەرداڵ**

ئینجا بزانم هەتا بکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر بە قسەوە خەریکی بکەم –

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، وابکەن، خاتوو ڤانگلە ئازیزەکەم. تووند هێندەی دەتوانن بیگرن.

**هیلدە**

ڕاستر وا نییە کە ئێوە خۆتان ئەوە بکەن؟

**ئالینێ خانم**

با، خوایە گیان – ئەوە خۆی ئەرکی من بوو. بەڵام کاتێك کەسێك لە چەند لایەکی زۆرەوە ئەرکی دی بۆ پەیدا دەبێت، ئێدی –

**دکتۆر هەرداڵ** بەرەو باخچەکە دەڕوانێت

ئەوەتا ئەوا هات!

**ئالینێ خانم**

ئینجا بزانە – من، دەبێت بچمە ژوورەوە!

**دکتۆر هەرداڵ** ڕەووەو هیلدە

هیچ مەڵێ، کە من لێرەم.

**هیلدە**

نەخێر! شتێکی دی هەر دەدۆزمەوە کە لەگەڵ بیناسازدا قسەی لەبارەوە بکەم.

**ئالینێ خانم**

ئینجا هەرگیز ئەوە لە بیر نەکەن تووند بیگرن. پێموابێ، ئێوە باشترین کەسن بتوانن ئەوە بکەن.

ئالینێ خانم و دکتۆر هەردال دەچنە نێو ماڵەکەوە. هیلدە لە باڵکۆنەکەدا ڕادەوەستێ.

وەستا سوڵنسی بەنا لە باخچەکەوە بە پلیکانەکەدا دێتە سەرەوە.

**سوڵنێس**

بیستم، کەسێك هەیە لێرە، منی دەوێت.

**هیلدە**

بەڵێ ئا، ئەوە منم، بیناساز.

**سوڵنێس**

ئۆ، ئەو کەسە ئێوەن، هیلدە. ترسام، ئالینێ و دکتۆر بن.

**هیلدە**

ئێوە هێجگار لەوان دەترسن!

**سوڵنێس**

کەواتە ئێوە لەو باوەڕە دان؟

**هیلدە**

بەڵێ، خەڵك دەڵێن، ئێوە لە گاگۆڵکێ کردن بەم دەورووبەرەدا – وەك بە ئەسکەلە سەرکەوتندا دەترسن.

**سوڵنێس**

ئێ، ئێستا ئەوە بابەتێکە بۆ خۆی. ئەوە.

**هیلدە**

بەڵام کەواتە ئێوە – ترستان لەوە هەیە؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، ترسم لێی هەیە.

**هیلدە**

ترس لەوەی، بکەونە خوارەوە و بمرن؟

**سوڵنێس**

نەخێر، لەوە ناترسم.

**هیلدە**

بەڵام ئەی لەچی ئیتر؟

**سوڵنێس**

من لە تۆڵە سەندنەوە دەترسم، هیلدە.

**هیلدە**

لە تۆڵە سەندنەوە؟ (سەر ڕادەوەشێنێ) من لەوە تێناگەم.

**سوڵنێس**

دانیشن. با من شتێکتان بۆ بگێڕمەوە.

**هیلدە**

بەڵێ، ئادەی! هەر ئێستا!

هیلدە لەسەر ئەسکەملێك بە تەنیشت مێردڕەوەی باڵکۆنکەوە دادەنیشێت و بە چاوەڕوانکردنێکی زۆرەوە تەماشای دەکات.

**سوڵنێس** شەپقەکەی فڕێدەداتە سەر مێزەکە

ئێوە دەزانن، یەکەم شت، کە من دەستم پێیکرد، ئەوە بیناکردنی کەنیسەکان بوو.

**هیلدە** سەردەلەقێنی

زۆر باش من ئەوە دەزانم.

**سوڵنێس**

چوونکە با بزانن، من بە ڕەچەڵەك کوڕی ماڵێکی ئیمانداری گووندی بووم. لەبەرئەوە پێموابوو، بیناکردنی کەنیسە، بەنرخترین شتە، کە من بتوانم هەڵیبژێرم.

**هیلدە**

بەڵێ، بەڵێ.

**سوڵنێس**

ئینجا دەتوانم بڵێم، من هەموو کەنیسە بچکۆلە، هەژارانەکانی ئێرەم بە بیرو هۆشێکی ڕاستەقینە و گەرم و لە ناخەوە هەڵقوڵاوەوە دروستکرد، کە – کە –

**هیلدە**

کە -؟ چی؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، کە من پێموابوو، ئەو دەبوایە لێم ڕازیبوایە.

**هیلدە**

ئەو؟ ئەو کێیە؟

**سوڵنێس**

ئەو، ئەوەی ئەو کەنیسانەی دەویست، ئیترا ئەوەی، ئەوان لە پیناو بەدەست هێنانی شەرەف و ستایشدا خزمەتی دەکەن.

**هیلدە**

ئێ دەی! بەڵام ئایا ئێوە دڵنیان لەوەی، کە - وەك بڵێی – ئەو لێتان ڕازی نەبوو بێت؟

**سوڵنێس** بەگاڵتەجارییەوە

ئەو لە من ڕازی بێت؟ چۆن قسەی ئاوها دەکەن، هیلدە؟ ئەو، کە ڕێی بە هەژمووونی دێوەکەی ناخم دا، وەك خۆی دەیویست، بەو شیوەیە. ئەو، کە فەرمانی پێیانکرد شەو و ڕۆژ ئامادەبن لە پێناو خزمەتکردنی مندا. – هەموو ئەو – هەموو ئەو –

**هیلدە**

ئەهریمەنانە –

**سوڵنێس**

بەڵێ، هەموو جۆرەکانیان. ئۆ نەخێر، من ئێدی هەستم بەوەکرد، کە ئەو لە من ڕازی نییە. (بە لوغز و سرێکەوە) بزانە، ڕاستییەکە ئەوەبوو بۆیە ئەو لێگەڕا ئەو ماڵە کۆنە بسووتێ.

**هیلدە**

ئەوە لەبەر ئەوە بوو؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، بۆ ئێوە لەوە تێناگەن؟ ئەو دەیویست، من ئەو دەرفەتە بەدەست بهێنم تا ببمە پسپۆڕ لە بوارەکەی خۆمدا – و کەنیسە زۆری شەرفمەندانەتری بۆ بینا بکەم. لەسەرتەتادا من تێنەگەیشتم، ئەو بەتەمای چییە. بەڵام پاشان یەکسەر تێگەیشتم مەبەستی ئەو چییە.

**هیلدە**

ئەوە چ کاتێك بوو؟

**سوڵنێس**

ئەوکاتە بوو، کە من بورجی کەنیسەکەم لە لیسەنگەر لە باکور بیناکرد.

**هیلدە**

منیش خەیاڵم بۆ ئەوە چوو.

**سوڵنێس**

چوونکە، دەبینن، هیلدە، لەسەرەوە لەو شوێنە نامۆیەدا، لەوێ زۆر بە بەردەوامی ڕادەمام و لەگەڵ خۆم دەم خەملاند. ئەوکاتە زۆر باش تێگەیشتم، بۆچی ئەو منداڵە بچکۆلەکانمی لێ ستاندم. ئەوە لەبەرئەوە بوو من هیچی دیکەم نەبێت سەرقاڵی بم. هیچ شتێکی دی، وەك خۆشەویستی و بەختەوەری، تێگەیشتن؟ من هەر دەبوایە بیناسازبم. هیچی تر. ئینجا دەبوایە من هەموو ژیانم تەرخانکردایە تەنها بۆ بیناکردن بۆ ئەو. (پێدەکەنێ) بەڵام ئەوە هیچی لێ سەوز نەبوو!

**هیلدە**

ئەی ئێوە چیتان کرد ئیتر؟

**سوڵنێس**

سەرەتا پشکنینم کرد و خۆم تاقیکردەوە –

**هیلدە**

ئێ ئینجا؟

**سوڵنێس**

پاشان کارێکی مەحاڵم کرد. منیش وەك ئەو.

**هیڵدە**

مەحاڵ!

**سوڵنێس**

من پێشتر هەرگیز نەم دەتوانی بەرگەی سەرکەوتنە سەرەوە و بە ئازادانە چوونە حەواوە بگرم. بەڵام ئەو ڕۆژە توانیم ئەوە بکەم.

**هیلدە** بەرزدەبێتەوە

بەڵێ، بەڵێ، ئێوە، توانیتان!

**سوڵنێس**

ئەوکاتەی تەواو لە سەری سەرەوە وەستام و تاجەگوڵینەکەم بە لووتکەی بورجەکەدا هەڵواسی، ئینجا بەوم گوت: گوێبگرە، تۆ ئەی هێزدارا! من لەمڕۆ بەدواوە دەخوازم بیناسازێکی ئازاد بم لە بوارەکەی خۆمدا، منیش. هەروەکو تۆ لە بواری خۆتتدا. من ناخوازم هەرگیز چیدی کەنیسە بۆ تۆ دروستکەم. [دەخوازم] تەنها ماڵ بۆ مرۆڤ [دروست بکەم].

**هیلدە** بە چاوی گەورە و دەرپۆقیوەوە

ئەوە ئەو گۆرانییە بوو، کە باکە دای بە گوێمدا!

**سوڵنێس**

بەڵام دوای ئەوە، ئیتر ئەوکەتە ئاش بۆ نانەوە.

**هیلدە**

مەبەستان لە ئاش بۆ نانەوە چییە؟

**سوڵنێس** بە دڵنەوایی دانەوە تەماشای دەکات

ئەوەی، ماڵ بۆ مرۆڤ دروستکردن – قڕانێک ناهێنێ هیلدە.

**هیلدە**

ئێستا ئێوە ئەوە دەڵێن؟

**سوڵنێس**

بەڵێ، چوونکە ئێستا من دەبینم، مرۆڤەکان، پێویستیان بەم ماڵانەی خۆیان نییە. بۆئەوە نا تا بەختەوەر بن، نا. منیش دیسان پێویستیم بە ماڵێکی ئاوها نییە. ئەگەر من خاوەنی شتێك بوومایە. (بە پێکەنینێکی تاڵی بێ دەنگەوە) بڕوانە، دەرئەنجامەکە هەمووی ئەوەیە، چەند دوور من بەرەو دواوە دەڕوانم. هەر لە بنەڕەتەوە هیچ بەڕاستی دروست نەکراوە. وە هیچ هەوڵ و قوربانیەکیش لە پێناو دروست کردنی شتێکی ڕاستدا نەدراوە. هەموو [ئەوەی تا ئێستا کراوە] بۆش و هیچە.

**هیلدە**

کەواتە ئێوە ناخوازن لێرە بەدواوە هیچ دروست بکەن؟

**سوڵنێس** بە وزەوە

با، من دروست ئێستا دەخوازم دەست پێ بکەم!

**هیلدە**

دەست بەچی؟ دەست بەچی؟ هەر ئێستا پێم بڵێ!

**سوڵنێس**

بەو تەنها شتەی، کە بە باوەڕی من، بەختەوەری مرۆڤ لە نێویدا جێگەی دەبێتەوە – دەخوازم ئەوە دروست بکەم.

**هیلدە** زەق تەماشای دەکات

بیناساز – تۆ مەبەستت کۆشکە خەیاڵییەکەی خۆمانە.

**سوڵنێس**

کۆشکە خەیاڵییەکە، بەڵێ.

**هیلدە**

دەترسم، پێش ئەوەی بگەینە نیوەی، ئێوە تووشی سەرەسوڕکێ بن.

**سوڵنێس**

ئەگەر من دەست لە نێو دەست لەگەڵ ئێوەدا بڕۆم، تووشی سەرەسوڕکێ نایەم، هیلدە.

**هیلدە** بە شاردنەوەی تووڕە بوونێکەوە

تەنها لەگەڵ من؟ ئەی چەند یاوەرێکمان لەگەڵ نەبێت؟

**سوڵنێس**

مەبەستان، کێی کەیە؟

هیلدە

ئۆ – ئەو خانمە، ئەوەی ئۆفیسەکە کایا. ئەو داماوە – ئەی ناخوازن ئەویشتان لەگەڵ بێت؟

**سوڵنێس**

ئۆهۆ. ئەوە ئەو بوو، ئالینێ دانیشتبوو لێرە لەبارییەوە قسەی بۆتان دەکرد.

**هیلدە**

وایە ئەوە یان نا؟

**سوڵنێس**

من وەڵامی شتی ئاوهاتان نادەمەوە! پێویستە ئێوە تەواو باوەڕم پێبکەن!

**هیلدە**

بۆ ماوەی دە ساڵ من تەواو باوەڕم پێ کردن.

**سوڵنێس**

ئێوە نابێت باوەڕتان بە من کەچ بێت!

**هیلدە**

دەکەواتە ئیتر با ئازادانە لەسەروە بە بەرزاییەوە بتان بینم!

**سوڵنێس** بە توندی

ئۆ، هیلدە – من بەکەڵکی ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی نایەم.

**هیلدە** بە سۆزەوە

من ئەوەم دەوێت! من ئەوەم دەوێت! (بە پاڕانەوەوە) تەنها یەك جاری تر، بیناساز! ئەو مەحاڵە دووبارە بکەرەوە!

**سوڵنێس** ڕادەوەستێ و قووڵ تەماشای دەکات

ئەگەر من ئەوە تاقی بکەمەوە، هیلدە، ئەوا دەخوازم وەك جاری پێشوو لەسەرەوە بووەستم و قسەی لەگەڵ بکەم.

**هیلدە** بە ووروژاندنێکی وورده وورده سەرکەوتووانەوە

دەتانەوێ چی پێ بڵێن!

**سوڵنێس**

دەمەوێ پێی بڵێم: گوێم لێ بگرە، خوای گەورە و بەتوانا – تۆ ئێستا دەتوانیت هەرچۆنێک بخوازیت خۆت حوکم بەسەر مندا بدەیت. بەڵام لێرە بەدواوە من هەر دەخوازم خۆشترین بینا لە دنیادا دروستبکەم –

**هیلدە** بە خۆشحاڵییەوە

بەڵێ – بەڵێ – بەڵێ!

**سوڵنێس**

لەگەڵ شازادە خانمێکدا، کە من خۆشم دەوێ، پێکەوە ئەو شوێنە دروست بکەین–

**هیلدە**

بەڵێ، ئەوەی پێ بڵێ! وای پێ بڵێ!

**سوڵنێس**

بەڵێ. ئینجا دەخوازم پێی بڵێم: ئێستا دەچمە خوارەوە و باوەشی پێدا دەکەم و ماچی دەکەم –

**هیلدە**

- پێێ بڵێ! زۆر زۆر ماچی دەکەم!

**سوڵنێس**

- زۆر، پێی دەڵێم، زۆر زۆر.

**هیلدە**

ئێ ئینجا -؟

**سوڵنێس**

ئینجا شەپقەکەم لەهەوادا هەڵدەسوڕێنم بۆ سڵاوکردن و – دێمە خوارەوە بۆ سەر زەوی و – ئەوەی کە من پێیم گوت دەیکەم.

**هیلدە** به باوەش بۆ کردنەوەوە

ئێستا من دووبارە ئێوە دەبینمەوە، وەك گۆرانی نێو باکەی ئەو کاتە!

**سوڵنێس** بەسەری شۆڕەوە تەماشای دەکات

چۆنچۆنی ئێوە ئاوهاتان لێهات، وەك کە هەن، هیلدە؟

**هیلدە**

چۆنچۆنی ئێوە ئاوهاتان لێکردم، وەك ئەوەی کە هەم؟

**سوڵنێس** کورت و جێگیر

شازادە خانم کۆشکەکەی خۆی دەوێت.

**هیلدە** بە خۆشحاڵییەوە، بە دەستەکانی چەپڵە لێ دەدات

ئۆ، بیناساز -! کۆشەکە نایابە، خۆشەکەم. کۆشکە خەیاڵییەکەی خۆمان!

**سوڵنێس**

لەسەر بناغە هەڵچنراو.

لە شەقامەکەدا خەڵکێکی زۆر کۆبووەتەوە، لە نێو دارەکانەوە بە ناڕوونی دەبینرێن. مۆسیقای ئامێرە فودارەکان لە پشت ماڵە تازەکەوە دێتە گوێ.

ئالینێ خانم، ئێخەیەکی چەرمینی لەدەوری ملی پێچاوە، دکتۆر هەردالْ، شاڵە سپییەکەی ئالینێ خانمی داوە بەسەر قۆڵیدا، هەندێ ئافرەتیش دێنە دەرەوە بۆ نێو باڵکۆنەکە. ڕاگنار برۆڤیك هاوکات لە نێو باخەکەوە دێتە سەرەوە.

**ئالینێ خانم** ڕوودەکاتە ڕاگنار

تیپی مۆسیقاش هاتوون؟

**ڕاگنار**

بەڵێ. ئەوە سەندیکای کارێکارانی بیناسازین. (ڕوودەکاتە سوڵنێس) من دەمویست بڵێم سەرۆک ئامادەیە بە تاجە گوڵینەکەوە سەرکەوێتە سەرەوە.

**سوڵنێس** شەپقەکەی دادەکەنێ

چاکە. من خۆم دەچمە خوارەوە.

**ئالینێ خانم** بە ترسەوە

چیت لە خوارەوە دەوێت، هاڵڤارد؟

**سوڵنێس** بە کورتی

من پێویستە لەخوارەوە بم لەلای خەڵکەکان.

**ئالینێ خانم**

بەڵێ، لەخوارەوە، بەڵێ. تەنها لە خوارەوە.

**سوڵنێس**

من خۆ ڕۆژانە هەروا دەکەم.

بە پلیکانەکەدا دەچێتە خوارەوە و لەباخەکە دووردەکەوێتەوە.

**ئالینێ خانم** لە مێردڕەوەکەوە هاواری لێ دەکات

بەڵام داوا لەو پیاوە بکە دواجار، کە لەسەر خۆ بێت، کاتێك کە سەردەکەوێتە سەرەوە! بەڵێنم بدەرێ کە ئەوەی پێ دەڵێیت، هاڵڤارد!

**دکتۆر** ڕوو دەکاتە ئالینێ خانم

ئەوا دەبینن، من ڕاستم یان نا؟ ئەو چیدی بیر لە کاری شێتۆکانە ناکاتەوە.

**ئالینێ خانم**

ئۆ، چەند سەرشانم سوك بوو! دووجار لەوێوە خەڵك کەوتووتە خوارەوە. هەردوو جارەکەش ئەو کەسانە دەست بەجێ لەوێدا گیانیان دەرچووە. (ئاوڕ لە هیلدە دەداتەوە) سوپاس بۆ تۆ، خاتوو ڤینگل، کە نەتهێشت ئەوە بکات. بە دڵنیاییەوە من هەرگیز ئەوم لەسەر ئەو بیرۆکەیە بۆ لانەدەبرا.

**دکتۆر هەرداڵ** زیتەڵانە

بەڵێ، بەڵێ، خاتوو ڤانگل، ئێوە دەزانن چۆن کەسێك ڕاگرن، ئەگەر بەڕاستی ئێوە خۆتان ئەوە بخوازن!

ئالینێ خانم و دکتۆر دەچن بۆ لای خانمەکان، کە لەلای پلیکانەکەوە وەستاون و تەماشای دەرەوەی باخەکە دەکەن. هیلدە لەبەردەم مێردڕەوەکەدا وەستاوە. ڕاگنار دەچێت بۆ لای.

**ڕاگنار** پێکەنینەکەی دەگرێ، بەدەنگێکی مام ناوەندی

خاتوون – ئەو هەموو خەڵکە گەنجانەی سەر شەقامەکە دەبینن؟

**هیلدە**

بەڵێ.

**ڕاگنار**

ئەوانە ئەو هاوڕێیانەن، هاتوون تەماشای وەستا بکەن.

**هیلدە**

دەخوازن تەماشای چی ئەو بکەن؟

**ڕاگنار**

دەخوازن تەماشای ئەوە بکەن، کە ئەو چۆن ناوێرێت سەرکەوێتە سەر ماڵی خۆی.

**هیلدە**

نا، ئەو کوڕانە، دەخوازن ئەوە ببینن!

**ڕاگنار** تووڕە و بە گاڵتەپێکردنەوە

ماوەیەکی زۆرە ئەو ئێمەی لە خوارەوە قەتیسکردوە. ئێستا ئیمە دەخوازین سەیرکەین، [تا] ئەویش بفەرموێت لە خوارەوە قەتیس بێت.

**هیلدە**

ئێوە ئەمجارە ئەوە نابینن، نا.

**ڕاگنار** زەردەخەنەیەک دەکات

ئاوها؟ ئەی لە کوێ ئێمە ئەو دەبینین؟

**هیلدە**

بەرز – بەرز لەسەرەوە لەنزیک [تیری] هەواپێوەکەوە ئێوە ئەو دەبینن!

**ڕاگنار** پێ دەکەنێت

ئەوا! ئاخر، لەو باوەڕەدا بن!

**هیلدە**

ئەو دەخوازێت بگاتە لووتکە. کەواتە ئێوە لە وێشدا دەیبینن.

**ڕاگنار**

بەڵێ، ئەو ئەوە دەخوازێت، بەڵێ! منیش زۆر لەو باوەڕەدام. بەڵام ڕاشکاوانە دەیڵێم ئەو ناتوانێت ئەوە بکات. زۆر پێش ئەوەی بگاتە نیوەی، تووشی سەرەسوڕکێ دەبێت. دەبێت دووبارە بە بە گاگۆلکێ لەسەر دەست و ئەژنۆ بێتەوە خوارێ!

**دکتۆر هەرداڵ** بە پەنجە ئاماژە دەکات

بڕوانن! ئەوە سەرۆکە بەسەر پەیژەکەندا سەردەکەوێتە سەرەوە.

**ئالینێ خانم**

ئینجا تاجە گوڵینەکەشی هەڵگرتووە. ئۆ، هەر ئاگای لە خۆی بێت!

**ڕاگنار** باوەڕ نەکردووانە تەماشا دەکات و هاوار دەکات

بەڵام خۆ ئەوە -!

**هیلدە** بە کەیف و شادییەوە

ئەوە خۆ بیناساز خۆیەتی!

**ئالینێ خانم** لە ترساندا هاوار دەکات

بەڵێ، ئەوە هاڵڤاردە! ئۆ، خوای گەورە -! هاڵڤارد! هاڵڤارد!

**دکتۆر هەرداڵ**

ووس! هاواری لێ مەکە!

**ئالینێ خانم** نیوە لەسەر خۆ چووانە

دەمەوێ بچم بۆ لای ئەوا! دووبارە بی هێننە خوارەوە!

**دکتۆر هەرداڵ** دەیگرێ

بێ جووڵە هەمووتان بووەستن! دەنگتان نەیەت!

**هیلدە** بەبێ جووڵە، بە چاو یاوەری جووڵەکانی سولنێس دەکات

ئەو هەر سەردەکەوێ و سەردەکەوێ. بەردەوام بەرەو بەرزایی. بەردەوام بەرەو بەرزایی! بڕوانن! هەر بڕوانن!

**ڕاگنار** هەناسە سوارانە

پێویستە دووبارە بێتەوە خوارێ. هیچ ئامۆژگارییەکی دیکە نییە.

**هیلدە**

ئەو هەر سەردەکەوێ و سەردەکەوێ. ئێدی بەم زووانە لەسەرەوەیە.

**ئالینێ خانم**

ئۆ، من لەترساندا دەمرم. من بەرگەی سەیرکردنی ئەوە ناگرم!

**دکتۆر هەرداڵ**

کەواتە تەماشای مەکە.

**هیلدە**

ئەوە ئەو لەسەر تەختەی سەری سەرەوە وەستا! تەواو لە لووتکەدا.

**دکتۆر هەرداڵ**

کەس نەجوڵێتەوە! گوێتان لێیە!

**هیلدە** لە ناخەوە کەیف و شادی پێوە دیارە

دواجار! دواجار! وا من ئێستا دووبارە ئەو گەورە و ئازاد دەبینم!

**ڕاگنار** تاڕادەیەك شڵەژاو

بەڵام ئا ئەمە ئیتر –

**هیلدە**

لە تەواوی ئەو دە ساڵەدا من ئاوها ئەوم بینوە. چەند ئاسوودە وەستاوە! لەگەڵ ئەوەشدا [ئەمە] زۆر وورووژێنەرە! تەماشای کەن! ئێستا تاجەگوڵینەکە بە لووتکەی بورجەکەدا هەڵدەواسێ!

**ڕاگنار**

ئەمە وەك ئەوە وایە وەستابیت و لە شتێکی تەواو مەحاڵ بڕوانیت.

**هیلدە**

بەڵێ، ئەوە مەحاڵە، ئەوەی، ئەو ئێستا دەیکات! (بە دەربڕینە ناڕوونەکەی نێو چاوەکانییەوە) کەسی دیکە لەسەرەوە لەگەڵ ئەو دەبینن؟

**ڕاگنار**

کەسی دیکەی لێ نییە.

**هیلدە**

با، یەکێکی لێیە، ئەو لەگەڵیدا دەمەقاڵێیەتی.

**ڕاگنار**

ئێوە بە هەڵەدا چوون.

**هیلدە**

ئەی کەواتە گوێتان لە گۆرانیەکەی ئاسمانیش نییە؟

**ڕاگنار**

دەبێ ئەوە شنە شنی چڵی سەرەوەی درەختەکان بێت.

**هیلدە**

من گوێم لە گۆرانییە. گۆرانییەکی گەورە! (لە کەیف و شادییەکی کیویانەدا هاواردەکات) بڕوانن! بڕوانن! وا ئێستا ئەو شەپقەکەی هەڵدەسوڕێنێت بۆ سڵاوکردن! سڵاو لێرە لە خوارەوە دەکات! ئـۆ، دەی ئێوەش دووبارە سڵاوی بسەننەوە. چونکە ئێستا، ئێستا ئێدی کۆتایی پەیامە! (شاڵە سپییەکە لە دەکتۆر دەڕفێنێ، بەرزی دەکاتەوە و ڕای دەوەشێنێ و هاوار دەکات) هـووڕڕا بۆ وەستا سوڵنێسی بیناساز!

**دکتۆر هەرداڵ**

لێی گەڕێ! لێی گەڕێ! بۆ خاتری خودا -!

ئافرەتەکانی سەر باڵکۆنەکە دەسەسڕەکانیان لە هەوادا ڕادەوەشێنن و هات وهاواری هوڕا کردن لە خوارەوە لەسەر شەقامەکە دەبیسترێت. لەپڕێکدا بێدەنگی و حەشاماتەکە لە ترساندا دەقیژێنن. تارمایی لاشەی مرۆڤێك لەگەڵ تەختە و قەدی درختدا دەبینرێ، کە بەردەبنەوە خوارێ بۆ نێو درەختەکان.

**ئالینێ خانم** و **ئافرەتەکان هاوکات**

کەوتە خوارەوە! کەوتە خوارەوە!

ئالینێ خانم هاوسەنگی تێک دەچێت، بەتووندی بە پشتدا دەکەوێت و ئافرەتەکان بەدەم هاوار و شڵەژانەوە دەیگرنەوە.

خەڵکە زۆرەکەی سەر شەقامەکە پەرژینەکە دەشکێنن و بە تەوژم دێنە نێو باخەکەوە. دکتۆر هەرداڵ بەهەمان شێوە بە پرتاو دەچێتە خوارەوە. وەستانێکی کورت.

**هیلدە** ڕەپ تەماشای سەرەوە دەکات، وەک بووبێ بەبەرد و دەڵێ

سەروەرم.

**ڕاگنار** بەدەم هەڵ لەرزینەوە خۆی بە مێردڕەوەکەوە دەگرێ

دەبێ تێکشکابێت. هەر لەوێدا مردبێت.

**یەکێك لە ئافرەتەکان** لەوکاتەدا کە ئالینێ خانم هەڵدەگیردرێ بۆ نێو ماڵەکە

ڕاکە خوارەوە بۆ لای دکتۆر –

**ڕاگنار**

ناتوانم پێ بجوڵێنم –

**ئافرەتێکی دیکە**

دە بانگ لە یەکێك بکە لە خوارەوە!

**ڕاگنار** هاوار دەکات

چۆنە؟ ماوە؟

**دەنگێك لە خوارەوە** لە نێو باخەکەوە

وەستا سوڵنێسی بیناساز مرد!

**هەندێ دەنگی** دی نزیکتر

مێشکی پژاوە - کەوتووەتە نیو بەردەڵانە لە ڕەوەز بڕاوەکانەوە.

**هیلدە** ئاوڕ بەرەو ڕاگنار دەداتەوە و بە هێواشی دەڵێت

ئێستا من ئەو لەوێ لەسەرەوە نابینم.

**ڕاگنار**

ئەمە کارەساتە. کەوابوو ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا نەشکا.

**هیلدە** وەک ئەوەی بە هێواشی هەست بە سەرکەوتنێکی گومڕابووانە بکات

بەڵام ئەو گەیشتە لووتکە. من گوێم لە دەنگی چەنگ ژەنین بوو لە هەوادا. ( شاڵەکە بەرز لە هەوادا ڕادەوەشێنێ و لە ناخەوە کیویانە هاواردەکات) وەستا بیناسازەکەی – خۆم – وەستا بیناسازەکەم!

**هاودەم ساڵح جاف**

**سلێمانی**

**٢٠٢٥/١١/٣**